# دەروازەیەك
# بۆ
# زانست و تیۆری ئابووری

# دەروازەیەک
# بۆ
# زانست و تیۆری ئابووری

**سلێمان رەحیمی**

**داڕشتنەوەو ویراستاری**

**مستەفا غەفوور**

**٢٠١٢**

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **دەروازەیەك بۆ زانست تیۆری ئابووری**
- **نووسین و ئامادەکردن:** سلێمان رەحیمی
- **دارشتنەوەو ویراستاری:** مستەفا غفور
- **نەخشەسازی ناوەوە:** رێدار جەعفەر
- **بەرگ: جێگر عەبدولجەبار**
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٢
- **تیراژ:** ٧٥٠ دانە
- **چاپخانەی: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**
- **لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢١٤) ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٦٣)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

خوێنەری بەڕێز ........................................................................................ ٩
زانستی ئابووری، هەبوون و پێویستبوون ........................................ ١١
ئەو کەرتانەی کە زانستی ئابووری لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکات.................. ١٥
جۆری مۆدێلێکی ئابووری و کەرتەکانی پەیوەندیدار ........................ ١٨
دوو فاکتەر بنەڕەتی لە بازرای کاڵا .................................................... ١٩
کەرتەکانی بەشداری بازاڕی پێشکەکردن و داوا لەسەر کاڵا ........................ ٢٤
کەرتی تایبەت و بەرهەم هێنەری کاڵا و ناوەندی لێکۆڵینەوە.......................... ٢٥
بەرهەمهێنان و کار و سەرمایە و سەرچاوەکانی سروشتی ............................ ٢٨
میکانیزم و رەوتی بازاڕ، خاڵی هاوتا، شوێنی دروستبوونی نرخ ...................... ٢٩
داهاتی وڵات، یاخود داهاتی گشتی ................................................... ٣٧
پێویستیەکانی بەکاربەریی هاوڵاتی یاخود بەکاربەریی گشتی ...................... ٣٩
پاشەکەوتی گشتی دراو ........................................................... ٤٦
رێباز یان نیزامی باجی.............................................................. ٥٥
رێباز یاخود سیستەمی باجی ......................................................... ٥٥
ئابووری زەبەلاح، ماکرۆ، ئابووری باڵا ................................................. ٥٩
هێزی کار و سەرمایە ................................................................. ٧٧
بێکاری لە مۆدێلێکی ئابووریدا ....................................................... ٧٩

ڕووداوەی یەکەمی دروستبوونی بێکاری................................. ٧٩
جۆری دووهەمی بێکاری ................................................. ٨٠
دراو و نرخی هەڵاوسانی ئابووری ...................................... ٨٥
سیاسەتی پارە و رۆڵی سوودی پارە .................................... ٩٢
ئەرکەکانی بانکی ناوەندی یاخود بانکی مەرکەزی ....................... ٩٥
بازاڕگانی نێودەوڵەتی ................................................ ٩٦
نیشانەکانی بازاڕێکی قۆرخکراو....................................... ٩٨
مەترسییەکانی سەرمایەگوزاری دەرەکی ................................ ١٠١
مەترسی و ریسك یاخود مەترسی ئابووری وڵات.......................١٠٢

پێشکەشە:

به خوالێخشبووان دایك و باوکم

زۆر سوپاسی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی دەکەم کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

## خوێنەری بەڕێز:

کتێبی **تیۆرییە ئابوورییەکان** بەزمانی کوردی، بەرهەمی ئەزموونی بەندەیە لەمەڕ زانستی ئابووری، بانکداری و بازرگانی نێودەوڵەتی. لەم کتێبەدا، هەوڵم داوە بە زمانێکی سادە، زانستە ئابورییەکان لەمەڕ بانك و بازرگانی نێودەوڵەتی بخەمە روو، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەرکولێك لە زانستی ئابووری بکەن، هەروەها بۆ خوێندکارانی بواری ئابووری پلەکانی خوێندنی ناوەندیی، و دواناوەندیی.

بەندە لەکاتی کارکردنم لەبانك و ناسینی پەیوەندییەکانی بانکی لەبواری نێودەوڵەیی دا، لەگەڵ وڵاتانی پەیوەندیدار، هەستم کردووە ئێمەی کورد پێویستیان بە سەرچاوەی زانستییە لە بواری ئابووری دا، بەتایبەتی لەبواری بانکداری و بازرگانی نێودەوڵەتی دا. لەبەر ئەوە بڕیارمدا لانی کەم لوێچێك بخەمە سەرخەرمانی وشکەساڵی زانستی ئابووری لە کوردستان. لە لایەکی تر نووسین و لێکۆڵینەوە لە کوردستان لەسەر بانك و بانکداری و بازاری کڕین و فرۆشتن زۆر کەمن.

جگە لەوە زمان، کێشە و کەندوکۆسپی ئێجگار زۆر لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێ، سەرچاوە و پسپۆڕانی ئەو زانستەش لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەداخێکی زۆرەوە هەم کەمن و ئەگەر هەشبن دەستم پێیان رانەگەیشتووە. نەبوونی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی زانستە جیاوازەکان بەزمانی کوردی، لەناوخۆ، یان دەرەوەی وڵات، ئەویش کاری لێکۆڵینەوەی سەخت کردووە.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستە ئەم بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیان دام بۆ رەنێوهێنانی ئەم کتێبە:

- خێزانم کە بەردەوام هاوکارم بووە.
- کاك رەحمانی نەقشی کە ئەرکی داڕشتنی گرافەکانی کێشا.
- کاك مستەفا غەفوور کە ویراستاری کتێبەکەو هەمووارکردنی لە رووی زمانەوانییەوە گرتە ئەستۆ.

**سلێمانی رەحیمی**

# زانستی ئابووری

زانستی ئابووری، لێکۆڵینەوە لەسەر کردەوە، سرووشت و رەفتاری مرۆڤ دەکات. لەو بارەیەوە ئەو بارودۆخە هەڵدەسەنگێنیٚ، کە چۆن مرۆڤ هەوڵبدات بە باشترین شێوە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی بەدەست بێنێت و بەردەوام کەڵك لەو ئامرازانە وەربگرێت کە لە بەردەستییەتی بۆ وەرگرتنی بڕیار لە مەر بەدەست هێنانی ئەو کاڵایانەی نیازی پێیانە.

بەپێی زانستی ئابووری، خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا، یەکەم تێگەیشتن و پێوەری سەرەکی ئەو زانستەیە، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان لە سیستمێکی دامەزراوی ئابووریدا.بۆ ئەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی مرۆڤ بە گشتی، لە سیستمێکی ئابووریدا مەزندە بکرێت و، بتوانرێت بریار لەسەر رێژە و ئەندازەی ئاسایشی تاك بدرێت، پێویستە نیاز و پێداویستییەکان و ئامرازی گەیشتن بەو نیازانە لە بەرامبەر بەراورد بکرێن، تا چەندوچۆنی مەودای هەڵسووڕانی مرۆڤ لەو سیستمە دا بێتە دی. شارەزایانی ئابووری هەوڵدەدن لە رێگای هەڵسەنگاندنی رەفتاری مرۆڤ،، واتە شێوەی کەڵك وەرگرتنیبەکرابەری لە کالاّ و خزمەت، تێبگەن و پێویسییەکانی مرۆڤەکان بە واتەیەکی تر کالاّ و خزمەتی بەکاربەری، لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن یەکلا بکەنەوە، بۆ ئەوەی چارەیەك بۆ ئەو کێشەیە و گیروگرفتەکان پێشنیار بکەن. مۆدێلێکی ئابووری، ئاوێنەی پێداویست و نیازەکانی رۆژانەی کالاّ خزمەتەکانی مرۆڤەکانە لەکومەڵگایەك دا. مرۆڤەکان بەردەوام هەوڵ بۆ ژیانێکی باشتر و ئاسایشی ئابووری و رامیاری زیاتر دەدەن. بە واتایەکی تر، رادە و ئاستێکی بەختیاریی و خێروخۆشی کۆمەڵانی خەڵك لە سیستمێکی ئابووری ڕێکو پێك دا ئاوێنەی ئاسایش و هێمنی کۆمەڵانی خەڵکە لەو کۆمەڵگایەدا. دەتوانێتن بڵێین رادەی بەرزی ئاسایش و بەختیاریی ئابووری لە

کۆمەڵگایەکدا، نیشانەی پێشکەوتن ڕێژەی سەرەوەی و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکانە لەو کۆمەڵگایەدا.

ئەوکۆمەڵگایانەی خاوەنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ئابوورین، ئاسایشی مرۆڤەکان لەو کۆمەڵگایەدا بە بەراوردی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی ئاست و رادەیەکی نزمی ئابووریان هەیە، زۆر زیاترە. کەڵك وەرگری کاڵا و خزمەت یاخود بەکاربەرییی کاڵا لە سیستمێکی ئازادی ئابووریدا دەورێکی سەرکی دەگێڕێتت و ئاست و ڕادە و مەودای هەڵسووڕانی بەکاربەر لە سیستمێکی ئابووری نیشانەی ئاسایش و ئەمنییەتی تاك لەو ڕێبازەدا نیشان دەدات. مەودای هەڵسوڕان و راددەی گەیشتنی بە کاربەری یاخود کریاری کاڵا لە لایەك و، جۆراوجۆری کاڵا لە بازاڕی کڕین و فرۆشتن لە لایەکی تر و، مەودای ئاسانکاری بڕیاری دەرکردنی مرۆڤەکان بە واتایەکی تر ڕێژە و ئاستی کەڵك وەرگرتنی کریار لە کاڵا و خزمەت لە زانستی ئابووریدا، سەروەری و سەربەخۆیی بەکاربەری بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پێ دەوترێت.

مەودای هەڵسووڕانی بەکاربەر لە بازارەکانی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی وڵاتێك نیشانەی ئاستی کرانەوەی سیستمی ئابووری و بازاری ئازاد کرین و فرۆش و ئاست و ڕاددەی هەڵبژاردنی کەڵکوەرگری کاڵا واتە بەکاربەری لەو ڕێبازەدا دەگەیەنێت.

دەبێ ب ئاماژە ەوەشبکرێت کە مەودا و ئازادی و ئاستی هەڵبژاردنی بەکاربەری لە سیستمێکی ئابووریدا بە گشتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی ئازادیی هەڵسووڕانی مرۆڤەکان هەیە لەو سیستمەدا. لە لایەك بەکاربەری، هەوڵدەدات کاڵا و خزمەتی پێویستی و نیازەکانی خۆی، بە نرخێکی گونجاو لە بازاڕی ئازادی کاڵادا بکڕێت، و لە لایەکی تر بەرهەمهێنەری کاڵاکان تێدەکۆشێت بەرهەمەکانی خۆی لە بازاڕێکی ئازاد بە نرخێکی کەمتر لە رەکەبەرەکانی خۆی، پێشکەش بە کڕیار بکات. ئەو هەوڵدانەی هەدوولا، واتە کڕیار و فرۆشیار لە بازاڕی ئازددا، دەبێتە هۆی دروستبوونی رەکەبەرایەتی نێوان پێشکەشکاری کاڵا لە لایەك و بەکاربەری کاڵا لە لە لایەکەی تر. ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی رەکەبەرایەتی لە بازاڕی ئازادی کاڵا و لە ئاکامی

ئەو هەڵسوڕانەی نرخی کاڵا لە بازاڕی ئازادی کاڵا دروست دەبێت. ئەو رکەبەرایەتیەی بازاڕی ئازاد لە نێوان پێشکەشکاری کاڵا و خزمەت لە لایەك و، کڕیاری شتومەت و خزمەت لە لایەکی تر کە لە ڕاستیدا دەبێتە رێبازی ڕێژەی هەبوون و پێویستبوون (Supply and Demand) لە زانستی ئابووری پێی دەگوتری **میکانیزمی بازاڕی ئازاد**. ئەو میکانیزمە گرنگترین و سەرەکی تریت رەوت و سروشتی بازاڕی ئازادە. لە ئاکامی ئەو میکانیزمەدا نرخی کاڵا بە هۆی تێکئاڵقانی هێڵی ڕێژەی هەبوون و پێویستبوون (پێشکەش و داوا) دروست دەبێت، و شوێنی تێکئاڵقانی ئەو دوو هێڵە پیێ دەگوترێ **خاڵی هاوتا**، کە زانستی بنچینەیی **تیئۆری میکانیزمی بازاڕی ئازادە**، دێتە دروست بوون و نرخی کاڵاکە لە خاڵێك پێك دێت.

میکانیزمی بازاڕی ئازاد لە زانستی ئابووریدا شوێنیکی گرینگی هەیە. دواتر بە تێرو تەسەلی لە سەر ئەو بەشە، واتە میکانیزمی بازاڕ و چۆنیەتی بەدیهاتنی نرخی کاڵا دەدوێین. تاك، خێزان، کارگەکانی بەرهەمێنان یان کەرتی تایبەت و کەرتی دەوڵەت و بەشی ئابووری دەرەوە، واتە هەنارده و هاوردە کردنی کاڵا و خزمەت، دەتوانن لە مۆدێلیکی ئابووریدا بەشداری بکەن. لە زانستی ئابووریشدا وەك هەموو زانستەکانی تر، دەکری کۆمەڵێك پارامێتر لە ئارادا بن کە کاریگەر بن لە سەر ڕێبازی زانستی ئابووری، کەچی بەو حاڵشەوە لە مۆدێلێکی ئابووری دا وەلادەنرێن و لە مۆدێلەکەدا وەرناگیرێن یان ئاماژەیان پێ ناکرێت.ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو پارامیتر و پێوەرانە لە زانستی ئابووریدا گرینگ نین، تەنانەت لەو مۆدێلە قسەیان لەسەر نەکراوە و کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە، گریمان کراوە کە ئەو پارەمێترانە نەگۆردراون و ناشگۆردرێن و وەك خۆیان دەمێننەوە و ئاڵوگۆریان بە سەردا نەهاتووە و نایەت و کاریگەرییان لە سەر ئەو مۆدێلە نابێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندازە و چۆنیەتی ئەو پارامیترانە نەگۆردراوەو دەڵێین: ئەو مۆدێلەی ئابووری لە سەر بنچینەی سیتریس پاریبووس Ceteris Paribus داڕێژاوە و پەیڕەوی لەو یاسایە واتە Ceteris Paribus، دەکات.

ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەو پارامێترانەی لە مۆدێلەکەدا وەرنەگیراون وا دانراوە کە نەگورن  و وەك خۆیان دەمێننەوە، و چەند و چۆنیان ناگۆردرێت، واتە لە پێوەر قانوونی سیتریس پاریبوو  (Ceteris Paribus) کەڵك وەرگیراوە. باس و لێدوانێکی گرینگی تر لە لە زانست و ئابووریدا رێباز و پرۆسەی هەڵبژاردن یان ئینتخاب کردنە. شێوازی هەڵبژاردنی تاك لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن، رۆلێکی سەرەکی و گرینگی لە توێژینەوەی جۆری سیستەمی ئابووری وڵاتێکدا هەیە و، بەردەوام دەورێکی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی ئەو زانستە دەگێڕێت و بە پێوەرێکی گرینگ دادەنری بۆ ڕاڤەکردنی ئەو مەسەلەیە.

ڕاددەی و ئاستی فراوانی مەودای هەڵسووڕانی تاك لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەت، جگە لەوەی لە زانستی ئابووریدا گەلێك گرینگە و وەك پێوەر بایەخێکی زۆری پێدەدەرێت و، بە پێوانەی یەکلاکردنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی جۆری سیستم و ڕێبازی ئابووری وڵات دێتە ئەژماردن. لە زانیاری ئابووریدا، پێویست ناکات لیکۆڵێنەوە لەمەڕ چەندوچوونی و هۆکارەکانی هەڵبژاردەنی تاك و سەلماندنی پێداویستیەکانی جەماوەر دیار بکرێت و روونکردنەوەی لەسەر بدرێت، زانستی ئابووری تەنیا ئاماژە بە جۆر و چەشنی هەڵبژادەنەکانی تاك دەکات. لەو بەشەدا لەبەر چی تاك ئەو چەشنە هەڵبژاردنانە دەکات؟، و ئەو چێشن وسەلیقەیەی هەیە؟ و لەبەر چی تام و چێژی ئاوایە؟، زانستی لێکۆڵینەوەی ئابووری خۆی سەر قاڵی ئەو شتانە ناکات.  بۆ روون کردنەوە و لێدوانی لەسەر ئەو بەشە لە کردەوەی کڕیار، زانست و زانیارییەکانی تر بۆ نموونە، زانیاری توێژینەوەی رەفتاری و کردەوەی تاك، یان زانستی کۆمەڵناسی ئەو ئەرکە بەجێ دەهێنن. زانستی ئابووری زیاتر ئەو بەشە روون دەکاتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، کە پەیوەندی هەیە بە چۆنییەتی هاتنە دی نرخی شتومەك و، داوا لە سەر کاڵا، خزمەت، پێشکەشکردنی ئەو شتومەکانە و، فاکتەرەکانی تری بازاڕ، کە کاریگەرن لە سەر رووداوەکانی زانستی ئابووری.

**ئەو کەرتانەی زانستی ئابووری لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکات:**

- داوا لەسەر کاڵا و خزمەت و نیازەکانی تاك و هاوڵاتی لە بەشی بەکاربەریدا.

- چەندوچوونی و پاش ماوەی ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە بازاردا لە لایەك و، بڕ و ڕادەی پێشکەشکردنی کاڵا و ئاستی بەشداری بەرهەمهێنەر لە لایەکی تر، مەودای هەڵسووڕانی بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن دیاری دەکەن. لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کاڵادا ئەوانەی گرینگن ئەمانەن: بەرهەمهێنەر چەندە مەودای بۆ بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەت پێداوە و مەودای هەڵبژاردن و هەڵسووڕانی بەکاربەری لە بازاڕدا تا چ ڕاددەیەکە.

- شێوە و جۆری پێکهاتنی کۆمەڵگایەك یاخود جۆری دامەزراوی کۆمەڵانی خەڵك لە باری نەزم و بەرێوەبەرییەوە، ڕۆڵێکی سەرکی لە سیستمی ئابووریدا دەگێڕن. ئەو دامەزراوەیە لە چ ئاستێکی ڕیکۆپێکی و نەزم دایە، گەلێك گرینگە.

- بارودوخ و بڕی زانیاری تەکنەلۆژی و کارامەیی کۆمەڵگا بە واتایەکی دیکە چەندی و چوونی تەکنەلۆژی داموودەزاگایی کۆمەڵانی خەڵك و سیستم، ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن. زانیاری و کارامەیی تەکنەلۆژی لە کۆمەڵگادا چەند دابین کرابێ، ئەوەندەش دەتوانی فاکتەری گرینگ و سەرکی بی لە رەوتی بەرهەمهێنان دا.

ئاستی زانیاری کارامەیی و تەکنەلۆژی لە کۆمەڵگایەك دا ڕۆڵێکی باڵای هەیە و، دەبێتە هۆی ئاسانکاریی لە ڕێبازی بەرهەمهێناندا و دەتوانێ پێشوەچوونی لە گواستنەوەی کاڵادا لێ بکەوێتەوە.

-ئاست و ڕاددەی پێشکەوتنی ئامراز و ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵانی خەڵك، دەتوانی لە ڕێبازێکی ئابووریدا کاریگەری سەرەکی بێت.

ئایا ئەو زانستە تا چ ئاست و راددەیەکە و بڕی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەکارهێنراو ڕێژەی چەندە و چەند دەتوانێ دەوری سەرکی لە ڕێبازی بەرهەمی گشتی دا بگێرێت؟

دەوڵەت چەند بایەخی بە و بەشە داوە، و ڕادە و بڕی سەرمایەگوزاری دەوڵەت لە کەرتی کارامەیی و تەکنەلۆژیدا چەندە؟، گەلێك گرینگن.
-چۆنەیتی و ڕادەی ئاسانکاری کەرتی گواستنەوەی وڵات، بە واتایەکی تر ئاست و ڕادەی هاتووچۆ و ئاوەدانی ڕێگە و بانی وڵاتێك لە چ پلەیەك دا بێت، دەوری سەرکی لە ڕێبازی بەرهەمهێنانی گشتی و لە گواستنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کاڵا دا، دەگێڕێت.
ماوەو و شێوازی گواستنەوەی کاڵا و ئامزار و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، لە سیستمێکی ئابووریدا گەلێك گرینگن و ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. نرخی گواستنەوە و بەها و دەسڕاگەیشتن بەوزە و ئەو بابەتانە، بە بەراووردکردن لە گەل بازاڕەکانی دەرەکی لە ڕێباز و سیستەمێکی ئابووری دا گەلێك گرینگن. گەشەکردنی ئەو بەشە، واتە کەرتی گواستنەوە لە چ ئاستێك دایە و دەوڵەت چەند بایەخی پێداوە و ڕادەی ئاوەدانی چەندە و، بێگومان دەورێکی سەرەکی لە ڕێبازی بەرهەمهێنان دا دەگێڕن.
بەپێی زانستی ئابووری، ڕێبازی و بازنەی ئابووری وڵاتێك لەو بەشانە خوارەوە پێکهاتووە:
**بەشی یەکەم**: ئیشکەری وڵات:
بەو بەشە لە کۆمەڵانی خەڵك دەوترێت کە کاری بەرهەمهێن دەکەن ولە ڕەوتی بەرهەمهێنانی وڵاتدا بەشدارن، واتە ئەو هێزی کارانەی کە بە فەرمی لە کەرتی وەدیهێنانی بەرهەمی وڵات دا بەشدارن.
ئەو کەرتانە بە جۆرێك لە پێکهێنان و دروست کردنی بەرهەمی کاڵا و خزمەتی وڵات چالاکن برتین لە کەرتی تایبەتی کۆمپانیاکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتن، کەرتی دەوڵەتی و کەرتی نیمچە دەوڵەتی و... هتد. ئەو بەشە لەو هێزەی کار، کە بە شێوەی شاراوە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەشدارە و خۆی لە دانی باج دەدزێتەوە، بە ئیشکەری فەرمی ڕەوتی بەرهەمهێنانی گشتی داناندری و، لە سیستیەمی ئابووری وڵاتدا ئەژمار ناکری. بە واتایەکی تر ئەو بەشە لە هێزی کاری هیچ کاریگەری لە سەر بڕی داهاتی گشتی وڵات نابێت.

زانستی ئابووری، تەنانەت لە سەر ئەو هێزەی کار کە بە فەرمی بەشدارە لە رەوتی بەرهەمهێنانی گشتی دا، لێکدانەوە دەکات، ئەوەش ئەو بەشانە لە هێزی کارن کە باج و بیمەیان لەسەر دەدرێت.

**بەشی دووەم:** کەرتی سەرەتاییە کە پێك دێت لە بەشەکانی کشتوکال و ئاژاڵداری و بەشی گیاندارانی دەریایی و دارستان و باغ و لەو بابەتانە.

**بەشی سێیەم:** کەرتی پیشەسازی، کارامەیی، سەرچاوەکانی کانزایی ، چنین و رستن، گاز و نەوت، وزە و ئاو، بە گشتی سەرچاوەکانی سروشتی دەگرێتەوە.

**بەشی چوارەم:** بەو بەشە دەگۆترێت کە پێك دێت لە خزمەتی گشتی کە لە لایەنی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان و دەوڵەت پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵك دەکرێت یاخود کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بۆ نموونە: بەشی هاتوچۆ و چاککردنەوە و کڕین و فرۆشتنی مڵك و دامودەزگای تۆمارکردنی مڵك و ماڵ و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە ئەو بەشەوە هەیە و بەشی پارێزران، لە ریزی ئەو کەرتە ئەژماردن دەکرێن. زۆرینەی ئەو دامودەزگایانەی لە کەرتی چوارەم دا ناویان براوە، لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی دەدرێن، واتە سوبسیدیان لە سەرە. ئەو بەشانەی کە سوبسیدیان لە سەرە، دەوڵەت سەرمایەگوزاری تێدا کردوون. وەك خزمەتگوزاری هاتوچۆ، تەندرووستی، پەروەردەو فێرکردن، بەشی فەرهنگی جەماوەر، ئاسایشی کۆمەڵانی خەڵك و پاراستنی سنوورەکان و هتد.

**بەشی پێنچەم:** ئابووری، لەگەڵ ئەوەدا کە دەوڵەت خزمەتەکانی ناوبراوی سەرەوە پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵك لە کۆمەڵگا دەکات، سازدانی بەشێکی زۆری ئیش کە بە ناوی کرێکاری دەوڵەتی کار دەکەن بەرپرسیارەکەی دەوڵەتن و بە ئەو بەشەی زانستی ئابووری کەرتی پێنجەمی دەوترێت. بە گشتی زانستی ئابووری، توێژینەوە لە سەر رەوشت و ڕەفتاری و کردەوەی مرۆڤ لە بازاڕەکاندا، دەکات. شێواز و رەفتاری تاك و جۆری داوا و پێویستکانی بەکاربەری، لە ڕێبازی ئابووری وڵاتدا دەتوانێت زۆر گرینگ بێت و، دەورێکی سەرەکی لە پێکهاتن و دروست کردنی مۆدێلی ئابووری وڵاتدا بگێرێت.

**جۆری مۆدێلی ئابووری پەیوەندی بەو کەرتانەوە هەیە کە لە مۆدێلەکەدا بەشداری دەکەن.**

بەپێی زانستی ئابووری، دارشتنی مۆدێلێکی ئابووری هەڵسەنگاندنی پەیوەندی رێژەو رادەی پێشکەشکردن و داوا لەسەر کالاّ و خزمەتەکان لە بازای کرین و فرۆشتن لە سەر بنەمای میکانیزمی بازاری ئازاد دەکرێت. رۆڵی بەکاربەری لە دارشتنی مۆدێلێکی ئابووریدا گەلێك گرینگە. لە لایەك رێژە و بری دراوی تەرخانکراو بۆ کرینی کالاّ و بەشی خزمەت، لە بازنەی هەڵسورانی ئابووریدا رۆڵی بنچینەیی دەگێری و، لە لایەکی تر ئەندازەی کالاّی پێشکەش کراو لە لایەن فرۆشیار، دەتوانێ کاریگەری ئێجگار زۆری لەسەر بازار کرین و فرۆشتنی شتومەك هەبێت.

بە واتایەکی تر ئەندازە و مەودای دەسپێراگەیشتنی کالاّ لە بازاری کرین و فرۆش بۆ مەبەستەکانی بەکاربەری دەورێکی بنەرەتی دەگێرێت لە وەدیهێنانی میکانیزمی بازاری ئازاد و داوا لە سەر کالاّ پێشکەشی کراو. گرینگترین فاکتەر، نیاز و داوای بەکاربەریی لە سیستیەمێکی ئابووریدا ئاست و رادەی لە بەردەست بوون و ماوەی گەیشتن بە کالاّە لە بازارەکانی کرین و فرۆشتندا. شێوازی بەدەستهێنان و ئەو ماوەیەی کە بەکاربەر بۆ دەسکەوتنی ئەو کالاّە تەرخانی دەکات، هەروەها جۆراجۆری کالاّ لە بازاری ئازاددا لە پێکهێنانی فەرمی و شەقڵی سیستەمی ئابووری وڵاتێك، هەم دەورێکی گرینگی هەیە و هەمیش رادەی ومەودایی دەسەڵاتی بەکاربەریی لە رێبازی هەڵبژاردنی نیازەکانی نیشان دەدات و دەی سەلمێنێت. سەبارەت بە سەروەریی یاخود بەکاربەری، دواتر لە بەشی تایبەت بە مکانیزامی بازاری ئازاددا، بە تێروتەسەلی باسی لەسەر دەکرێت.

## دوو فاكتەر رۆڵی سەرەكی لە بازاری كاڵادا دەگێڕن:

**یەكەم:** ئاست و ڕادەی لە بەردەست بوونی شمەك لە بازاڕەكانی كڕین و فرۆشتن واتە بڕ و ئەندازەی پێشكەشكردنی شمەك لە لایەن بەرهەمهێنەر.

**دووەم:** ڕێژە و بڕی داوای بەكاربەریی لە سەر كاڵای پێشكەش كراو لە بازاڕی كڕین و فرۆشتندا.

ئەو دوو فاكتەرانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە یەكترەوە هەیە، كەم بوون یا زیادكردنی هەر یەك لە دوو فاكتەرانە كاریگەری لەسەر ئەوەكەی تر دەبێت. بەپێی زانستی ئابووری و لەسەر بنەمای میكانیزمی بازاڕی ئازاد، ئەگەر پێویستی لەسەر كاڵایەك واتە داوای بەكاربەری لە سەر ئەو كاڵایە لە بازاڕدا زیاد بكات و بڕی پێشكەشكردنی ئەو كاڵایە بەرەو كەمبوونەوە بچێت، دەبێتە هۆی كەم بوونی ئەو كاڵایە لە بازاڕداو بەرزبوونەوە نرخەكەی. دابەزینی ئاست و ڕێژەی پێشكەشكردنی شمەك و زیادكردنی داوای هاوكات لەسەر ئەوكالایە، لە زانستی ئابووری پێ دەڵێن دیاردەی قاتبوون و چڕبوونەوەی ئەو كاڵایە لە بازاڕی كڕین و فرۆشتندا. كە وابوو بە پێی زانست و میكانیزمی بازاڕی ئازاد ئەگەر داوا لە سەر كاڵایەك لە بازاڕی كڕین و فرۆشتن دا بەرزبێتەوە، هاوكات ئاست و بڕی پێشكەشكردن لە لایەن فرۆشیار لە هەمان بازاڕدا بەرەو نزمی بڕوا، نرخی ئەو كاڵایە و خزمەت زیاد دەكات و، ئەو بارودۆخە لە زانستی ئابووریدا دیاردەی قاتبوون یان چڕبوونەی پێ دەڵێین.

بەرزبوونەوەی نرخی ئەو كاڵایەی لە ئاكامی قاتبوون یان چڕبوونەوەی بڕی پێشكەشكردنی هاتۆتە گۆڕێ، كاردەكاتە سەر نرخی كاڵاكانی دیكەی لە بازاڕدا و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخیان. پەیوەندی پێشكەشكردن و داوا لە سەر كاڵا و نرخ و دیاردەی كەمیابی لە مۆدێلی ژمارەیەك دا نیشان دراوە.




**مۆدێلی ژمارە(١)**

لە مۆدێلی ژمارەیەکدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە لەلایەك نرخی کالآ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕاددەی کەم و زۆری ئەو کالآیە لە بازاڕدا هەیە، بەو مانەیە هەر چەند بڕی داوا لەسەر کالآیەك زیاد بێت و مەودای وەدەستکەوتنی چڕتر بێ ئەوەندش نرخی ئەو کالآیە بەرزە. لەلایەکی تر کەمی و قاتبوون و یا بڕی کالآیەکە لە بازاڕدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێویستی مرۆڤەکان و ڕێژەی بەرهەمی پێشکەشکراوی ئەو کالآیەوە هەیە. کەوابوو هەر چەند ئاستی کەمی کالآیەك چڕتر بێت بەو ئەندازەیەش نرخی ئەو کالآیە بەرزە. لە وێنەی ژمارە یەکدا نیشان دراوە، کە نرخی کەکالآ و خزمەت، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێداویستی مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەکەوە هەیە.

بازاڕی کالآ، شوێنێکە کە فرۆشیار و بەکاربەر واتە (کڕیار) یەکتر دەگرنەوە، بە واتایەکی دیکە بەرهەمهێنەر کالآکەی خۆی لە بازاڕێکی ئازادی کڕین و فرۆشتن دا بۆ فرۆشتن پێشکەش دەکات، و کڕیاریش بۆ وەدەست هێنانی یا کڕینی کالآی پێویستی خۆی لە ڕێگە ئەو بازاڕەوە هەڵس و کەوت دەکات. پێشکەشکار و داواکاری کالآ، واتە فرۆشیار و کڕیاری کالآ و خزمەت، لە بازاڕێکی ئازادی کڕین و فرۆشتندا یەکتر دەگرنەوە، لە ئاکامی بە یەکترگەیشتنی ئەو دوو لایەنە بە مەرجی فرۆشیار و کڕیار،

کاڵا و خزمەت کەند و کۆسپێکی ئەوتۆیان نەکەوێتە سەر ڕێگا و، بتوانن لەو بازاڕەدا ئازادانە مامەڵەی خۆیان بکەن، نرخی ئەو کاڵایە لە ئاکامی هەڵس و کەوتی فرۆشیار و کڕیاردا دێتە دی. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا، هەڵس و کەوتی ئەو دوو لایەنە، میکانیزمی بازاڕی ئازاد دێنێتە ئاراوە.

هەر لە سەر ئەو بنەمایە واتە میکانیزمی بازاڕی ئازاد، بەرهەمی جۆراجۆر دەخرێنە بازاڕ و بەکاربەری یان کڕیار، بە پێی توانای هێزی کڕین یان هێزی کڕین هەڵبژارن، پرۆسەی کڕینی خۆی ئەنجام دەدات و بەم شێوەیە مەزەندەی کاڵا دیاری دەکرێت. بە واتایەکی دیکە کڕیار لە ڕێگەی بازاڕەوە جۆری سەلیقە و تامی خۆی بە بەرهەمهێنەر رادەگەیێنێت و، بەرهەمهێنەرێش پێداویستییەکانی کڕیار بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بازاڕەوە بە دەستی گەیشتووە، بەرهەم دەهێنێت. دەتوانێتن بڵێین: بازاڕی ئازاد و میکانیزمی ئەو بازاڕە، شوێن بۆ پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەت لە لایەك و، لە لایەکەی تر هەڵسەنگاندنی سەلیقەو تامی کڕیارە و هەروەها لەو شوێنەشەوە لە ڕێگەی رەکەبەرایەتییەکی ساخڵەمەوە، نرخی ڕاستەقینەی کاڵا دێتە دی و کاڵاکان مەزەندەیان بۆ دادەنرێت. لەبنچینەدا بەها یاخود نرخی کاڵا و خزمەت، پەیڕەوی ڕەوت و سروشتی بنچینەی میکانیزمی بازاڕی ئازادی کاڵا دەکات. ئەگەر داوا لەسەر کاڵایەك بەرز بێت و خستنە بازاڕی ئەو کاڵایە لە سەر ئاستی پێشووی خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕدرێت، نرخی ئەو کاڵایە بەرز دەبێتەوە.

لە مۆدێلی ژمارە (٢) دا پەیوەندی داوا و پێشکشەشکردنی کاڵا و نرخەکە نیشان دراوە. ئەگەر پێشکەشکردنی کاڵایەك لە بازاڕی کڕین و فرۆشتن دا زیاد بکات و، داوا لەسەر ئەو کاڵایە لەسەر ئاستی پێشووی خۆی بمێنیتەوە، نرخی ئەو کاڵایە دادەبەزێت، بە واتایەکی تر ئەو دوو فاکتەرە، واتە داوا لەسەر کاڵایە و پێشکەش کردنی پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە یەکترەوە هەیە، ئالوگۆر لە هەریەك لەو دووانەدا کاریگەری لەسەر ئەوەکەی تر دادەنێت.



Shifting the Supply Curve Moves Us along the Demand Curve

## مۆدێلی ژمارە (٢)

لە مۆدێلی ژمارە دووەدا لە ئاکامی تێکئالأنی هێڵی چەماوەی داوا و پێشکەش کردنی کاڵا دەتوانێتن بەو دەرئەنجامەی خوارەوە بگەین:

لە پلەی یەکەمدا: ئەگەر نرخی کاڵا (٣) دۆلار بێت، بڕی پێشکەش کردنی (٧٠) بێت، کاتێك ئەندازەی پێشکەش کردنی لە (٧٠) وە دابەزی بۆ (٥٨) ، نرخەکەی بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ئاستی (٣،٥) سێ دۆلار نیو. ئاشکرایە ڕادە و ئاستی داوا لە سەر کاڵا لە هەردوو حاڵەتدا لەسەر شوێنی خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕدراوە. نرخی کاڵا لە ئاکامی تێکئالأنی هێڵی چەماوەی داوا لەسەر کاڵایەك و هێڵی چەماوەی پێشکەشکردنی ئەو کاڵایە لە بازاڕی ئازادی شتومەك دێتە دی. لە ڕاستیدادا بازاڕی ئازادی کڕین و فرۆشتنی کاڵا، شوێنی دیاری کردنی نرخی کاڵای پێشکەش کراوە، جگە لەوەش بازاڕ جێگەی خۆڵقان و گواستنەوەی زانیاری پێشکەشکردن و داوایە لە سەر کاڵا. بەها و نرخی هەموو کاڵایەك لە بازاڕی ئازاد لە تێکئالاندنی هێڵی چەماوەی داوا لەسەر کاڵایەك و پێشکەشی هەمان کاڵا پێك دێت.

خاڵی تێکئاڵانی هێڵی داوا و پێشکەشکردن لە بازاڕدا، خاڵی یەکسانی یان تیکهاڵقانی پێدەوترێت، شوێنی دروستبوونی نرخی ئەو کاڵایە خاڵی بەیەك گەیشتنەوەی ئەو دوو هێڵەیە. ئەو میکانیزمەی بازاڕی ئازاد باسی دەکات، بە شێوازی تیئۆریە و لە سەر بنەمای ڕەوتی دوو هێڵی چەماوەی داوا و پێشکەشی کاڵا داڕێژاوە و، شوێنی بەیەك گەیشتنەوە یان تیکهاڵقانی ئەو دوو هێڵە واتە هێڵی پێشکەشکردنی کاڵایەك و هێڵی داوای لە سەر ئەو کاڵایە خاڵی یەکسانی پێ دەوترێت و نرخی ئەو کاڵا لەو خاڵەدا دێتە دی.




**مۆدێلی ژمارە (٣)**

تێکئاڵانی دوو هێڵی پێشکەشکردنی کاڵا و داوای لەسەر ئەو کاڵایە نیشان دەدات کە لە ئاکامی ئەو تێکهاڵقانە نرخی ئەو کاڵاەی لە بازاڕی ئازاد بە پێی ڕێبازی میکانیزمی بازاڕی ئازادی لێ دەکەوێتەوە. دواتر بە تێر و تەسەلی، باسی ڕێبازی نیشاندانی هێڵەکانی داوا و پێشکەش کردن و، خاڵی یەکسانی یان شوێنی هاتنە دی نرخی کاڵا دەکرێت. ئەو کاڵا و شتومەکانەی کە ئێمە ڕۆژانە کەڵکیان لێ

وەردەگرین لە لایەن کەرتی تایبەت و بەشی هاولاّتی و کەرتی نیمچە دەولّەتی و دەولّەتەوە پێشکەشی بازاڕی کڕین و فرۆشتن دەکڕین.

## کەرتەکانی بەشداری بازاڕی پێشکەشکردن و داوا لەسەر کالاّ و خزمەت بریتین لە:

بەشی هاولاّتی، بەو بەشە دەوترێت، کە دەتوانێ ڕاستەوخۆ بەشداری رەوت و پرۆسەی ئیشکردنی گشتی ولاّت بێت و، وەك دانیشتووی ولاّت ئەژماردەن دەکرێت کە لە شوێنەکانی ڕاهێنان و خوێندن یا لە بەشی مالّەوە کار دەکات و، لە رەوتی راهێنان و بەرهەمهێناندا بەشدارە. لە ڕاستیدا ئەم بەشە هەم دەتوانی بەرهەمهێن بێت، و هەم بەکاربەریی و کڕیاری کالاّ و خزمەت بێ.

ئەو بەشەی هاولاّتی بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر بکات، پێویستە خاوەنی داهات بێت، هەر بۆیە بەشی هاولاّتی ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و هێزی دەست و بازووی خۆی لە بەرامبەر دراودا دەفرۆشێت و، لە ڕێگای فرۆشتنی هێزی کاری خۆی دەبێتە خاوەنی دراوی پێویستی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی. بەشێك لە هاولاّتی رۆژانە ئیش دەکات بۆ گەیشتنی بە بڕە دراوی پێویستی بۆ دابین کردنی نیازەکانی ڕۆژانەی خۆی، بەشێکی دیکەی هاولاّتی کاروباری مالّەوە دەکات، وەك ئامادەکردنی خواردەمەنی، پاك وخاوێنی مالّەوە و ئاگاداری مندالّ و بارهێنان و شتی لەو بابەتانە. بەشی خزمەتەکان کە لە ناو مالّدا لە لایەن هاولاّتیەوە ئەنجام دەدرێت، هێشتا لە رەوتی ئابووریدا نرخی بۆ دیاری نەکراوە و کاریگەر نییە لەسەر ئاست و و بڕی دەرامەتی گشتی ولاّت. بەشی هاولاّتی لە ئابووری ولاّتدا وەك بەشی بەکاربەریی کالاّ ناسراوە و، پێکهاتەیەکی زۆر گرینگی ئابووریە و پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە پێویستییەکانی تاك لە کۆمەلّگا و کەرتی داوا لەسەر کالاّ و پێشکەشکردنی.

هەر چەندە ڕێژەی داوای کڕیاری کالاّ یان ئاستی ویستی بەکاربەریی لە سەر کالاّی زۆرتر بێت، بە مەرجێ و بڕی پێشکەشکردنی ئەو کالاّیە لە بازاڕی زیاد نەکات و یان

هەر بە ئەندازەی پێشووی بمێنێتەوە، بە هەمان ئەندازە دەبێتە هۆی کەم بوونی ئەو کالآیە، و لە ئاکامدا بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کالآیەی لیّ دەکەوێتەوە و، دەبێتە هۆی کەمبوون یا چڕبوونەوە ئەو کالآیە لە بازاڕدا.

## کەرتی تایبەت یان کۆمپانیەکانی بەرهەمهێنەری کالآ

بەشی زۆرینەی کالآکانی پێداویستی بازاڕ لە لایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە بەرهەم دەهێنریّ و دەدرێتە بازاڕی کالآ بۆ کڕین و فرۆشتن. کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی کالآ و خزمەت، تا داواکانی تاك و کۆمەلآنی خەلّك بە جیّ بهێنێت، لە ڕێگەی بازاڕەوە هەولّ دەدات زانیاری لەسەر پێداویستییەکانی بەکاربەری کۆ بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە کەلّك دەستەی لێکۆلّینەوە یا بازاڕپەیداکردن وەردەگرێت. دەستەی بازاڕپەیداکردن و تاوتوێکردنی نیازەکانی بەکاربەریی بە پەنابردنە بەر کریاری کالآ وخزمەت بە گشتی، لەو ڕووەوە زانیاری پێویست بۆ بەرهەمهێنان کۆدەکاتەوە و، دەیداتە کەرتی بەرهەمهێنانی کالآ و خزمەت.

لەئاکامدا کەرتی بەرهەمهێنانی کالآ و خزمەت، بە پێی ئەو زانیارییەی لە دەستەی لێکۆلّینەوە پێیگەیشتووە، هەولّ دەدات سەلیقە و تامی بەکاربەریی مەزندە بکات و، هەر بە پێی ئەو زانیارییە شتومەکی پێویستی کڕیار بەرهەم بهێنێت و ڕەوانەی بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی بکات. کەرتی تایبەت بەشێکی سەرکی ئابووری ولآتە و دەورێکی گرینگی لە ڕەت و پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەگێرێت. کەرتی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییە، کەلّك لە ڕێباز و زانستی تایبەتی وەردەگرێت بۆ هەلّسنگاندن و ناسینی ویست و چێژ و هەستی سەلیقەی بەکاربەریی و کڕیار. بۆ ئەوەی بتوانێت کالآی پێویستی کڕیار و مەسەرفی بازاڕ لە سەر بنەمای چێژ و ئارەزووی کڕیار بەرهەم بهێنێت، کەلّك لە ناوەندی لێکۆلّینەوەی Research and Promotion وەردەگرێت. ئەوەش بەو مانایەیە کە بەشیResearch and Promotion، لە ڕێگای پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە بەکاربەریی کالآ و خزمەت، هەولّ دەدات تا ئەو جێیەی بتوانیّ تام و

سەلیقەی کڕیار بزانی و بە بەشی بەرهەمی ڕابگەیەنێت، وبەشی بەرهەمیش لەسەر دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی Research and Promotion بەرنامە بۆ بەرهەمی داهاتووی خۆی دابڕێژی. بەم چەشنە کاڵای پێویستی بازاڕی ئازاد بەرهەم دەهێنرێت.

لە ڕاستیدا بەشی بەرهەمهێنانی کاڵا Research and Promotion واتە **فەرمانگەی لێکۆڵینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و سەلیقە و ئارەزووی کڕیار و بەکاربەریی** بەکاردەهێنێت و، پارەیەکی زۆریش بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکا، تا لەو ڕێگایەوە ئەو کاڵایە بەرهەرهم بهێنێت کە لەگەڵ ئارەزو و سەلیقەی بەکاربەریی دەگونجی. فەرمانگەی زانایانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و کردەوەی سەلیقە و ئارەزووی کریار، لە ڕاستیدا بەر لە پێشکەشکردنی کاڵای پێداویست و نیازەکانی بازاڕی کاڵا و سەلیقە و ئارەزووی بەکاربەریی شوناسایی کردووە، و بەرهەمهێنەری شتومەك دەزانێت جۆر و تام و هەڵبژاردەی بەکاربەریی چیە. ئاشکرایە ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان گەلێك پرسیار دێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە ئایا لە ئاکامی دەستێوەردانی دەستەی لێکۆڵینەوە، سەلیقە و ئارەزووی بەکاربەریی ناکەوێتە ژێر ڕکێف و کاریگەری دەستەی توێژەری کاڵا و، لە کۆتاییدا بەشی بەرهەمهێنان؟ لەو لێکۆڵینەوانەدا، بەر لە پرۆسە و ڕەوتی بەرهەمهێنان و پێشەکەشکردنی کاڵا، هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەل لەسەر هەستی هەڵبژاردن و جۆری تام و سەلیقەی کڕیار یا بەکاربەریی دەکرێت و، زۆر جار بەر لەوەی کریار ئاگادار بێت و زانیبێتی لەسەر ئارەزوو، سەلیقە و نیازەکانی ڕۆژانەی ڕەوتی بەرهەمهێنان بڕیاری وەرگرتووە.

پڕسیارێکی تر ئەوەیە: ئایا ئاستی هەڵسووڕانی بەکاربەریی لە بازاڕی ئازاددا کە دەسەڵاتداری بەکاربەریی پێ دەگۆترێ، نە کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەستەی لێکۆڵینەوەی کاڵا؟

جگە لەبەشداری لێهاتوانی ئابووری و پسپۆڕانی بەرهەمهێنان و هەڵسەنگاندنی نرخی پێداویستییەکانی بەکاربەریی، لە دەستەی لێکۆلەرەوەی سەلیقە و رەفتار و کردەوەی کڕیار و شێوەی کریاری کاڵادا، زانایانی رەفتارناسی و دەروونناسی و

کۆمەڵناسی لەسەر هەست و جۆری بەکاربەری ئارەزووی کڕیاریش بەشدارن و، ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕەوتی لێکۆلینەوانەدا دەگێڕن.

دیاریکردنی ناو و ڕەنگ شکل و جۆری کالاّ لە پالّ تام و سەلیقەی کڕیار، یەکێکە لە ئەرکەکانی تری دەستەی لێکۆڵینەوە Research and Promotion نە. بەشێك لە زانستی لێکۆلینەوەی Research and Promotion پەیوەندی بە چەندوچۆنی ئاست و ڕادەی هەلبژاردنی کڕیار هەیە و، ئەوەش لای خۆی ئەو پرسیارە دروست دەکات: ئایا کاریگەری کردەوەی دەستەی توێژینەوە واتە Research and Promotion بەر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کالاّ و خزمەت، مەترسی بە هەڵەبردنی بەکاربەریی لە رەوتی هەلبژادنی کالاّدا دروست ناکات؟ و مەودای ڕەوتی هەڵبژاردنی کڕیار کە بناغەی تیئۆری میکانیزمی بازاڕی ئازادە، ناکەوێتە مەترسییەوە؟

لە ئاکامدا، بەهۆی دەستتێوەردانی ناوەندی Research and Promotion کە بە مەبەستی تایبەت ڕەفتار، ڕەوشت و سەلیقەی کڕیار هەڵدەسەنگێنی، دوور نییە دەسەسەلاّتدارییەتی بەکاربەری کە بنەمای پرۆسەی بازاڕی ئازادە، بخاتە مەترسی بە هەڵەداچوون، بێگومان ئەمەش ئەو پرسیارە دروست دەکات کە نەکا ڕێبازی هەڵبژاردنی بەکاربەریی بکەوێتە ژێر ڕکێف و کاریگەری ئەو شێوازەی لێکۆڵینەوە؟

بەو حاڵەشەوە لایەکی دیکەی ئەو باسە دەتوانێت ئەوە بێت، رەنگە ئاکامی ڕێبازی لێکۆلینەوەی ناوەندی Research and Promotion بەشی بەکاربەریی هۆشیار بکاتەوە و، ببێتە هۆی هاسانکاری ڕێبازی هەڵبژاردنی کریاری کالاّ لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن و، هەڵسووڕانی ئاگاهانە و لە کۆتاییدا مەودا و دەسەسەلاتدارییەتی کڕیار لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن فراوانتر و بەرینتر بکات.

**بەرهەم وەکو ئاکامی کەڵك وەرگرتنی کارو سەرمایە و سەرچاوەکانی سروشتی وکانزایی**

**کار یان ئیش،** بەو بەشەی هێزی کار دەگوترێ، کە بۆ بەدیهێنانی رەوت و پرۆسەی بەرهەمهێنان لە لایەن هاولاتی، دەولەت و کەرتی تایبەت تەرخان دەکرێت. لە ئابووریەکی پێشکەوتوودا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، کە کەڵك لە تەکنولۆژی و زانست کامپیوتر و ئەلیکترۆنێك، وەردەگیرێت، هێزی مێشك بە بەراوورد لەگەڵ هێزی دەست و بازوو پترە و، کاریگەری ئەو بەشە لە هێزی کارکردن لە داهاتی گشتی ولاتدا، لە ئاستێکی بەرز دایە. کەوابوو کار بەو هێزانە دەگۆترێت کە بە شێوەیەك لە پرۆسەی بەرهەمی گشتیدا کاریگەرییان هەبێت. هێزی کار لە ڕاستیدا ئاکامی توانای و هێزی بەکارهێنانی سروشتی جەستەیی یان مێشکە.

**سەرمایە**، برتییە لە بەشی ئامێر و ئامراز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بینا و هەموو ئەو شتومەك و ئامرازانەی، لە رەوتی بەرهەمهێنادا دا کەڵکی لێ وەردەگیرێت و، بە گشتی کالا و خزمەتی بەرهەمی پێی بەرهەم دەهێنرێت.

**سرووشت،** بریتیە لە بەرهەمەکانی کانزایی، سروشتی و  زەوی و ئاو و هەموو سەرچاوەکانی سروشتی ژێر زەمین. بەشی سروشتی لە ئابووری ولاتدا رۆڵێکی گرینگی هەیە. ئەو ولاتانەی خاوەنی نەوت و گازی سروشتی و کانزایی و سەرچاوەی سروشتین شوێن و کارتیکردنێکی تایبەتیان لە سیستیەمێکی ئابووریدا هەیە، بە مەرجێك کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانیان خاوەنی پرنسیپی بەجی و ساغڵەم بێت. شێوازی کەڵکوەرگرتن لە کانزاکانی سروشت و جۆری دابەشکردنی ئەو ئامرازانە دەوری سەرەکی و گرینگ لە ئابووری ولاتدا دەگێڕێت.

## میکانیزم و ڕێبازی بازاڕ

مەودای چالاکی و ئاستی داواکانی بەکاربەریی و ئەندازەی پێشکەشکردنی کالاَ و خزمەت لە بازاڕێکی ئازاددا، دەبێتە هۆی پێکهاتنی میکانیزم یان جموجۆڵی بازاڕ و لە کۆتاییدا نرخ و بەهای کالاَ و خزمەت، لە بازاڕدا. وەك پێشتر ئاماژەی پێی کرا، ئەو هەڵسوڕان و جموجۆڵەی بەکاربەریی و مەودای ڕادەی پێشکەشکردنی کالاَ لە بازاڕی ئازاد میکانیزمی بازاڕی ئازادی پێی دەوترێت.

بناغەی میکانیزمی بازاڕی ئازاد، لە سەر ئەندازەو ومەودای هەڵسوڕان و داوای کڕیار بۆ کالاَ و خزمەت و، ڕێژەی کەڵك وەرگرتنی بەکاربەریی و، ڕادەی کالاَی پێشکەشی و خزمەت لە بازاڕێکی ئازدادا، پێك دێت. سەلێقە، ئارەزوو، شێواز، ڕێباز و مەودای توانایی هەڵبژاردنی بەکاربەریی لە لایەك و، جۆراجۆری، فراوانی و چەشنی کالاَکان لەلایەکی تر، ڕۆڵی سەرەکی لە میکانیزمی بازاڕدا دەگێرن. میکانیزمی بازاڕ، یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی وەدیهێنانی نرخی کالاَ و خزمەت لە بازاڕی ئازاددا، بە مەرجێك هیچ گیر و گرفتێك لە سەر ڕێگەی دروستبوونی ئەو میکانیزمە نەبی، و دەوڵەت دەست لە پرۆسەی ئابووری و میکانیزمی بازاڕ وەرنەدات.

هەرچەندە ڕاستە کە جۆری سیستەمی سیاسی وڵات و چەند و چۆنی ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە سیستمێکی ئابووریدا، دەورێکی بەرچاو و سەرەکی لەمەڕ مەودای میکانیزمی بازاڕی ئازاددا دەگێڕن، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە ئاست و ڕادەی سەرچاوەکانی سروشتی وڵات لە سیستمێکی ئابووریدا ڕۆڵێکی گرینگ و شوێنێکی تایبەتیان هەیە. دەسەڵاتی بەشی بەکاربەری یان کڕیاری کالاَ و خزمەت لەبازاڕی ئازاددا، پەیوندەی راستۆخۆی بە جۆراجۆری، فراوانی، شێوە، ئەندازە، جۆری بستەبەندی، نرخی کالاَ و چەشنی خزمەت، لە بازاڕدا هەیە. هەرچەندە جۆراوجۆری و فراوانی کالاَ لە بازاڕدا پتر بێت، بەکارهێنەر یان بەشی

بەکاربەریی شتومەك و خزمەت بە گشتی، باشتر و ئاسانتر دەتوانێ هەڵبژاردنی خۆی لە بازاڕی کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدا.

مەودای ئازادی کەڵکوەرگرتنی بەکارهێنەری کالاّ و خزمەت یان بەکاربەریی، لەمەڕ دەرفەتی پێکهاتنی هێزی هەڵبژاردنی و ڕادەی بەکار هێنانی دەسەڵاتی بەکاربەریی لە بازاڕێکی ئازاددا، دەسەلاّتدارییەتی بەکاربەریی پێی دەگۆترێت. لە سیستمێکی ئابووریدا، ڕادە و مەودای دەسەسەلاّتدارییەتی بەکاربەریی، لە بازارەکانی کڕین و فرۆشتن چەند فراوان بێت، بە هەمان ئەندازە توانای هەڵبژاردنی تاك بۆ دیاریکردنی جۆری هەڵبژاردنەکەی زۆرترە. سیستمێکی ئاوا بە ڕەوتێکی ئازاد و کراوە لەقەڵەم دەدری.

## خاڵی یەکگرتنەوەی هێڵی پێشکەشکردن و داوا ، یا خاڵی هاوتایی و هاوسەنگی لە میکانیزمی بازاڕی ئازاددا

لە بازاڕێکی ئازادی کڕین و فرۆشتنی شتومەکدا کە بناغەکەی لەسەر میکانیزمی بازاڕی ئازاد هەڵدەسەنگێنری، بە پێی تیئۆری میکانیزمی بازاڕی ئازاد، هێڵی داوا لەسەر کالاّ و خزمەت و هێڵی پێشکەشکردنی ئەو کالاّیە بەهۆی میکانیزمی بازاڕی ئازاد لە شوێنێك یەکتر دەگرنەوە. بە واتایەکی دیکە هێڵی داوا و پێشکەش کردن لە ئاکامی جموجۆڵ و هەڵسوڕان، لە شوێنێك تێکدەئالّقێن و بە تێکئالّقانی ئەو دوو هێڵە، خاڵێك دێتە دروست بوون کە پێدەگوتری خاڵی هاوتایی و هاوسەنگی، لەو شوێنە نرخی ئەو کالاّیە دێتە دی. لە ئابووریدا بەو خاڵە یان ئەو شوێنە دەوترێت خاڵی هاوسەنگی یان شوێنی هاوتایی داوا و پێشکەشی کالاّ و، بە پێی تیئۆری میکانیزمی بازاڕی ئازاد لەو شوێنە نرخی کالاّ دێتە دروست بوون.

**بازاڕی ئازاد یان بازاڕی کراوە** بە بازاڕێك دەوترێت کە داواکار و پێشکەشکاری کالاّ و خزمەت، بێ هیچ کێشە و گێروگرەفتێك و بێ ئەوەی ئەو ڕەوتە لە لایەن حکومەتەوە دەست تێوەردانی تێدا بکرێت، بتوانن هەڵسووڕانی خۆیان بکەن و لە کۆتاییدا بەهۆی تێکهالّقانی هێڵەکانی داوا و پێشکەشی کالاّ و خزمەت نرخی کالاّ بێتە دروست بوون. بەو شێوازە حەرەکەتە دەڵێن میکانیزمی بازاڕی ئازاد.

لە وێنەی خوارەوە میکانیزمی بازاڕی ئازاد و، ڕەوتی داوا لەسەر کالاّ و خزمەت و پێشکەشکردنی هەردووکیان، بە دوو هێڵ نیشان دراون و ئاماژە بە چۆنییەتی پێکهاتنی خاڵی هاوسەنگی کراوە و، لە کۆتاییدا نرخی کالاّ هاتۆتە دیاری کردن. شایەنی ئاماژەپێکردنە، کە لە بازاڕێکی ئازادی کڕین و فرۆشتنی کالاّ و خزمەت، کە پەیڕەوی میکانیزمی بازاڕی ئازاد دەکات، لە ئاکامی هەڵسوڕانی کڕیار و جموجۆڵی

پێشکەشکاری ئەو کالآیە، کە بە دووهێڵی سەر بەخۆی پێشکەش و داوا لەسەر کالآ و خزمەت نیشانە دەکرێت، نرخی کالآ دێتە دروست بوون.

ڕاستە کە ڕەوت و بناغەی میکانیزمی بازاڕی ئازاد لە سەر بنەمای تیئۆری دامەزراوە، بەڵام میکانیزمی بازاڕی ئازاد بەگشتی شوێنی پراتکتیك و وەدیهاتنی نرخی کالآ و خزمەتە ،و لە زانستی ئابووریدا وەك تیئۆریەکی زانستی ئابووری ناسراوە.

ووشەکانی کەڵک وەرگیراوە لە وێنە ژمارە ٤ بریتین لە:

D ⇐ Demand = داوا یاخۆ ویست لەسەر کالا وخزمەت (کەل وپەل)

S ⇐ Supply = پێشکەش کردنی کالا و خزمەت

P ⇐ Price = نرخ یاخۆ بەها

Q ⇐ Quantity= بڕ یان ئەندازە

وشەکانی کەڵك وەرگیراوە لە وێنە ژمارە (٤) بریتین لەوێنەی ژمارە (٥)

-خاڵی هاوتایی

ئەندازەی کالآ

نرخ ١

داوای ٢ ٢ی

نرخ

پێشکەشکردن

نرخ ٢

داوای ١




**مۆدێلی ژمارە (٤) دیاریکردنی میکانیزمی بازاڕی ئازادە بە پێ هەڵسەنگاندنی داوا لە سەر کالاّ و پێشکەشی ئەو کالاّیە.**

له بەرامبەر پلەی P1 ، پلەیQ1 دیاری کراوە، ئەگەر نرخی کالاّ لەP1 بێت، ئەندازەی کالاّی پێشکەشی بۆ فرۆشتن لە بازاڕی ئازاددا Q1 کە. هەروەك دەبینرێت P1 لە ئاکامی تێك هالّقانی دوو هێلّی D1 و S1 هاتۆتە دروست بوون. شوێنی بەیەکتر گەیشتنەوەی هێلّەکانی D1 و S1 شوێن یاخود خالّی هاوسەنگی پێی دەوترێت و لە شوێنەش نرخی کالاّ هاتۆتە دی.

لە وێنەی ژمارە (٤) ی سەرەوە، دەردەکەوێت ئەو کاتەی داوا لەسەر کالاّیەك زیاد دەکات واتە لە و پلەیD1 ەوە بۆ پلەی D2 دەچێ نرخ بەرز دەبێتەوە و دەگاتە پلەی P2 و، پێویستی لەسەر ئەوکالاّیە لە پلەی Q1 ەوە بۆ ئاستی Q2 دەچێت. بەلاّم وەك دەبینرێت ڕادە و ئاستی پێشکەش لە شوێنی خۆی ماوەتەوە و گۆرانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە، کە وابوو دەلّێین کە لەو حالّەتەدا هێلّی S نەخزاوە و لەشوێنی پێشوو ماوەتەوە، هەر بەو هۆیەوە نرخی کالاّکە بەرز بووەتەوە. ئەندازە یاخود بڕی پێشکەشکردنی ئەو کالاّیە لەبازاڕدا لەسەر ئاستی خۆی ماوەتەوە، ئەوەی زیادی کردوە داوا لەسەر ئەوە کالاّیەیە نەك بڕی پێشکەشکردنی. کاتێك داوا لەسەر کالاّیەکە زیاد دەکات و ئاستی پێشکەش کردنی ئەو کالاّیە وەك خۆی دەمێنێتەوە بە پێی زانستی ئابووری، نرخی ئەو کالاّیە زیاد دەکات.




**وێنەی ژمارە(٦)  نیشاندانی هێڵی پێشکەشکردن و پەیوەندی بڕی پێکەش نرخی کاڵا.**

هەر وەك لە وێنەی ژمارە(٦) دا دەبینرێت کاتێك نرخی کاڵایەك (١) دۆلارە و (١٠) فرۆشیار لە بازاڕدان کە کاڵاکەیان بەو نرخە واتە (١) دۆلار دەفرۆشن. هەر بەم پێیە کاتێك نرخی ئەو کاڵایە زیاد دەکات و دەگاتە ئاستی (٢) دولار (٢٠) فرۆشیار ئامادەن کاڵاکەیان بەو نرخەدا بفرۆشن. لە کاتێدا ئەگەر نرخی کاڵاکە ببێتە (٤) دۆلار (١٤٠) فرۆشیار لە بازاڕدا ئامادەن کاڵاکەیان بەو نرخە بفرۆشن.

سەرئەنجام کاتێك نرخی کاڵا کەم بێت و، ژمارەی ئەو فرۆشیارانەی ئامادەن کاڵاکەیان بەو نرخە بفرۆشن کەمن و بەڵام کە نرخەکەی بەرزە خوازیاری فرۆشتنی کاڵا زیاترن. کەواتە رێژەی پێشکەشکردنی کاڵا و نرخەکەی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. ئەگەر داوا لەسەر کاڵایەك زیاد بکات بە مەرجێك بڕی پێشکەشکردنی ئەو کاڵایە لە سەر ئاستی پێشووی بمێنیتەوە، کاریگەری ئەو بارودۆخە، نەك هەر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵایە، بەڵکو بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکانی تری لە بازاڕدا لێدەکەوێتەوە. ئەمەش کێشەی کەمبوونەوەی ئەو کاڵایە دێنێتە ئاراوە، کە نرخەکەی زیادی کردووە. کاریگەری بەرزبوونەوە نرخ و کەمی کاڵایەك، دەتوانێ کارتێکردنی زنجیرەیی لەسەر کاڵا و خزمەت، بە گشتی لە سەر بازاڕی کڕین و فرۆشتن دابنێت.




**وێنەی ژمارە (٧) هێڵی پێشکەشکردن بۆ لای ڕاست خزیوە، واتە بڕی پێشکەشی زیادی کردووە.**

لە حاڵەتێکی ئاوادا کە هێڵی پێشکەشکردنی کاڵا بۆ لای ڕاست دەخزێت، واتە بڕی پێشکەشکردنی کاڵا لە بازاڕدا زیاد دەکات، نرخی ئەو کاڵاە دادەبەزێت. دیارە لەو حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە هەیە، ڕێژەی داواکردنی ئەو کاڵاە زیاد نەکات و لە سەر شوێنی پێشووی خۆی دەمێنێتەوە. ئەو ساتەی کە نرخی ئەو کاڵایە (١) دۆلارە بە پێی تیئۆری پێشکەش و داوای لەسەر کاڵا دەبێت (٢٠) فرۆشیار ئامادەی فرۆشتنی ئەو کاڵایەن. لە کاتێك دا لە حاڵەتی پێشوودا لە بەرامبەر نرخی (١) دۆلار (١٠) فرۆشیار حازر ئامادەبوون کاڵاکەیان بفرۆشن. ئەوکاتەی هێڵی پێشکەش بۆلای ڕاست دەخزێت و نرخی ئەو کاڵایە (٢) دۆلارە (٤٠) فرۆشیار لە بازاڕ ئامادەبن کاڵاکەیان بفرۆشن، لە حالّتی پێشوو دا کە هێڵی پێشکەشکردن نەخزابوو(٢٠) فرۆشیار ئامادەبوون کلاّکەیان بە (٢) دۆلاردا بفرۆشتن. جیّ سەرەنجە کاتێك بڕی پێشکەش کردنی کاڵا زیاد دەکات و دەگاتە (٦٠)، نرخ هەر لە سەر شوێنی پێشووی خۆی واتە (٢) دۆلار دەمێنێتەوە. ئەوەش بەو مانەیەیە کە کاتێك بڕی پێشکەش کردن بەردەوام بەرەو زیاد بوون دەچێت، نرخ زیاد ناکات و لەسەر ئاستی خۆی دەمێنێتەوە، زۆرجاریش زیادکردنی بڕی پێشکەشی کاڵا لە بازاڕدا دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی ئەو کاڵایە.

وێنەی (٧) پەیوەندی نێوان ئەندازە و بڕی پێشکەش واتە فرۆشیار و نرخی کاڵا لە بازاڕی ئازاددا نیشان دەدات.

## داهاتی وڵات، یاخود داهاتی گشتی وڵاتێك:

بەو بەشە لە داهات یان دەرامەت دەوترێت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرهەمی گشتی وڵاتەوە هەیە. زانستی ئابووری بە نیشانەیY ئاماژە بە داهاتی نەتەوەیی یا گشتی دەکات. پارەی وەبەرهێنراو یا سەرمایە و بەکاربەریی گشتی لە پێکهاتەی بڕی دەرامەتی گشتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێرن. داهاتی گشتی لە کۆی دوو بەشی پارەی وەبەرهێنراو، واتە سەرمایەی گشتی و بەکاربەریی گشتی وڵات پێکهاتووە. ئەوەش

مانای ئەوەیە ئەگەر هەریەك لەو كەرتانە زیاد و یا كەم بكەن كاریگەری راستەوخۆی لە سەر بڕ و ئەندازەی دەرامەتی گشتی وڵات دادەنێت.

زانستی ئابووری هاوكێشەی داهاتی گشتی وڵات بەم شێوەیە دەناسێتەوە $Y=C+I$

فورمولی ژمارە (١)

(١)......... $Y= C+I$

لە لایەكی تر زانستی ئابووری سەرجەمی بەرهەمی گشتی وڵات بەم شێوەی خوارەوە راڤە دەكات:

P سەرجەمی بڕی كاڵا و خزمەتی بەرهەمهێنراوی وڵاتە لە ماوەی ساڵێكدا. واتە(GDI) (GDP) كە كورتكراوەی Gross Domestic Product یا Gross Domestic Income ن، كەوابوو دەڵێین:

سەرجەمی بەرهەمی گشتی وڵات = P

نیشانەی بەكاربەریی گشتی وڵات = C

نیشانەی سەرمایەگوزاری گشتی = I

بەپێی زانستی ئابووری بەرهەمی گشتی پێكهاتووە لە: سەرجەمی بەكاربەریی گشتی و سەرمایەی وەبەرهێنراوی گشتی وڵات، كەواتە دەتوانیین هاوكێشەی (٢) بەم شێوەی خوارەوە بنووسین:

(2)..............$P= C+I$

ئەگەر فۆمولی (٢) لە دوو بەشی $C+I$ پێكهاتبێ، واتە $P= C+I$، بێت و لە لایەكی تر لە فورمولی (١) $Y= C+I$ بێ، دەتوانیتن بلێین: چونكە $C+I$ لە هەر دوو هاوكێشەی (١) و(٢) دا بەشدارن، بە مەرجێك بڕی C و I لە هەر دوو هاوكێشەی Y وP دا یەكسان بن، كە بە پێی زانستی ئابووری گریمانە كراوە كە ئەو دوو كەرتە یەك نرخیان هەیە، دەرئەنجام ئەوەیە كە فورمەلی (١) و(٢) یەك ئەندازەن و یەك نرخیان هەیە. كەوابوو دەتوانێتن بلێین كە Y و P یەك نرخ یان هەیە و هاوسەنگ و یەكسانی یەكترن و $P=Y$ . بە ڕاڤە كردنی سەرەوە دەتوانێتن هاوكێشەی ژمارە (٣) بنووسین:

(٣)................ P=Y

وەکو پێشتر راڤەکرا P، لە زانستی ئابووریدا سەرجەمی بڕی کاڵا و خزمەتی بەرهەمهێنراوی گشتی وڵاتە لە ساڵێکدا.

## پێویستیەکانی بەکاربەریی هاوڵاتی یا بەکاربەیی گشتی

بە ئەو بەشەی لە پێداویستی و نیازەکانی بەکاربەریی دەوترێت کە هاوڵاتی بە گشتی پێویستی پێیانە و بەکاریان دەبات. بە واتایەکی تر ئەو بەشەیە لەو کەرستانەی دانیشتوانی وڵاتێك بۆ دابین کردنی ژیانیان پێویستیان پێیەتی.

لە فورمەلی Y= C+I دەتوانرێت ئەو ئاکامە وەربگرین کە بڕی Y بە دوو کەرتی C و I بەستراوەتەوە. واتە ئەگەر ئەندازەی هەریەك لەو دووانە کەم یان زیاد بکات، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بڕی Yی واتە داهاتی گشتی.

بەرهەمهێنانی گشتیی وڵات و بەکاربەریی هاوڵاتی، دوو کەرتی گرینگی بەیەك بەستراوەی ئابووریی وڵاتن.

دوو کەرتی کۆمپانیاکان و دەوڵەت، بەرهەمەکانی خۆیان، کە بریتین: لە کاڵا و خزمەتی پێویست بۆ بەکاربەریی هاوڵاتیی وڵات، لە ڕێگای بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە دەگەیەننە دەستی بەکاربەر، تا هاوڵاتی بتوانن کاڵا و خزمەتی پێویستی خۆی، بکڕن. بۆ کڕین و وەدستهێنانی کاڵا و خزمەتی پێشکەشکراو لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا، هاوڵاتی پێویستی بە دراوە. کەوابوو هاوڵاتی دەبێ بەشێك لە دراوی خۆی بۆ ئەو مەبەسەتە تەرخان بکات. بەکاربەر بۆ بەدەستهێنانی دراو، ناچارە هێزی کار و ئامراز و ئامێرەکانی بەردەستی، کە بۆ رەوتی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەتی و دەوڵەت... هتد پێویستن، بەکری یا فرۆشتنی بە شێکی، لەرێگەی بازاڕەوە بدا بە بەشی بەرهەمهێنان. هاوڵاتی لەو ڕێگەیەوە دراوی پێویست وەك حەقدەست و، بەشێکیش وەك پارە بۆ تەرخانکردنی ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دەستەبەر دەکات. بەم شێوەیە

دەبێتە خاوەنی دراو و دەتوانی پێداویستییەکانی خۆی لە بازاڕی ئازاد بکڕێ. ئاوا دراو و هێزی کار و تەرخانکردنی ئامرازی بەرهەم، لە بازنەی ئابووری وڵاتدا دەچەرخێن و، یەکەم بازنەی ئابووری کۆمەڵانی خەڵك لە بازنەی ئابووری وڵاتدا دەکەوێتە گەڕ.

کەرتی تایبەت کە کۆمپانیاکانن، بە گشتی لە بەرامبەر دانی پارە بە هاوڵاتی و دەوڵەت، ئەو کەرەستانە دەکرێت کە بۆ بەرهەمهێنان پێویستن و لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاریان دەهێنێت. لە ئاکامدا کاڵاکانی پێویستی هاوڵاتی و بەشێك لە پێداویستییەکانی دەوڵەت کە بەرهەم هێنراون، ڕەوانەی بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنیان دەکات. بەم شێوازە یەکەم بازنەی ئابووری، بە بەشداری دەوڵەت، هاوڵاتی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و نیمچەدەوڵەتی دروست دەبێت.




**مۆدیلی ژمارە (٨)**

له مۆدێلی ژماره (٨) دا پەیوەندی بەشی بەرهەمهێنانی کالاّ و خزمەت، له نێوان هاولاّتی و کەرتی تایبەت و ئامرازی و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و پاره نیشان دراوه. لەو مۆدێلەدا دەولّەت وەلانراوه و لەرەوتی بەرهەمهێنانی بەرهەمی ولاّتدا نییه. مۆدێلی ژمار (٨) مۆدێلێکی سادەی ئابووریه، که بازنەی سووڕی هەموو کالاّ و خزمەت و پارەی نێوان بەشدارانی مۆدێلێکی ئابووری داخراو، بیّ بەشداری دەولّەت و کەرتی دەرەوەی ئابووری نیشان دەدات.

لەو مۆدێلەدا کەرتی تایبەت لەلایەك، بەرامبەر پێشکەشکردنی ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، پاره دەداته بەشی هاولاّتی و له لایەکی دیکه له بەرامبەر پارەدا، کالاّی بەرهەمهێنراوی خۆی دەداته بەشی هاولاّتی. و بەم شێوەیه بەشێك لەو پارەی پێشتر له لایەن کەرتی تایبەت درابوو به هاولاّتی دەگەرێتەوه بۆ کەرتی تایبەت. بەم چەشنه چەرخانی پاره، کالاّ، ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دێته دی و، یەکەم بازنەی سووڕی ئابووری و کایەی گوزاتنەوەی، هێزی کار و ئامراز و ئامێرەکان و دراوی نێوان دوو کەرتی هاولاّتی و کەرتی تایبەت، دێته ئاراوه.

## کەمەربەند یا بازنەی ئابووری:

بازرگانی هەر ولاّتێك پەیوەندییەکی یەکجار زۆری به پێداویستییکانی کالاّ و خزمەت به مرۆڤەکانی کۆمەلّگاوه هەیه، واته له لایەك کالاّ و خزمەتی پێویستی بەشی بەکاربەریی له بازنەی ئابووریدا دێته گۆریّ و، لەلایەکی دیکەوه پێویستی بەشەکانی بەرهەمهێانی کالاّ و خزمەت بۆ دابین کردنی نیازەکانی کۆمەلاّنی خەلّك واته هاولاّتی دێته ناو کایەی بازنەی ئابووری.

ئاشکرایه، بۆ رەوتی بەرهەمهێنانی ولاّت، هەم بەشی بەرهەمهێنان پێویستی به هێزی کار و ئامراز و ئامێرەکانی هاولاّتی هەیه، و هەم مرۆڤەکانی کۆمەلّگا به گشتی پێویستیان به کالاّ و خزمەته بۆ بنبڕ کردنی نیازەکان و ژیانی رۆژانەی خۆیان هەیه.

بەم شێوەیە بازنەی پەیوەندی ئابووری نێوان دووبەشی بەرهەمهێنان و بەکاربەری دروست دەبێت. بێگومان دەوڵەتیش لە هەموو کۆمەڵگایەك بەشداری رەوتی بەرهەمهێنانی گشتی وڵات دەکات و وەك کەرتی تایبەت، خزمەتەکان و کاڵاکانی خۆی لە رێگای بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە رادەستی بەکاربەریی دەکات. داودەزگای دەوڵەتی دەتوانێ رۆڵێکی گرینگ و بەرچاو بگێڕێت، لە پێشکەشکردنی خزمەتەکانی پێویستی هاوڵاتی و کەرتی تایبەت و کۆمەڵانی خەڵك.

خزمەتەکانی دەوڵەت وەك: خزمەتی کەرتی رێگەوبان، تەندرووستی، تەرخانکردنی شوێنی نیشتەجی بوون بۆ هاوڵاتییانی کەم دەرامەت، سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگا، پاراستنی سنوورەکان، گەرانتیکردنی سیستمێکی ئازاد، دابینکردنی ئامراز و ئامێری پەیوەندی گشتی، ئاسانکاری رەوتی پەروەردە و فێرکردنی بۆ کۆمەڵانی خەڵك، دیاریکردن و پڕاکتیزەکردنی سیاسەتی دراو و کۆنترۆڵ کردنی بڕەی پارەی گەرۆگی ناو بازنەی ئابووری.

بازنەی ئابووری وڵاتێك بە بەشداری ئەو کەرتانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا، واتە هاوڵاتی و کەرتی تایبەت و دەوڵەت و کەرتی نیمچەدەوڵەتی، پێك دێت. بەڵام لە زانستی ئابووریدا بۆ دروست کردنی بازنەیەکی ئابووری، تەنیا کەڵك لە دوو بەشی هاوڵاتی و ئامراز و ئامێری پێویستی لە لایەك و، دراوی کەرتی تایبەت لە لایەکەی تر بۆ بەرهەمهێنان وەرناگیرێت، بەڵکو دەتوانرێت بازنەی ئابووری بەرینتر بکرێت و کەرتەکانی تر وەك دەوڵەت و بەشی بازرگانی دەرەکی لەو رەوتەدا بەشدار بکرێن. لەو حاڵەتەدا بازنەی ئابووری وڵاتێك بریتیە لە تێکڕای دراوی بازاڕی بەشدار لە سووڕی ئابووری و، هەموو کاڵا و خزمەتی بەرهەمهێنراوی کەرتی تایبەت و دەوڵەت و هاوڵاتی، لە گشت کەرتەکانی ئابووری وڵاتدا. ئاشکرایە کەرتی دەرەوە، واتە هەنارده و هاوردەی کاڵا وخزمەت دەکری لە مۆدێلی ئابووریدا بەشداری بکرێت، کە هەریەك لەو مۆدێلانە لە شوێنی خۆی لێدوانی لەسەر دەکرێت.

مەبەست لە دراو لە مۆدێلێکی ئابووریدا، ئەو بەشە پارەیە کە لە نێوان کەرتەکانی بەشداری ئەو مۆدێلەدا دەگۆازترێتەوە یان لە سووڕی بازنەی ئابووری کۆمەڵگادا دەگەڕی. بە واتەیەکی دیکە، بەو بەشە دراوانە دەوترێت، کە بە فەرمی خراونەتە ناو بازنەی

ئابووری، بۆ وەکارخستن و وەگەڕخستنی چەرخی ئابووری و، رەوتی بەرهەمهێنانی هەموو کاڵا و خزمەتەکانی پێویستی هاوڵاتی و کەرتی تایبەت و دەوڵەت.




**مۆدێلی ژمارە (٩) بازنەی ئابووری بێ بەشداریی دەوڵەت، ڕێژەی تیرەکان رەوتی بزاوتەکە نیشان دەدات.**

لە وێنەی ژمارە (٩) دا دوو کەرتی بەشداری بازنەی ئابووری نیشان دراوە:

### ١. سەرمایە یان دراوی وەبەرهێنراو لە بازنەی ئابووریدا.

لێرەدا مەبەست لەو بەشە دراوەیە، لە نێوان کەرتەکانی بەشداری بازنەی ئابووری لە گەڕان دایە، کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە دەدرێت بە هاوڵاتیان، لە بەرامبەر پێشکەشکردنی هێزی کار، کەرستە و ئامێرەکانی هاوڵاتی، بە رەوتی بەرهەمهێنان.

ئەو دراوەی لە لایەن کۆمپانیاکان یا کەرتی تایبەت و دەوڵەتەوە، بۆ کار و پێشکەشکردنی و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دەدرێتە هاولاتی، بەشێکی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی هاولاتیان خەرج دەکرێت و دەگەڕێتەوە ناو بازاڕ، واتە دەخزێتە ناو کەرتی تایبەت. زۆر جاریش بەشێك لەو پارەیەی بە هاولاتیان گەیشتووە هەمووی خەرج ناکرێ و، بەشێکی وەك پاشەکەوت و دەخرێتە بانك و دەوڵەت و ناوەندەکانی سەرمایەگوزاری.

## ٢ – ئاکامەکانی بەرهەمهێنان، بە واتایەکی تر کالا و خزمەت

بەو بەشە دەوترێت، کە لە لایەن کۆمپانیاکان یا کەرتی تایبەت و دەوڵەتی و کەرتی نیمچەدەوڵەتی بەرهەم دەهێنرێت و دەخرێتە ناو بازاڕ بۆ فرۆشتن و کڕینی لە لایەن بەشی هاولاتیەوە بۆ مەبەستەکانی بەکاربەریی. لەو ڕێگایەوە ئەو بەشە دراوەی هاولاتی وەکو حەقدەست پێی گەیشووە، خەرج دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی کەرتی تایبەت و دەوڵەت و بەشی نیمچە دەوڵەتی. هەر وەك لەو مۆدێلەی سەرەوە دەبینرێت، ئابووری ولات لەو قۆناخەدا تەنیا لە دوو بەش پێك هاتووە، یەکەم: بەشی هاولاتی کە بەشی بەکاربەری ئابووریە، دووهەم: بەشی بەرهەمهێنراو. دیارە کەرتەکانی تر وەك دەوڵەتی و بەشی نیمچەدەوڵەتی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەو ڕەوتەی سەرەوەدا بەشدارن، بەڵام باسیان ناکرێت. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەو دووبەشە گرینگ نین و، لەو قۆناخەدا چاوپۆشی لە بەشداربوونیان دەکرێت و تەنیا لەسەر دوو کەرت بەکاربەریی و کەرتی بەرهەمهێنان داڕێژاوە. هەروەها لەو مۆدێلەدا کەرتەکانی بازرگانی دەرەوەی ولات، واتە هەناردە و هاوردە و کەرتەکانی تری دارایی وەك بانکەکان و بازاڕی بۆڕس، بەشدار نەکراون و نیشان نەدراون. کەواتە بەپێی راڤەکردنی ئەو مۆدێلەی سەرەوە، داهاتی گشتی ولات بریتییە لە:

داهاتی سالانەی گشتی ولات، کە سەرجەمی داهاتەکانی ئەو ولاتەیە و، لە زانستی ئابووری دا بەهێمای Y ئاماژەی پێدەکری. هەروەها وەك پێشتر ئاماژەمان

پێکرد، داهاتی گشتی وڵات سەرجەمی کاڵا و خزمەتی بەرهەمهێنراوی وڵاتە لە ماوەی ساڵێکدا کە بە هێمای P ئاماژەی پێدە کرێت. پێشتر نیشان درا کە لە زانستی ئابووری دا P و Y یەك نرخیان هەیە و هاوتا و هاوسەنگن. داهاتی ساڵانەی وڵات= بەکاربەری ساڵانەی گشتی وڵات+ دراوی وەبەرهێنراوی ساڵانەی وڵات.

هاوکێشەی ژمارە (١)

$$Y= I + C \quad ............ (١)$$

Y = داهاتی گشتی ساڵانەی وڵات

C = بەکاربەریی ساڵانەی گشتی وڵات

I = دراوی وەبەرهێنراوی ساڵانەی وڵات

بە پێی زانستی ئابووری بۆمان هەیە ئەو هاوکێشەی خوارەوە بنووسین:

داهاتی ساڵانەی وڵات= پاشەکەوتی ساڵانەی گشتی وڵات + دراوی وەبەردهێنراوی ساڵانەی وڵات

هاوکێشەی ژمارە (٤)

$$Y = S +I \quad ...........(٤)$$

Y = داهاتی ساڵانەی وڵات

S = پاشەکەوتی ساڵانەی وڵات

I = دراوی وەبەرهێنراوی ساڵانەی وڵات

پێشتر نیشان درا کە دەرامەتی گشتی بە پێی هاوکێشەی ژمارە(١) بریتیە لە Y= I + C و، لە لایەکەی تر دەرامەتی گشتی بە پێی هاوکێشەی ژمارە (٤) بریتییە لە: Y= S + I، دەبینین I لە هەردوو هاوکێشەکەدا بەشدارە.بە مەرجێك ئەندازە یا نرخی I لە هەر دوو هاوکێشەکەدا هاوسەنگ و یەکسان بی، بەپێی زانستی ئابووری گریمانە دەکری کە I یەك نرخی هەیە ئەوسا دەتوانێتن بڵێین:

ئەگەر وا گریمانە بکرێت کە بەشی داهاتی گشتی لە هەر دوو هاوکێشەکەدا یەکسان و هاوسەنگە، واتە Y لە هەر دوو هاوکێشەکەدا وەك یەکە. ڕێژە و ئەندازەی پارەی

وەبەرهێنراوی گشتی لە هەر دوو هاوکێشە دا یەکسانە، بە پێی پرنسیپی ماتماتیکی، لەم دوو هاوکێشەیە هاوکێشەی پێنجەم دێتە ئاراوە:

(1).................... Y= C + I

(4).............. Y= S + I

(5)................ Y= S + C

کەواتە بە پێی هاوکێشەی ژمارە (٥):

داهاتی سالآنەی گشتی ولآت= پاشەکەوتی گشتی سالآنەی ولآت + بەکاربەریی گشتی سالآنەی ولآت

**پاشەکەوتی گشتی دراو:** بریتیە: لەو بەشە دراوەی هاولآتی خەرجی ناکات، یا بە بارمتەی دەدات و یا لە بانکەکان، بەشەکانی تری دارایی و دەولەتی و پەنسیۆن و بورسی پشکداری و... هتد، بە مەبەستی وەبەرهێنان دادەنرێت. کە وابوو بڕ و ئەندازەی دراوی پاشەکەوتکراوی هاولآتی، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە نرخی بەکرێدانی دراو، واتە بە سووددانی پارەوە هەیە لە بازاڕدا. ئەگەر بەهرەی پارەی بە سووددراو بۆ تەنیا بۆ سوود بی لە بازاڕی دراودا، کۆی پارەی پاشەکەوتی هاولآتی لای بانکەکان و ناوەندەکانی بەسوود وەرگرتنی دراو زیاد دەکات. ئەوەش مانای ئەوەیە پارەی بەسووددراو کاریگەری نەشیاو لەسەر سەرمایەگوزاری گشتی دادەنێت، بە واتەیەکی تر بڕی پارەی وەبەرهێنراو لە بازنەی ئابووریدا دادەبەزێ. کاتێك بەهرەی بەسووددانی دراو زۆرتر بی، پارەیەکی کەمتر سەرمایەگوزاری دەکرێت و، لە ئاکامدا ئاست و رادەی وەگەڕخستنی پارە دادەبەزێت، چونکە بە سوودانی پارە بۆ مەبەستەکانی سەرمایەگوزار گونجاو نییە. لە حالەتێکی ئاوادا خاوەن پارە کەمتر روودەکاتە پەرە پێیدانی سەرمایەگوزاری، ئەوەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی ئیشکەر و لەئاکام دا ژمارەی بێکاران لە ولآتدا زیاد دەکات.

**کەرتی دەوڵەتی ڕاستەوخۆ لە بازنەی ئابووری داخراودا، بەشدار نییە:**

بازنەی ئابووری داخراو بە ڕێبازێکی ئابووری دەوترێت کە داموودەزگای دەوڵەتی و هاوەردەو هەناردە تێیدا بەشدار نەبێت، بەڵام دوو بەشی جەماوەر، (هاوڵاتی) و بەشی کۆمپانیای تایبەت بە فەرمی و ڕاستەوخۆ تێیدا بەشدارن.




**مۆدێلی ژمارە (١٠) بازنەی ئابووری مۆدێلی داخراو یان دەوڵەت تێیدا بەشدار بێ.**

بەشی جەماوەر(هاوڵاتی) هێزی ئیش و ئامرازی و ئامێری بەرهەم پێشکەش بە بەشی کۆمپانیاکان دەکا و، لەبەرامبەردا کەرتی تایبەت بۆ تەرخانکردنی هێزی کار و ئامراز و ئامێری پێشکەشی دراو وەك هەقدەست دەداتە هاوڵاتی. بەو داهاتەی لە ماوەی ساڵێك دێتە دێ داهاتی ساڵانەی گشتی وڵاتی پێ دەوترێت و، زانستی

ئابووری ئەو داهاتە بە هاوکێشەی Y= C+S نیشان دەدات کە پێشتر وەکو هاوکێشەی ژمارە (١) ئیشارەی پێکراوە.

بەشێك لەو داهاتە خەرج دەکرێت کە پیێ دەڵێین بەکاربەریی گشتی وڵات. ئەو بەشە بریتی لە نرخی هەموو کاڵا و ئەو خزمەتانەی کە بەشی بەکاربەریی پێویستی پێیەتی و کەڵکی لێوەردەگری. نیشانەی بەکاربەریی گشتی لە مۆدێلی ئابووری بەC ناسراوە. بەشەکەی دیکەی داهاتی گشتی کە لە لایەن هاوڵاتیەوە خەرج ناکری لە بانکەکانی وڵات یا ناوەندەکانی دارایی پاشەکەوت دەکرێت. دیارە دەبێت ئاماژە بەو مەسەلەیەش بکرێت، ئەو بەشەی لای بانك و ناوەندییەکانی دارایی پاشکەوت دەکرێت لە کۆتاییدا سوودی دەکەوێتە سەر. بەشە پاشەکەوتی پارەی هاوڵاتی دەتوانرێت بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکی لێوەر بگیرێت، بەڵام دەتوانێت ریسك یان مەرترسی یا زیانیشی تێدا بێت بۆ نموونە کڕین و فرۆشتنی پشك و رەنگە زیانی خاوەن پارەی لیێ بکەوێتەوە. بەڵام دانانی دراوی بۆ پاشەکەوت کردن و بەکرێدانی لە لایەن بانکەکان، بە بەراووردی لەگەڵ سەرمایەگوزاری لە کەرتی پشکداری و هتد دا مەترسی و زیانی کەمترە. زۆر جار لە حاڵەتی بەسووددانی دراو لە لایەن بانکەکانەوە وا هەڵدەکەوێت کە خاوەن دراو تەرەفی بەکریێ گری پارەکەی ناناسێت و تەنانەت بانکیش ئاگاداری ئەو مەسەلەیە.

لەو حاڵەتەدا بانك بەرپرسی زەرەر و قازانجی پارەی وەسودهێنراوی خاوەن دراوە و خاوەن پارە هیچ پێوندییەکی بە ئاستی زەرەر و زیانی پارەکەوە نییە تەنانەت ئەو بەشە لە قازانجی دراوەکەی پارەی پێدەگات کە لە پەیماننامەی نێوان دوو لایەنی بانك و خاوەن سەرمایە واژۆ کراوە. پێویستە ئەوەش بڵێین ئەگەر ئەو بانکەی پارەی پاشەکەوتی لایە مایەپووچ بی، هەرچەند بانکی ناوەندی وڵات بەشێك لە مایەپووچ یان نابووتبوونی بانکەکانی تایبەت دادەپۆشێت، بەڵام خاوەنی پاشەکەوتی پارە بەشێکی زۆر لە پارەی پاشەکەوتی خۆی لای بانکی نابووت بوو لە دەست دەدات. دراوی پاشەکەوتکراوی هاوڵاتی لای بانکەکان بۆ مەبەستی بە سوودان بە پێی

ڕێژەیەکی پێشوەخت دیاری کراو بڕیاری لەسەر دراوە. لە کۆتایی ماوەی دیاری کراودا قازانجی ئەو پارەیە بە پێی شێوازی بەسوودانی دەدرێتە خاوەن پارەکە. قازانجی ئەو پارەیە پەیوەندی بە بڕی پارە و ماوەی وەسودهێنراوە و جۆری ریسکی سەرمایەگوزارییەوە هەیە، ئایا خاوەن پارە لە ئەگەری بوونی ریسکدا مەترسی لەدەستدانی پارەکەی تەوافوقی کردوە یان نا، ئەو بەشە دەتوانێت دەرسەدی سوودی یان زەرەری بەشە پارەی بەکرێدراوی خاوەن پارە زیاد یان کەم بکات. لە زانستی ئابووریدا بۆ بەشە دراوی پاشەکەوتکراو نیشانەی Sدادەنرێت. هاوکێشەی پاشەکەوتکردنی گشتی وڵاتێك لە مەڕ داهاتی گشتی ساڵانەی وڵاتدا واتە، Y بە پێی زانستی ئابووری بەو شێوەی خوارەوە دەنووسرێت:

هاوکێشەی ژمارە $(6)......Y= C +S$

پێشتر نیشان درا کە بەرهەرمی گشتی و داهاتی گشتی وڵات هاوسەنگن و یەکسانن. لە هاوکێشەکانی سێ و چوار دا لایەکی هاوکێشەکان $(C + S)$ ، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە لە هەردوو هاوکێشە دا نرخی بەکاربەری و پاشەکەوەت $(C + S)$ یەکسانە، دەبی نرخی بەرهەمی گشتی و داهاتی گشتی، بە پێ هاوکێشەکانی سێ و چوار هاوتا و هاوسەنگە بن، کەوا بوو دەتوانرێت هاوکێشەی پێنجهەم بنووسین:

لە هاوکێشەی (٥) دا پێشتریش دیاری کرابوو کە بەر هەمی پێشکەش کراو لە لایەن کۆمپانییەکان$(P=Y)$یە، کەوابوو دەتوانێتن بەو ئەنجامە کە:

$$Y= C+S \longrightarrow P= C+ S$$

$$Y = C+I \longrightarrow P = C+ I$$

بەپێی هاوکێشەی چوار و پێج هاوکێشەی P=Y دێتە دی کە وابوو نرخی P و Y یەکسانن و هاوسەنگیی یەکترن و دەتوانرێت ئەو ئەنجامە وەربگرین کەC+I=C+S چۆن C لە هەر دوو لای هاوکێشەکاندا بەشدارە و گریمانیش ئەوەیە کە نرخی C نەگۆڕە و لە هەردوو هاوکێشەکاندا یەکسانە. دەتوانێتن بڵێین(S) و(I)، واتە بڕی دراوی پاشەکەوتکراوی هاوڵاتی و ئەندازەی دراوی وەسوودهێنراو یەك نرخ یان هەیە و هاوتا و هاوسەنگی یەکتر بن.

بەپێی ئەو لێکدانەوەیە بۆمان هەیە ئەو ئاکامەی خوارەوە بنووسین و بە هاوکێشەی ژمارە (٦) ی دابنێین:

S = I ..........(٦) هاوکێشەی (٦) نیشانی دەدات کە ئەو دووانە هاوسەنگی یەکترن.

لە وێنەی ژمارە (١٠) دا گریمانە کراوە کە هاوڵاتی، بڕی (١٥٠) دۆلاریان لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت وەرگرتووە، لە بەرامبەر پێشکەشکردنی هێزی کار و ئامراز و ئامێری بەرهەمهێنان بە رەوتی بەرهەمهێنان.

لەو بڕە دراوە هاوڵاتی (١٢٥) دۆلاری خەرج کردووە وبڕی (٢٥) دۆلارێشی پاشەکەوت کردووە.

تێبینی: لە سەر Yb

Yb سەرجەمی ئەو بەشە دراوەیە، کە هاوڵاتی پێی گەیشتووە و مەبەست لە(C) ئەو بڕە دراوەیە کە هاوڵاتی خەرجی دەکات و( S )هێمای پاشەکەوتی بەشە دراوی هاوڵاتیە.

لە پراکتیکدا ئەو وتەی سەرەوە ئاوا دەنوسرێت:

Y=C+S

Y= 125+ 25

Y= 150

پێشتر نیشان درابوو ک Y=P

کەوابوو: $P= 150$

لە لایەکی ترنیشان درابوو: $I + P= C$

یان $I+C=125+I=$۱۵۰

کەوابوو نرخی $I = 25$ دۆلارە و پێشتر نیشان درا کە I و S هاوسەنگن و، دەتوانیێتن بلێین کە $S=I$ واتە یەکسانن. بەڵام لە مودێلێکی داخراودا بە بەشداری دەوڵەت، کە لە وێنەی ژمارە (۱۰) نیشان دراوە، دوو کەرتی هاوردە و هەناردەی تێدا نییە، کە وابوو دەتوانینن بە پێی زانستی ئابووری ئەم دەرئەنجامە بنووسین: بەپێی زانستی ئابووری مۆدێلی داخراوی ئابووری وڵات بریتییە لەو مۆدێلەی، کە کەرتی دەوڵەتی بەبی کەرتی بازرگانی دەرەکی واتە هاوردەو هەناردە، بەشدار بی. ئەمەش بەپێچەوانەوە مۆدیلێکی ئابووری کراوەیە کە لەو مۆدێلەدا هەر دوو بەشی بازرگانی دەرەکی و هەڵسووڕانی ئابووری و دەوڵەت و کەرتەکانی هاوڵاتی و بەشی بەرهەمهێنانی تایبەت تێیدا بەشدارن.

لە سیستەمێکی ئابووری کراوەدا کە دەوڵەت بەشدارە، خەرجییەکانی داهاتی دەوڵەت دێنە گۆڕێ. نموونەی خەرج و تێچوونەکانی دامودەزگاکان، واتە مووچەی کارمەندەکان و بەشی هاتوچۆ و تەندرووستی و پاراستنی نەزم و ئاسایش و ئاگاداری سنورەکان و تەرخانی کردنی دراو بۆ یارمەتیدانی توێژی کەمدەرامەد و بەرێوەبەری سیاسەتی دراو و هێنانە ژێر ڕکێفی بڕە دراوی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری داو... هیتر.

لە بەرامبەر ئەو خەرجییانەدا، دەوڵەت بە دانانی بەرنامەیەکی باجی ڕێکوپێك و، شێوازی جۆراجۆر لەسەر بەشەکانی بەرهەمهێنان و، بەکرێ دانی هێزی کاری و ئامراز و ئامێر بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان، باجی داهات و ئەو بابەتانە، هەوڵ دەدات کە خەرجەکانی خۆی دەستەبەر بکات.

**بازنەی ئابووری داخراو کە دەوڵەتی تێدا بەشدارە:**




**مۆدێلی ژمارە (١١) بازنەی ئابووری داخراو بە بەشداری دەوڵەت.**

لە مۆدیلی سەرەوەدا کە دەوڵەت تێیدا بەشدارە، هاوڵاتی بۆ پێشکەشکردنی هێزی کار و ئامراز و ئامێری بەرهەمهێنان داهاتی خۆی لە دوو بەشی دەوڵەت و کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت وەردەگرێ. هاوڵاتی بەشێك لە داهاتەکەی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی

تەرخان دەکات، بەم شێوەیە بەشێك لە داهاتەکەی دەگەڕێتەوە بازاڕ و لە کۆتاییدا بۆ بەشی تایبەت و دەوڵەت. بەڵام ئەو بەشە لە داهاتی هاوڵاتی کە خەرجی ناکرێت، لای بانەکەکان و ناوەندەکانی دارایی بۆ پاشەکەوت و سەرمایەگوزاری دادەنرێت و، وەك دراوی وەبەرهێنراو کەڵکی لێ وەردەگیرێت. لە کۆی دراوی حەقدەست و داهاتی هاوڵاتی و بەشی تایبەت، باجی دەوڵەتی کەم دەکرێتەوە و ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر حیسابی دەوڵەت.

کەوابوو دەتوانێتن هاوکێشەی خوارەوە بنووسین:

$$Y=C+S+T$$

لەو هاوکێشەیەدا، باج  کە بەشێکی گرینگی داهاتی دەوڵەتە بەهێمای T دیاریکراوە. لەلایەکیتر  دەتوانین ئەو مۆدیلەی خوارەوە بنووسین، لەو مۆدێلەدا بەرهەمی گشتی وڵات پێکهاتووە لە بەکاربەریی گشتی واتە(C) و دراوی وەسوود هێنراوی گشتی(I)و بەشی بەرهەمهینانی دەوڵەت (G)، کەوابوو دەتوانێتن هاوکێشەی خوارەوە بەم شێوەیە بنووسین:  P=C+I+G نیشانەی بەشداری دەوڵەت لەمۆدێلێکی ئابووریدا بۆ خەرجەکانی دەوڵەت پیتی G یە و ئەوەش مانایە ئەوەیە کە G گشت خەرجەکانی دەوڵەتە. بەرهەمەکانی دەوڵەت بریتین لە گشت خزمەتەگوزارییەکانی دەوڵەت کە ئامادەی پێشکەشکردنی هاوڵاتی و بەشی تایبەت و هتد دەکات، خزمەتگوزارییەکان وەك: پەروەردە و فێرکردن و بارهێنان، تەندروستی، ئاسایشی گشتی و ڕێگەوبان، پاراستنی سنوورەکان، گەرانتی کردنی داودەزگای بەریوەبەرایەتی و ئازادی کۆمەڵانی خەڵك و ئامادەکردنی شوێنی نیشتەجی بوون بۆ توێژی کەم داهات و هتد.

لەڕاستیدا دیاریکردنی نرخی واقیعی خزمەتەکانی دەوڵەت کارێکی ئاسان نییە و ئیشێکی زۆر سەختە، چونکە ئەو خزمەتگوزارییەی لەلایەن دەوڵەتەوە پێشکەشی بازاڕ و کۆمەڵانی خەڵك و کومپانیاکان دەکرێ زۆربەیان یارانەی داراییان لە سەرە، لەبەرئەوە مەزەندەکردنی نرخی واقیعی بازاڕیان گەلێك چەشنە.گریمان نرخی خزمەتەکانی دەوڵەت و حەقدەستی گشتی کرێکارانی دەوڵەت یەکسانن و لە هێمای

Gدا کۆکراونەوە. بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێ بەردەوام خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتییان و کەرتی تایبەت بکات، پێویستی بە داهاتە. بەشی هەرە زۆری داهاتی دەوڵەتیش لە باج وەرگرتن دابین دەکری، وەك باجی حەقدەست و داهاتی هاوڵاتی و کارمەندانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت و بەشی بەرهەمهێنانی کومپانیاکان و بەرهەمهێنانی نیمچەدەوڵەتی و دەوڵەتی و، هەموو ئەو کاڵایانەی دەخرێنە بازاڕ باجیان دەکەوێتە سەر. باج داهاتێکی گرینگ و دابینکراوی دەوڵەت و داموودەزگای بەرێوەبەری وڵاتە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. دەوڵەتەکان بۆ بەردەوام بوون لە خزمەتگوزاری لە رێگەی باج وەرگرتنەوە خەرجییەکانیانی دابین دەکا و، خەڵکیش بە دانی باج بێ هیچ کێشە و گیروگرفتێك هاوکاری دەوڵەت دەکەن.

ئەو باجەی دەکەوێتە سەر حەقدەست و داهات و مووچەی ماناگانەی کارمەند و کرێکار و... هتد، **باجی راستەوخۆی** پێی دەوترێت و، ئەوەش بەو مانایەیە کە ڕێژەی دیاریکراوی باج لە لایەن دەوڵەتەوە لەسەر حەقدەست و مووچە و داهات و مانگانە، بەر لە پێدانی مووچە کەم دەکرێتەوە و ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر خەزانەی دەوڵەت. بەڵام باجی کەرتی تایبەت و کومپانیاکان، لە کۆتایی ساڵی کاری یان دارایی، دوای ئەوەی بەشی ژمێریاری کاروباری تێچوون و خەرجییەکان و داهاتەکانی دیاری کرد، ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر حیسابی دەوڵەت.

جۆرێکی دیکەی باج، کە دەوڵەت لەسەر کاڵا و خزمەتی پێویستی بەکاربەری دایدەنی، باجی ناراستەوخۆیە. باجی ناراستەوخۆ بەو باجە دەوترێت کە دەکەوێتە سەر کاڵا و خزمەتی بەکاربەریی دەوڵەت بە پێی جۆری کاڵا و خزمەتی بەکاربەریی ڕێژە و مەزەندیەی هەر کاڵایەکی بەکاربەریی دیاری کردووە و، لە لایەن فرۆشیاری کاڵا و خزمەت لە کڕیار وەردەگیرێت و، کۆدەکرێتەوە و هەر سێ مانگ جارێك دەخرێتە سەر حیسابی دەوڵەت. شێوازی وەرگرتنی ئەوە باجە بەم شێوەیە: لە کاتی کڕینی کاڵا لە لایەن دووکاندار لە بەشی بەرهەمهێنان، یان بەکۆفرۆشی شتومەك پێی دەدرێت، دووکاندار لە کاتی فرۆشتنی هەر کاڵایەکدا، ڕێژەیەکی دیاری کراوی باج

ناڕاستەوخۆی کە پێشتر دەبوو بیدا بە خاوەن کاڵا، لە کڕیاری وەردەگریّ و لای خۆی کۆی دەکاتەوە و، هەر سێ مانگ جاریك دەیداتە دەوڵەت. ڕێژە و بڕی ئەو باجەی بە پێی کاڵا و خزمەت لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری دەکرێت، جیاوازە و لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر ، هەروەها باجی هەڵاواردە یا بەخشراو هەیە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە ڕێژەی ئەو باجە لە نێوان ١٦ تا ٢٠./. هێندێك کاڵا وەك خواردەمەنی، باجی ناڕاستەوخۆیان لەسەر نییە و بە شێکی تر وەك جگەرە، سووتەمەنی و خواردنەوەی ئەلکۆلی، ڕێژەی باجیان بە بەراورد لەگەڵ کاڵاکانی تر زۆر زیاترە. لەو وڵاتانەی خاوەنی نەزم و شێوازێکی پێشکەوتووی ئابوورین، ڕۆڵی باج لە پێکهێنانی داهاتی گشتیدا، گەلێك بەرچاو و گرینگە، بەشی زۆری داهاتی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا کە سیستمێکی ڕێکوپێکی ئابووریان هەیە، بە باجەوە بەستراوەتەوە.

ئەو کاڵا و خزمەتەی کە لەدەرەوەش ڕا هاوردەی ناوخۆی وڵات دەکری، جگە لە حەقدەستی گومرگ باجیشی دەکەوێتە سەر. وڵاتانی ئەورووپا، بە پێچەوانەی وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی سروشتی، کانزایی و نەوەت و گاز، سەرچاوەی داهاتی گشتییان لە باج پێکهاتووە. هەر بەو هۆیەشەوە سیستەمەکانی ئابووری ئەو وڵاتانە، بایەخێکی یەکجار زۆریان داوە بە شێوازی باجگیری، بە گشتی خاوەنی نەزمێکی ڕێکوپێکی باجن. شێوازی باجگیری وڵاتانی ئەروپایی لە ویلایەتە یەکگرتووکان جیاواز. لەم بەشەدا بە وردی باسی هەموو شێوازەکانی باجگیری ناکەین، تەنیا ئاماژە بەدوو شیواز دەکەین کە هەنووکە کەڵکیان لێوەردەگیرێت:

•شێوازی باجی Progressive Tax Model (واتە باجی ڕوو لە زیاد بوون)

لە سیستمێکی باجی ئاوادا، ئەو بەشە لە داهات کە بڕی لە سەرەوەیە باجی زۆرتری دەکەوێتە سەر و ئەو بەشە لە هاوڵاتی کە بڕی داهاتی لە خوارەوەیە باجکی کەمتری دەگرێتەوە.

•شێوازی باجی Regressive Tax Model (واتە باجی ڕوو لە کەمبوون)

ئەم شێوازە بناغەکەی ئاوا دارێژاوە، داهاتی کەم بە بەراوورد لەگەڵ داهاتی بەرز باجی زۆرتریان دەکەوێتە سەر. هەروەها باج لەسەر بەشە داهاتی هاولاتی کە بڕەکەی کەمە، بەبەراوورد لەگەڵ داهاتی ئەو بەشە لە هاولاتی و کەرتی تایبەت و کارمەند کە بڕی داهاتیان زۆرترە، زۆر پترە. ئەو شێوازە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا کەڵکی لێ وەردەگێڕیت و، هەر ناوچەیەك لە دیاری کردنی باج سەربەخۆیە و، بە پێی بادرودۆخی ئەو ناوچەیە باج لەسەر داهاتی بەشی فرۆشتن و هاولاتی دیاری دەکات.

**تێبینی:** لە هەر دووشێوازی باجگیری سەرەوەدا، پلەی یەکەمی داهات باجی ناکەوێتە سەر و دەبێت بە وەش ئاماژە بکرێت کە باری ژیانی هاولاتی لە دیاریکردنی باج لە سەر داهاتەکەی، رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. بۆ نموونە، خێزانی هاولاتی لە چەند کەس پێکهاتووە؟ ئەگەر هاوسەرن، ئایا هەردوویان کار دەکەن؟ چەند منداڵیان هەیە؟، بارودۆخی تێچوون و خەرجی ڕۆژانەیان چۆنە؟. ئەو فاکتەرانە لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر جیاوازن و هەڵاوردیان هەیە، بێگومان کاریگەری و لەسەرڕێژەی باجی هاولاتی دادەنێت.

### بازنەی ئابووری کراوە:

بەپێی زانستی ئابووری، مۆدێلی ئابووری کراوە لە هەموو بەشەکانی بەرهەمهێنان، هاولاتی، دەوڵەت، بازرگانی دەرەکی و هەموو ئەو کەرتانە پێکهاتووە، کە دەتوانن بە شێوەیەك لەسەر داهاتی گشتی کاریگەر بن. لە شێوە ژمارە یازدەدا مۆدێلێکی کراوەی ئابووری نیشان دراوە. مۆدیلی ژمارە(١٢) بازنەی ئابووری کڕاوەیە.




**مۆدێلی ژمارە (١٢) بازنەی ئاوەڵەی ئابووری، بە بەشداری دەوڵەت، و کەرتی بازرگانی دەرەوە.**

هەناردەی وڵاتیک بەو بەشە لە کاڵا و خزمەتی دەوترێت، کە لە ناوخۆی وڵات بەرهەم هێنراوە و بۆ بەکاربەریی وڵاتەکانی تر، ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین، کە هەنوکە بە هۆی نەزمێکی ئاواڵەی بازرگانی و بارودۆخی وڵاتان لەمەڕ تێچوونەکانی رەوتی بەرهەمهێنان، کە زۆر جار بەشێك لەو کاڵایانەی لەو وڵاتانەی تێچوونی بەرهەمهێنانیان هەرزانترە، بەرهەم دەهێنرێت، لە

وڵاتێکی تر مونتاژ دەکرێت و لەوێوە بە مەبەستی بازرگانی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن. ئەو کاڵایە دەبێتە هەناردەی ئەو وڵاتەی لێی مونتاژ کراوە.

لەزانستی ئابوریدا هێمای ئەو بەشە لە کاڵا و خزمەت کە هەناردەی دەرەوە دەکرێت X ە، و بەپێچەوانەوە ئەو کاڵا و خزمەتەی کە لە وڵاتانی دەروەڕا بۆ ناوخۆی وڵاتێك هاوەردە دەکڕین، هاوردەی پێدەوترێت و، هێمایەکەی لە زانستی ئابووری دا M ە. لە بنەڕەتدا هەناردەی کاڵا و خزمەتی وڵاتێك بۆ وڵاتەکەی دیکە دەبێتە هاوردەی ئەوە وڵاتە و هاوکات هاوردەی کاڵا و خزمەتی ئەو وڵاتە بۆ وڵاتێکی دیکە دەبێتە هەناردەی ئەو وڵاتە. بەپێ یاسای ئابووری ئەندازەی هەناردە و هاوردەی کاڵا و خزمەتی وڵاتێك، دەبێ هاوسەنگ بی. ئەگەر ئەندازەی هاوردەی وڵاتێك واتە کاڵا و خزمەتی دەرەکی بۆ ناوخۆی، لە ئەندازەی هەناردەی کاڵا وخزمەتی ئەو وڵاتە پتر بێت، مانای وایە ئەو وڵاتە خەرجییەکانی کڕینی کاڵا و خزمەتی دەرەکی، لە کەرتی هەناردەی شتومەکی بۆ دەرەوەی وڵات زیاترە. لە حاڵەتێکی ئاوادا کە هاوردە لە هەناردە پترە، ئەو وڵاتە و توشی کێشەی کەمی دراوی دەرەکی دەبێت. ئەوەش مانایە ئەوەیە ئەو وڵاتە توشی قەرزداری دەرەوە دەبێت، واتە ئەو وڵاتە بۆ هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی بەردەوام قەرزدارە و ئەوەش دەتوانێت کاریگەری خراپ لە سەر ئارەزووی سەرمایەگوزارانی دەرەکی لەو وڵاتەدا دابنێت. بەو شێوە قەرزداریە دەڵێن **کەمیی دراو**، واتە کەمی دراوی دەرەکی ئەو وڵاتە. بە پێچەوانەوە ئەگەر وڵاتێك زیاتر کاڵا و خزمەت بۆ درەوەی وڵاتەکەی هەناردە بکات و، بە ئەندازەیەکی کەمتر کاڵا هاوردە بکات بۆ ناوخۆی وڵات، دراوی دەرەکی ئەو وڵاتە لە خەرجییە دەرەکییەکانی پترە و، حیساب دراوی ئەو وڵاتە پۆزێتیڤە، ئەوەش مانایە ئەوەیە کە ئەو وڵاتە دراوی زیدی لە حیسابی دەرەوەدا هەیە.

لە بازنەیەکی ئابووری داخراودا، تەنیا بەشی هاوڵاتی و کومپانیاکانی کەرتی تایبەت لەو مۆدێلەدا بەشدار دەکرێن، بەڵام لە ئابووریەکی ئاوادا هەموو بەشەکانی بەرهەمهێنان کە پەیوەندییان بە داهاتی گشتی وڵاتەوە هەیە، بەشدارن.

**ئەو هۆكارنەرانەی لەسەر كواڵیتی و ئەندازەی كاڵا و خزمەت كاریگەرن**

داوا لە سەر كاڵا و خزمەتی بەشی هاوڵاتی پێوەندیەكی زۆری بە بارودۆخی تاك و هاوڵاتییەوە هەیە، كە هێندێك لەوانە لە زانستی ئابووریدا زۆرتر بایەخیان پێدەدرێت, بریتین لە:

١. تەمەنی بەكاربەریی یان كڕیار.

٢. رەفتار و سروشتی بەكاربەریی یان كڕیار.

٣. كەمییەتی هاوڵاتی، ئایا هاوڵاتی لە چەند كەس پێكهاتبی.

٤. پێشەی بەكاربەریی یان كڕیار.

٥. پلەی خوێندنی بەكاربەریی یان كڕیار.

٦. پلەو ڕێژەی داهاتی بەكاربەریی یان كڕیار.

٧. بەها یان نرخی شتومەك و خزمەت لە بازاڕدا.

٨. ئاستی دەسپێڕاگەیشتنی كاڵا و و خزمەت لە بازاڕدا و مەودای هەڵسووڕانی بەكاربەریی لە بازاڕێكی ئازاددا.

٩. بارودۆخی ئابووری وڵات و دەرەوەو و، ڕادەی ئامادەیی بانكەكان بۆ تەرخارنی كردنی بڕی پارەی بەسووددان.

١٠. ئەندازە پاشەكەوتی گشتی وڵات.

١١. بارودۆخی سیاسی و پەیوەندی دەرەوە.

لە ئابووری زەبەڵاح دا (Macroeconomics )، تەنیا پەیوەندی نێوان داوای گشتی لە سەر كاڵا و خزمەت، لە لایەن بەكاربەریی یان كڕیاری شتومەك و خزمەت

له لایەك و بەرهەمی گشتی له لایەکەی تر لێکوڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەو پارامێترانەی تر که دەتوانن لەسەر ڕێبازی لێکوڵینەوەکه کاریگەر بن، لەو پرۆسەیەدا بەشداری ناکرێن و ئەوا پارامیتری نەگۆرن. ئەوەش مانای ئەوەیه گریمانه کراوه که ئەو پارامێترانه ناگۆردرێن، واته بەپێی فۆرمۆڵی سیتریس پارابووس (Paribus Ceteris)کەڵکی لێوەرگیراوه. داوای گشتی له سەرشتومەك یان خەرجی له لایەن کڕیار له ئابووریدا (C) ی بۆ نیشانه کراوه. بۆ بەرهەمی گشتی له ئابووریدا هێمای(Y)بەکارهاتووه. وای دادەنێین، که پەیوەندی نێوان داوای گشتی له سەرشتومەك و کاڵا له لایەن کڕیار و بەرهەمی گشتی، ئەم هاوکێشەکەیه:

+ C= ¾Y ٢٥

لەم هاوکێشەیه دەتوانین بەو ئەنجامه بگەین، که داوای گشتی له سەر کاڵا و خزمەت له لایەن بەکاربەریی یان کڕیار هەموو کاتێك لانی کەم نرخەکەی (٢٥) ە. له زانستی ئابووریدا بەو رێژەیه ٢٥ دەڵێن داوای سەربەخۆ یان C ئۆتۆنوم و ئەو کەرته هیچ پەیوەندێکی به بەرهەمی گشتی وڵاتەوه نییه. ئەمەش مانای ئەوەیه که گۆڕانکاری له Y هیچ کاریگەری لەسەر C ئۆتۆنوم نابێت. گریمانه ئەوەیه که لەهەموو حاڵەتێکدا بەکاربەریی گشتی بڕی (٢٥)بێت، که وابوو بەکاربەریی و بژێوی هاوڵاتی پێویسته لانی کەم بڕی (٢٥) بێت. ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی به بڕو ئەندازەی بەرهەمی گشتییەوه نییه. لەهەموو کاتێکدا پێویسته ئاستی (٢٥) بۆ بەکاربەریی واته بژێو و کڕینی خۆاردەمەنی و جلوبەرگ لەدەست هاوڵاتیدا بێ، بێ ئەوەی لەسەر Y کاریگەری هەبێت. بەو مانایەی ئەگەر نرخی Y واته داهاتی گشتی یا بەرهەمی گشتی سفر(٠) بێ، C سەربەخۆ لەهەموو حاڵەتێکدا، ئاستەکەی (٢٥)ە.

لەم چوارچێوەی خوارەوەدا پەیوەندی نێوان Y و C نیشان دراوه. زیاد و کەم کردنی نرخیY پەیوەندی ڕاستەخۆی بەC سەربەخۆوه هەیه:

| Y | C |
|---|---|
| 0 | ¾ x 0 + 25 = 25 |
| 20 | ¾ x 20 + 25 = 40 |
| 40 | ¾ x 40 + 25 = 55 |
| 100 | ¾ x100+25= 100 |
| 120 | ¾ x 120+25= 115 |

**خشتەی ژمارە (١٣) پەیوەندی نێوان مەسرەف و داهات بە پێی هاوکێشەی ٢٥ + C= ¾Y**




**وێنەی ژمارە (١٤) پەیوەندی نێوان C و Y لەسەر ئەساسی هاوکێشەی ٢٥ + C= ¾Y**

بە پێی کەم و زیادکردنی C و Y لە خشتەی ژمارە (١٣) دەتوانێتن گرافی ژمارە (١٤) بکێشین. لە گرافی سەرەوەدا دەبینین پەیوەندییەکی راستەوانە لە نێوان Y و C لە ئارادایە. ئەو کاتەی بەکاربەریی گشتی بەرز دەبێتەوە داهاتی گشتی زیاد دەکات. بە واتەیەکی تر هەر ئالۆگۆڕیەك لە Y، دەبێتە هۆی گۆرانکاری C و پێچەوانەکەشی راستە. ئاشکرایە بەشی مەسرفی سەربەخۆ یان ئەوتۆنوم لە هەموو حاڵەتێکدا نرخی (٢٥) هەیە و ناگۆردرێت. کاتێك بەهۆی ڕاوەستانی داهاتی گشتی (واتە ئالۆگۆڕی




داها
دەتو
¾
یان
بەس
مەو
سەر

لە گرافی ژمارە (١٥) دا کەم و زیاد کردنی مەسرەف بە هێمای ΔC و کەم و زیادکردنی داهاتی گشتی ΔY بە دیاریکراوە.




**راڤەكردنی مۆدێلی ژمارە (١٥) بە ڕێبازی ماتماتیكی:**

بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان پاشەكەوت و بەكاربەریی كە پێشتر باس كرا، كەڵك لە هاوكێشەی پلەیەكی ماتماتیكی وەگێراوە واتە . = ax+by گرافی هاوكێشەی پلەی یەك هەمیشە هێڵێكی ڕاستە. بۆ نموونە دەمانەوی گرافی هاوكێشەی y= ½ x + 10 بكێشین، دەبی بەم شێوەی خوارەوە كار بكەین:

لەسەر هێڵی شاوڵی y نیشانە دەكەین و لەسەر هێڵی ئاسۆیی نیشانەی x دیاری دەكەین. دوو نرخی x بەپێی y= ½ x + 10 حیساب دەكەین و ئاوا نرخەكانی y دیاری دەكەین. ئەگەر x= 0 بێت، y = 10 یە. ئەگەر x=20 بێت، y=20 یە. ئەو خاڵانە لە گرافی خوارەوەدا دیاری دەكەین و خاڵەكان بەیەكەوە دەلكێنین، ئاوا هێڵێكی ڕاست دێتە دی. گرافی ژمارە (١٦):

كەم و زیادكردنی مەسرەف بە نیشانەی$\Delta C$ دیاری كراوە و $\Delta Y$ بۆ كەم و زیادكردنی داهاتی گشتی لە سەر خەتە ڕاستەكەی نیگاركراو.




وێنەی ژمارە (١٦) نیشان دانی MCQ بە واتایەکی تر کەم و زیادکردنی خەرجی و داهات.

## پاشەکەوت

لە باسەکانی پێشدا روونمان کردەوە بەشێك لە داهات مەسرەف دەکرێت و بەشەکەی دیکە بۆ مەبەستەکانی پاشەکەوتکردن دەدرێتە بانکەکان و ناوەندەکانی وەبەرهێنانی دراو.

بەواتایەکی دیکە $Y= C+S$ .........(٢)

ئەگەر ٢٥ + $C = ¾Y$ ........(٣) بێ

دەتوانین هاوکێشە (٢) بەشێوەی خوارەوە بنوسین:

$S = Y - C$

ئەگەر نرخی C لە هاوکێشەی (٢) دابنێین، دەبینین:

$25 + S = Y – ¾Y$

یا ٢٥ + $S = ¼ Y$ ........(٤)

بەپێی هاوکێشەی ژمارە (٤) دەتوانین خشتەی ژمارە(١٧) دروست بکەین.

| Y | C | 1/4Y | -25=S | C+S |
|---|---|---|---|---|
| 0 | 25 | ¼.0 | - 25 =-25 | 0 |
| 20 | 40 | ¼.20 | - 25 =-20 | 20 |
| 40 | 55 | ¼.40 | - 25 =-15 | 40 |
| 100 | 100 | ¼.100 | - 25 = 0 | 100 |
| 120 | 115 | ¼.120 | - 25 = 5 | 120 |

لە خشتەی ژمارە (١٧) دا پەیوەندی نێوان داهات و مەسرەف و پاشەکەوت دیاری کراوە. بە کەم و زیادکردنی هەریەك لەوانە بە چەند پلەی جیاواز، پەیوەندی نێوان پاشەکەوت و مەسرەف و داهات نیشان دراوە.

بەپێی گۆرانکاریەکانی بەشەکانی هاوکێشەی گشتی داهات و پاشەکەوت و مەسرەف لە سەر ئەساسی وێنەی (١٦) دەتوانێتن گرافی ژمارە (١٧)بکێشین.

گرافێکی ژمارە (١٧) پەیوەندی نێوان پاشەکەوت و داهات و خەرجی.

شێوەی گشتی پاشەکەوت دەبێتە •S=sY + C ، بە مەرجێك ئەگەر (٠<s<1, 1≥•S بێت.

هاوکێشەکەی ئەوەیە: MSQ Δ÷S Δy =

Marginal Spare Quote یان دەتوانێتن بڵێین کە MSQ یەکسانە بە کەم و زیادکردن پاشەکەوتی گشتی دابەش بەسەر کەم و زیادکردنی داهاتی.

ئەگەر $C = ¾\ Y + 25$ و $S = ¼\ Y - 25$ لە بەرامبەر ب یەکتر هەڵسەنگاندن بکرێن دەردەکەوێت کە MCQ مساوی$c$= ¾ وMSQ مساوی$s$¼ مە و سەر جەمەکەیان دەکاتە (١). ئەوە بەو مانایەیە، کە لە سەرجەمی داهاتی گشتی ¾ ی مەسرەف دەکرێت و ¼ ی پاشەکەوت دەبێت.

تێبینی: ئەوە تا ئەو کاتە راستە کە باج لەو هاوکێشەدانەبێت.

**داهات یان بەرهەمی گشتی وڵات**

بەپێی زانستی ئابووری داهاتی گشتی Y و بەرهەمی گشتیP هەمیشە هاوسەنگ و یەکسانن و بە پێی روونکردنەوە و راڤەکردنی پێشتر دەتوانیّتن ئەو هاوکێشەیە Y=P بنووسینەوە. ئەگەر لەگرافیّکدا Y واتە داهاتی گشتی لەسەر تەوەری ئاسۆیی(Horizontal) و P واتە نرخی کاڵا لەسەر تەوەری شاوڵی(Vertical)دابنیّین بەپێیY=P راستە هیّلیّك بە لیّژی (٤٥°) پلە دروست دەبیّت.

پیّشتر هاوکیّشەکانی بەکاربەریی و پاشەکەوتمان نووسی بوو و دەزانیین کە نرخەکەیان $C = ¾\ Y + 25$ و $S = ¾\ Y - 25$ یە. بە لیّکدانەوەیەك دەردەکەوێ کە پیّشکەشکردنی کەرەستە و داهات هاوسەنگ و هاوتای یەکترن، دەتوانین لە گرافی ژمارە (٢١) و بەپێی نرخی YوP لە خشتەی ژمارە (٢٠) ئەو پەیوەندییە نیشان بدەین:

| Table | |
|---|---|
| Y | P |
| 0 | 0 |
| 20 | 20 |
| 40 | 40 |
| 100 | 100 |
| 120 | 120 |

**خشتەی ژمارە (١٩)**

له گرافی ژماره (٢٠) دا بڕی داهات و بەرهەمی گشتی نیشاندراوە، بەپێی ڕاڤەکردنەکانی پێشوو نیشاندرا نرخی P و Y یەکسانن و، P و Y لە خشتەکەدا یەك نرخیان هەیە. بەپێی ئەو خشتەی سەرەوە دەتوانین گرافی ژمارە (٢١) بکێشین و لەو وێنەدا ئاشکرا هاتۆتەدی لەو خاڵەی کە هێڵی C هێڵی P=Y دەبڕێت و تێکدەهاڵقێن و یەکتر دەگرنەوەو خاڵی هاوتایی P = C و Y دێتە دی ئەو خاڵە لە حاڵەتێك دا دێتە دی کە C = 25 بێت و بڕی P = Y سفر و بێت.

ئەو خاڵە لە ئاستی کە P = Y بڕو ئەندازەی Yهە و سفرە و C=25 دەخولقێت.




**گرافی (٢٠) داهات و بەرهەم و پاشەکەوتی گشتی:**

**داوای کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت Demand**

بەدەستهێنان و کڕینی کەلوپەل و خزمەت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، لە زانستی ئابووریدا بە ناوی بەشی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی دراو ناسراوە و راڤە دەکرێ. کەرتی تایبەت بۆ مەبەستەکانی رەوتی بەرهەمهێنان، کەرستە، هێزی کار، ئامراز و ئامێری پێویستی لە هاوڵاتی دەکڕێ، پاشەکەوتی دەکات یا لە بەشی بەهەرمهێنان بەکاری دەهێنێت. کەرتی تایبەت بەردەوام بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمەکانی لە ڕۆژدا بێت و بەپێی بازاڕەکان رکابەرایەتی بکات پێویستی بە پەرەپێدانی سەرمایەگوزاری لە کەرتی بەرهەمهێنان هەیە. لەبەر ئەوەی سەرمایە بە زۆر فاکتەر و پارامیترەوە بەستراوەتەوە، بۆ ئاسانکاریی و بۆ ئەوەی ڕوونتر لێکۆڵینەوەی بە ئاکام بگات، زانستی ئابووری گریمانە دەکات، کە پارەی وەبەرهێنراو واتە سەرمایە لە کورتی ماوەدا سەربەخۆیە و بە داهاتی گشتی وڵاتەوە نەبەستراوەتەوە. کەوابوو لەسەر ئەو بۆچوونەی سەرەوە باسی سەرمایەی گشتی ئۆتۆنۆمە و ئاڵوگۆری داهاتی گشتی دەکەین، کە کاریگەری لە سەر پارەی وەبەرهێنان نییە. زانستی ئابووری بۆ نیشاندانی بڕی سەرمایە لە پیتی I کەڵك وەردەگرێت و گریمانیش دەکری کە سەرمایەی نرخی ٢٥ هەیە کەوابوو نرخی =I ٢٥

لە گرافی ژمارە (١٩) دا لەسەر تەوەری شاوڵی،I واتە سەرمایە نیشانە دەکەین و لەسەر تەوەری ئاسۆیی Y واتە داهاتی گشتی نیشانە دەکەین. ئەگەر سەرمایە I سەربەخۆ بێت و بەستراوەی داهاتی گشتی نەبێت و نرخی$I = 25$ بێت، دەتوانین گرافی I و Y بەم شێوەی خوارەوە بکێشین:




وێنەی ژمارە (٢١) نیشان دانی تەوەری سەرمایە یان پارەی وەبەرهێنراو I یە و مەرجیش ئەوەیە کە I بستراوەی Y نییە وسەربەخۆیە. لە گرافەدا دەبینین کاتێكI سەربەخۆیە و یەکسانە بە ٢٥، ئەندازەی Y سفرە. واتە I سەربەخۆیە وبەستراوەی Y نییە.

## مۆدێلی داخراوی ئابووری Keynes، کە دەوڵەت تێیدا بەشدار نییە

بە پێی بۆچوونی Keynes سەرجەمی داهاتی گشتی وڵاتێك هەمیشە هاوسەنگ و هاوتای سەرجەمی خەرجییەکانی ئەو وڵاتەیە. Keynes بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لە دوو بۆچوون وەرگرتووە، بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی خاڵی هاوسنەگی نێوان داهات و خەرجییەکانی گشتی وڵات تاوتوی بکات و، بتوانێت لە تیئۆری دا نیشانی بدات کە ئەو خاڵە چۆن دروست دەبێت لە دوو ڕێگەی گرتۆتەبەر:

- بۆجوونی یەکەم لەڕێگای داوی گشتی لەسەر کالآیە، بۆ ئەو مەبەستەش کەڵکی لە فۆمولی AE = C + I وەرگرتووە.

AE کورت کراوەی Aggregate Expenditure بە واتایەکی تر سەرجەم خەرجییەکانی وڵات.

٢- لێکدانەوەی دووهەم، لە ڕێگای هاوکێشەی هاوسەنگیی پاشەکەوت و سەرمایە یان پارەی وەبەرهێنراوی گشتی وڵاتە و فەرمولەکەی ئەوەیە: S = I

## بۆچوونی یەکەم. هەڵسەنگاندنی AE = C + I

بەپێی تیئۆری Keynesمۆدێلێکی داخراوی ئابووری، ئەو مۆدێلەیە کە دەوڵەت تێیدا بەشداری نەکردبێت و، داوای لەسەر کاڵا و خزمەت لە لایەن بەشی هاوڵاتی و کومپانیاکان، لە مۆدێله دا دەوری سەرکی دەگێرن. پێشتر ئاماژە کرا کە بەشی هاوڵاتی بۆ مەبەستەکانی بەکاربەریی خۆی داوای کاڵا و خزمەت دەکات و، لە ڕێگەی بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنەوە هەوڵ دەدات کە پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات. لە بەرامبەر داوای هاوڵاتی دا کومپانیاکانیش، سەرمایە و هێزی کار و ئامرازو ئامێری پێویستی ڕەوتی بەرهەمهێنان لە هاوڵاتی دەکرن.

وای دادەنێین کە( C= ¾ Y + 25 ) و داوا لەسەر سەرمایە بۆ مەبەستەکانی سەرمایەگوزاری واتە ( I = 25)، کە وابوو سەرجەمی داوای هاوڵاتی لەسەر کاڵا بە واتە ( AE) بەم شێوەیە AE = C + I و، دەتوانێین ئەو فورمولە خوارەو بنوسین:

AE= ¾ Y +25 + 25 کەوابوو

AE= ¾ Y +50 ...........(٤)

لەلایەکی دیکە سەرجەمی پێشکەش کردنی کاڵا وخزمەتی گشتی فەرمولەکە ئەوەیە:

Y=P ...............(٥) ئاست و ڕادەی داهاتی گشتی ئەو شوێنەیە کە

AE= P .............(٦)

بە کۆمەگی فەرمولەکانی ٤ و ٥و ٦ دەتوانین ڕێژە و بڕی داهاتی گشتی دیاری بکەین.

ئەگەر Y = P وە AE = P دەتوانێت AE = Y بیَ. کەوابوو AE= ¾ Y +50

دەتوانێتن ئەو پەیوەندییەی خوارەوە بنووسین:

$Y = \frac{3}{4} Y + 50 \qquad Y= 4 \times 50 \qquad \frac{1}{4} Y=50 \qquad \ddot{Y}= 200$

بۆ ئەوەی نیشانەی Y داهاتی گشتی لە خاڵی یەکسانی جیابکەینەوە لەبری Y کەڵك لە Ÿ وەرگیراوە.

ئاکام: لە مۆدێلی بازنەیەی ئابووری بێ بەشداری دەوڵەت بە پێی تیئۆری Keynes ، دەتوانێتن بەم شێوەی خوارەوە پەیوەندییەکان بنووسین:

ئەگەر داوای هاوڵاتی لە سەر شتومەك و خزمەت:

(١)........... $(C = cY + C_\bullet \quad (0 < c < 1, C_\bullet \geq 0$

داوای سەرمایەی بەشی تایبەت:

(٢)............ $(\cdot < \bullet I = I_\bullet \quad (I$

سەرجەمی داوای کاڵا و خزمەت

(٣)............. $+ AE = C \quad I$

سەرجەمی پێشکەشی داوای کاڵا و خزمەت

(٤)............... $Y = P$

خاڵی هاوسەنگیی

(5)........... $= EV \quad P$




**گرافی ژمارە (٢٢)**

گرافی (٢٢) خاڵی هاوسەنگی نێوان داهات و سەرجەمی خەرجییەکانە، واتە ڕێگای یەکەم بۆ نیشان دانی ئەو خاڵە بە پێی تئیۆری Keynes.

**بۆچوونی دووەم: S = I**

بۆچوونی دووەم، لە ئابوورییەکی داخراودا کە دەوڵەت تێیدا بەشدار نییە، داهاتی گشتی تەنانەت لە سەرجەمی خەرجی و پاشەکەوت پێکهاتووە، واتە دوو کەرتی ناوبراوی تێیدا بەکار دەهێنرێت و هاوکێشەکەشی ئەوەیە: Y= C+S لە لایەکی تر بەپێی زانستی ئابووری بەرهەمی گشتی لە خەرجی و سەرمایەی گشتی پێکهاتووە،

کەوابوو  دەتوانین ئەو فەرموولەیە بنووسینەوە  P = C + I بەپێی لێکدانەوەکانی پێشوو، لە زانستی ئابووریدا Y و P هەمیشە یەکسان و هاوسەنگیی یەکترن کە وابووP = Y یە. لەو سێ فۆرمولەی سەرەوە دێتە دی کە S = I یە واتە نرخی هەدووکان یەك مەزەندەیان هەیە، لە مۆدێلێکی داخراوەی  ئابووری کە دەولەت تێیدا بەشدار نییە، دەتوانێتن هاوکێشەی داهاتی گشتی لە ڕێگای هاوکێشەی پاشەکەوت و سەرمایەی گشتییەوە مەزندە بکرێت. کە وابوو دەتوانێتن ئەو فورمولەی بنووسینەوە Y= S+C و فورمولی S= Y- C وەکو ئاکامی ئەو فورمولە دەتوانرێت بنووسرێتەوە. ئەگەر C = ¾ Y + 25 بێت، دەتوانێتن هاوکێشەی پاشەکەوت بەم شێوەیە بنووسینەوە  S= ¼ Y - 25 .....(٧)  و  I=25 .........(8)

(9)...........S=I

هاوکێشەی ژمارە (٧) دەتوانرێت وەك رادەی پێشکەشی بڕی  پاشەکەوت بەراورد بکرێت. هاوکێشەی (٨) وەکو رێژە و ڕادەی داوا لەسەر بڕی پاشەکەوت دەبینرێت بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کومپانیاکانی کەرتی تایبەت لە رەوتی بەرهەمهێناندا ( واتە سەرمایەی پێویستی کەرتی تایبەت بۆ سەرمایەگوزاری لەو بەشەدا. فۆمولی ژمارە(٩) مەرجی خاڵی یەکگرتنەوەیە، واتە خاڵی یەکسانی یا هاوسەنگی  I وS .

ئەو خاڵە واتە خاڵی هاوسەنگی ئەوە نیشان دەدات کە ڕێژەی داهاتی گشتی لەو ئاستەیە کە بڕە دراوی پاشەکەوتی پێشکەشکراو لە بازاڕدا هاوسەنگی ڕادەی دراوی داواکراوە بۆ مەبەسەتەکانی سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت. بە واتایەکی تر بڕی دراوی  پاشەکەوت کراوی هاوڵاتی ڕادەی داوای دراوی بازاڕ دابین دەکات. بە پێی ئەو بۆ چوونە  دەتوانین بڕی داهاتی گشتی دیاری بکەین.

ئەگەر S = I  وە

S= ¼ Y - 25 بێت و لە هاوکێشەی S = I لە شوێنی S  دابنێین دەتوانێتن:

Y - 25 = 25 ¼

Y = 50 ¼

ئاکام دەبێتە      Ÿ= 4 x 50= 200




**وێنەی ژمارە ٢٣ خاڵی هاوسەنگی ڕەوتی دووهەمە لە سەر بنەمای تیئۆری Keynes**

بەپێی تیئۆریKeynes ئاستی داهاتی گشتی وڵات بەستراوەتەوە بە داوا لەسەر شتومەك. لە ئابووری زەبەلاح دا(Macroeconomic Model)کە بەپێی مودێلەکانی داهاتی گشتی وڵات حیساب دەکرێن دەتوانرێ لە دوو ڕێگەوە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنرێت.

**ڕێبازی یەکەم:**

لە ڕێگەی حیسابکردنی نرخی سەرجەمی داوا لەسەر کاڵا واتە Y= C + I

**ڕێبازی دووهەم:**

لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی خاڵی هاوتایی یان هاوسەنگیی ڕێژەی پاشەکەوت و دراوی بۆ وەسوودهێنان واتە سەرمایە بە واتایەکی تر I = S تیئۆری هاوسەنگیی ئابووریKeynes بەپێی تیئۆری Keynes ڕادەی هاوسنگی داهاتی گشتی لە کورت ماوەدا دروست دەبێت، بەڵام ئەو هاوسەنگییە بە شێوەیەکی ڕێژەیی و

نەچەسپاوە، واتە سەقامگیر نییە. ئەوەش لەبەرە ئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵگا دا هێندێك پارامیتر و هێز لە ئارادان، کە دەتوانن کاریگەر بن لە سەر هاوسەنگی داهاتی گشتی بێت. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لێکدانەوەی ئەو وتەیە، ئەم هاوکێشانەی خوارەوە بەسەر دەکەینەوە:

$$C= \frac{3}{4} Y + 25$$
$$I= 25$$

ئەو هاوکێشانەی سەرەوە پلانەکانی هاوڵاتی و کومپانیاکانی بەشی تایبەت ڕاڤە دەکەن. هاوکێشەی بەکاربەریی گشتی واتە $C= \frac{3}{4} Y + 25$ ئەوە نیشان دەدات کە هاوڵاتی بە تەمایە بڕی ٢٥ بەش دراوی خۆی، لە $\frac{3}{4}$ Y داهاتی گشتی خەرج بکات.

هاوکێشەی سەرمایەی وەبەرهێنان واتە I=25 وا، نیشان دەدات کە کەرتی تایبەت بێ ئەوەی حیساب بۆ داهاتی گشتی بکات و، بەستراییێتەوە بە بڕ و Y بێ، بەتەمایە ٢٥ بڕ لە بەشە پارەی سەرمایەی خۆی بۆ سەرمایەگوزاری بخاتە بازاڕەوە. لە زانستی ئابووریدا، ئەو رەفتارە و سروشتی هاوڵاتی و کومپانیاکان پێی دەڵێین exant . بەواتایەکی تر نیازی هاوڵاتی و کومپانیاکانە بۆ خەرجکردن و سەرمایەگوزاری لە ڕەوتی ئابووریدا. ئایا هاتنە دی ئەو نیازەی هاوڵاتی و کەرتی تایبەت، پەیوەندی بە ڕادەی بەکاربەری و داهاتی گشتییەوە هەیە؟ ئەو بەشەی بەکاربەری کە دێتە دی، واتە ئەو بڕە دراوەی لە لایەن هاوڵاتی و کەرتی تایبەتەوە خەرج دەکرێت، لە زانستی ئابووریدا پێی دەڵێین ex post. لە خشتەی خوارەوەدا پەیوەندی نێوان کەرتەکانی مەسرەف و پاشەکەوت و دراوی وەبەرهێنراو و داهاتی گشتی و نیازەکانیان لە لایەن کەرتەکانی پەیوەندیدارەوە راڤەکراون.

ex ante ex post I ex post ante AE I ex C ex ante Y
Sex ante

(٢٥+Y٤/٣ =C)

(Y-25٤/١=S)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠ | ١٠٠ | ٢٥ | ١٢٥ | ١٠٠ | ٠ |
| | ٠ | | | | |
| ١٦٠ | ١٤٥ | ٢٥ | ١٧٠ | ١٤٥ | |
| ١٥ | ١٥ | | | | |
| ٢٠٠ | ١٧٥ | ٢٥ | ٢٠٠ | ١٧٥ | |
| ٢٥ | ٢٠ | | | | |
| ٢٢٠ | ١٩٠ | ٢٥ | ٢١٥ | ١٩٠ | |
| ٣٠ | ٣٠ | | | | |

خشتەی (٢٤) نیشاندانی پەیوەندی نێوان داهاتی گشتی وبەکاربەریی و پاشەکەوت و نیازی وەدیهێنان نیشان دەدات. بەپێی خشتەی سەروە، دەردەکەوێت ئەو کاتە Y= 200 پلانەکانی ئابووری دێنەدی، کە دوا لەسەر کالاّ و خزمەت لەسەر بنەمای نیاز AE ex ante هاوسنگی داهاتی Y یە و دەتوانێتن ئەو هاوکێشەیە بنووسین:

Y 200 = AE ex ant

ئەگەر Y لە ٢٠٠ گەورەتر بی، ئەندازەی داوای کالاّ و خزمەت لە ڕادەی پێشکەشکردن تێدەپەڕی. لەو حالّەتەدا بە زیادکردنی بڕی سوود، کەرتی تایبەت هاندەدرێ تا گەشە بە بەرهەمهێنان بدات. ئەگەر ئەندازەیY < ٢٠٠ بێ، مانای ئەوەیە داوا لەسەر کالاّ و خزمەت لە بڕی پێشکەش کەمترە و، دەبێتە هۆی ئەوەی کومپانیاکان بەشێك لە کالاّ یان بۆ نەفرۆشرێت و ناچارەن ئەمباریان بکەن. ناچار دەبی ئەو عەمبارکردنەی لە پەیوەندی نێوان I ex ante و I ex post بدۆزینەوە. لەو حالّەتەدا بڕی I ex ante لە ئەندازییI ex post کەمترە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە لەو حالّەتەدا داوا لەسەر شتومەك لە بەرامبەر بڕی پێشکەشکراو کەمترە و، شتومەکی بەرهەمهێنراوی کەرتی تایبەت هەمووی نەفرۆشراوە و، بەرهەمهێنەر ناچارە دەبێت ئەو بەشە لە بەرهەمەکەی کە نە فرۆشاوە لە عەمبارەکانی دا ڕابگرێت.

## هێزی کار و سەرمایە:

داوا لەسەر کالاّ و خزمەت، پێوەر و ڕادەی کەڵك وەرگرتنی ئامرازو ئامێرەکانی تەرخان کراو بۆ رەوتی بەرهەمهێنانی بازنەی ئابووری ولات، نیشان دەدات. بڕی داوای زیادی کالاّ و خزمەت بە پێی تیئۆری Keynes مانای بەرهەمهێنانی زۆرترە، ئاواش کەڵك وەرگرتنی ڕادەی سەرەوەی، ئامرازەکان و ئامێرەکانی ڕێبازی بەرهەمهێنانی لێدەکەوێتەوە. بەرهەمی زیاتر مانای دروستبوونی دەرفەتی ئیشکردنی زیاترە، واتە بەرز بوونەوەی ژمارە ئیشکەرانی ئەو ولاتەی لیّ دەکەوێتەوە. ڕاددەی بەرزبوونەوەی دەرفەتی ئیشکردن لە مۆدێلێکی ئابووریدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شێوازی بەکارهێنانی هێزی کاری و سەرمایە و زەوییەوە هەیە و، ئەو فاکتەرانەش راستەوخۆ پەیوەستن بە ڕادەی بەرهمهێنانەوە. لە ڕاستیدا شارەزایی و کارامەیی لە رەوتی بەرهەمهێنانی کالاّ و کوالێتی کالاّدا، دەیسەلمێنیّ کە بە گشتی چۆن کەڵك لە هێزی کار و سەرمایە وەرگیراوە تا بتوانرێت ئەو کۆ بەرهەمە بێتەدی کە ڕەچاو کراوە و پلانی بۆ دارژاوە. بۆ دروێنەکردنی گەنم لە سەدەکانی پێشوو، هێزێکی کاری زۆر و ئامێرێکی کەم بەکار دەهات، ئەمە نموونەیەکی کەڵك وەرگرتنە لە هێزی کار و سەرمایە. بەلاّم هەنوکە گەنمێکی یەکجار زۆر، بە هێزی کاریەکی زۆر کەم و ئامێرێکی زۆر دەدروێت.

## هێزی کاری بەرهەمهێن:

هێزکاری بەرهەمهێن، بەو بەشە لە بەرهەمی کاری کرێکار دەوترێت، کە کرێکارێك بە کاتێکی دیاریکراو بەرهەمی دەهێنیت. ئەمەش بە پەروەردەکردن و خوێندن و پەرەپێدانی سەرمایە و ئەمرازەکانی سەرمایە، پێشدەکەوێت و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی کرێکار و، کاریگەریی لە سەر ئابووری گشتی. لە

زانستی ئابووریدا بۆ پێکهاتنی داهاتی گشتی، کاری بەرهەمهێن و سەرمایەی بەردەست، بە پێی تیئۆریKeynes تاوتوی دەکرێن، کە چۆن بەو برە سەرمایە و هێزی کاری بەردەست داهاتی گشتی دێتە دی. بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلەیە بە پێی تیئۆری Keynes، وا گریمانە کراوە کە هێزی کاری بەرهەمهێن لە هەموو حاڵەتێکدا وەك یەکە. لە تیئۆری Keynes دا گەشەکردن و دابەزینی داهاتی گشتی وڵات، لە سەر کورت ماوە دارژاوە، واتە کەمتر لە پێنچ. هەروەها وادانراوە کە لە درێژبوونەوەی ماوەدا واتە پتر لە پێنچ ساڵ، بڕ و چەندوچۆنی ئەمرازەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕیان تێیدا دەکری. جگەلەوە بڕی ئامراز و ئامێری بەرهەمهێنان بەردەوام وەك یەك و هاوسەنگن، بەڵام ئەو بەشە ئامراز و ئامێرانەی، لە ڕێبازی بەرهەمدا بەشدارن ئاڵوگۆڕیان تێیدا ڕوودەدات.

هاوکێشەی هێزی کاری بەرهەمهێن بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ژمارەی کرێکارانی لە کاردا ÷ داهاتی گشتی = نرخی هێزی کاری بەرهەمهێن.**

ئەگەر داهاتی گشتی ٢٠٠ ملیارد دۆلار بێت و ژمارەی ئەو بەشە لە کرێکارانی لەسەر ئیش ٤ میلیۆن کەس بێت ، نرخ و ئەرزشی هێزی کاری دەبێت ٥٠٠٠٠ هەزار دۆلار.

خشتەی ژمارە (٢٥) پەیوەندی نرخی بێکاری و داهاتی وڵات نیشان دەدات:

| کاری بە بەرهم (نرخ دۆلارە) | ژمارەکرێکارانی پێویست (نرخ میلیونەن) | Y (نرخ میلیاردە) |
|---|---|---|
| 50 | 1 | 50 |
| 50 | 2 | 100 |
| 50 | 4 | 200 |
| 50 | 5 | 250 |




پەیوەندی نێوان هێزی کاری بەرهەمهێن و داهات و توانایی بەرهەمهێنان لە گرافیکی ژمارە (٢٦) نیگارکراوە.

## بێکاری لە مۆدێلێکی ئابووریدا

بە پێی زانستی ئابووری بێکاری بە دوو شێواز دەتوانێ بێتە دی:

## شێوازی یەکەمی بێکاری: Cyclical Unemployment

بەو بەشە لە بێکاری دەڵێین کە لە ئاکامی کەمبوونەوەی داوا لەسەر کاڵا و خزمەت دێتە ئاراوە. لەو حاڵەتەدا بە هۆی کەمبوونی داوای هاوڵاتییان لەسەر شتومەك و خزمەت، ئاستی بەرهەمهێنان دادەبەزێت و، ئەو کەرتە تووشی کێشە و

گیروگرفت دەبێت و، زۆرجار داموودەزگای بەرهەمهێنان ناچار دەکا ئەو کەرت ریکبخەنەوە، ئەمەش و بێکارێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. بەو شێوەیەی بێکاری دەڵێن "بێکاریی دەوری Cyclical Unemploymen.

### شێوازی دووەمی بێکاری: Structural Unemployment

بە ئەو بەشە لە بێکاری دەڵێین کە لە ئاکامی دابەزینی ئاست بەرهەمهێنان دێتە دی. لەو حاڵەتەدا بڕی بەرهەمی گشتی کەمە و بەتەواوی کەڵك لە توانایی رەوتی بەرهەمهێنان شوێنەکانی کار وەرناگیرێت. بەو جۆرە بێکارییە، دەڵێن بێکاری پێکهاتەیی، Structural Unemployment. هۆکارەکانی ئەو شێوەی بێکاری، دەکری سەرچاوەی داموودەزگایی بن واتە بەرێوەبەری و دابەشەکردنی ئامراز و سەرچاوەکانی بەرهمهێنان و هێزی کار، یا لەبەر دەستدا نەبوونیان. بۆ نموونە چڕبوونی کەرستەی خاوی کانزایی و یان لەسەرەوەبوونی نرخی وزە و هاتوچۆ و ئەو بابەتانە دەتوانن ببنە هۆی دروستبوونی ئەو شێوازەی بێکاری.

### جگە لەو دوو جۆرەی بێکاری، ئەم شێوانەی بێکاری خوارەوەش لە ئابووری ناسراون:

– Classical or Real Wage Unemployment **بێکاریی نەریتی**، ئەم جۆرە بێکارییە لە ئاکامی چەند و چۆنی بڕی حەقدەستی هێزی کار دروست دەبێت. ئەوەش ئەو کاتە دێتە دی، کە بڕی حەقدەستی هێزی بەکرێدانی کار لە بازاڕی رەکەبەرایەتیدا، ناگاتە خاڵی هاوتایی دیاری کراو، جا بۆیە بەو بێکارییە، هاوسنگ نەبوونی کاری پێدەوترێت. لەو حاڵەتەدا حەقدەستی هێزی کاری بەتووندی دادەبەزێ، دەکری هۆیەکەی دیاری کردنی حەقدەستێکی لانی کەم بێت، لە لایەن دەوڵەتەوە یا ناوەندەکانی تری پەیوەندیدار.

- Seasonal Unemployment بێکاری وەرزی، بەو بێکارییە دەوترێت، کە لە وەرزەکانی ساڵدا دێتە دی. ئەو شێوە بێکارییە پەیوندی بە وڵات و جۆی کارەوە هەیە. بۆ نموونە کرێکاری بەشی بیناسازی کوردستان، لە وەرزەکانی سەرمادا کاری کەمترە و تووشی بێکاری دەبێت.

- Hide Unemployment بێکاری شاراوە، ئەو جۆرە لە بێکارییە کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دێتە دی. نموونەی ئەو جۆرەی بێکاری لە وڵاتانی کۆمونیستی پێشوو زۆر بوو، لەو بارەیەوە دەتوانین ئاماژەو بەوە بکەین، هێندێك لە وڵاتدا چەند کەس بۆ پیشەیەك دیاری کراون، لە کاتێك دا لەوانەیە ئەو ئەرکە بە کرێکارێك ئەنجام بدرێت. ئەو جۆرە بێکارییە لەو کۆمەڵگایانەی سیستمێکی ئابووری ڕێکوپێکیان نییە، پتر، نەك لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە ڕێبازی ئابووریان لەسەر بنەمای کارامەیی (Efficiencyدامەزاروە.

لە ڕێبازێکی ئاوادا کە بناغەی ئابووری لە سەر (Efficiency) یە، کارامەیی هێزی کار، شێوازی کەڵکوەرگرتن لە کات و ئامراز و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، کەرستەی خاوی سەرچاوەکانی سروشتی، بەرێوەبردنی هێزی کار و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکان بەرهەمهێنان رۆڵێکی ئیجگار گرینگ دەگێڕن. بە پێی هاوکێشەی نرخی هێزی کاری بەرهەمهێن، دەکری ژمارەی بێکارانی وڵاتێك نیشان بدرێت، بۆ ئەو مەبەسەتە کەڵك لەم هاوکێشەی خوارەوە وەردەگیرێت:

**ژمارەی کرێکارانی لە کاردا ÷ داهاتی گشتی = نرخی هێزی کاری بەبەرهەمهێن**

ئەگەر داوا لە سەر کالا لە سەر ئاستی داهاتی گشتی بگاتە (٢٠٠) میلیارد دۆلار، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە ئیش دان دەبێتە (٤) میلیۆن کەس. ئەگەر هێزکاری پێشکەشی بگاتە ئاستی (٦) میلیۆن ئەوا (٢) میلیون بێکار دروست دەبێت. لەو حاڵەتەدا بڕی خەرجییەکان و بەکاربەریی هاوڵاتی و کۆمپانیکان و

دەوڵەت، ئەوەندە نییە هێزی کاری گشتی وڵات بگرێتە خۆی. کەوابوو هێزی کاری بەکریگیراو لە ژێر کۆنترۆڵی ئەندازەی خەرجکردنی گشتی دایە و، ئەمەش بەکار نەهێنانی تەواوی هێزی کاری لیَ دەکەوێتەوە. Keynes لێهاتووی زانستی ئابووری لە ساڵەکانی (١٩٦٠) دا، جگە لەوەی هەستی بە هۆکارەکانی دروستبوونی بێکاری کرد، ڕێگاچارەی لە بەینبردنی بێکاریشی پێشنیار کرد. ناوبراو پێی وابوو دەوڵەت لە حاڵەتتێکی ئاوادا، کە ڕادەی خەرجکردن و بەکاربەریی گشتی لە ئاستێکی نزم دایە، ئابووری پێویستی بە گەشەپێدان و دروست کردنی دەرفەتی کاری هەیە و، دەبی دەوڵەت لەو بەشەدا سەرمایەگوزاری بکات بە تایبەتی لە کەرتەکانی ئابووری دا، تا بەم شێوەیە داوا لەسەر کاڵا و خزمەت ببووژێنێتەوە و دەرفەتی کاری زۆرتری لیَ بکەوێتەوە. بەواتایەکی تر پێویستە دەوڵەت لە کاتی کەمبوونەوەی داوا لەسەر کاڵا و خزمەت دەسبکا بەسەرمایەگوزاری، بە پێچەوانەوە ئەگەر خەرجکردن و مەسرەف گشتی وڵات، بە بەراوور لەگەڵ نرخی هێزی کاری بەرهەمهێن، لە ئاستێکی بەزردا بی، دەبی دەوڵەت پێش بە بەرزبوونەوەی داوا لەسەر کاڵا و خزمەت بگرێت و، دەسبخاتە ناو بازار و بەشەداری سەمایەگوزاری وڵات بکا.




**گرافی ژمارە (٢٧) پەیوەندی نێوان هێزی کاری بەرهەمهێن، داهاتی گشتی، ژمارەی کرێکاران و داوا لە سەر کالاّ و خزمەت نیشان دەدات.**

**بە یارمەتی گرافی ژمارە (٢٧) دەتوانین دەرئەنجامی خوارەوە لە تێئۆری Keynes ؛ بەدەست بێنین:**

١: کەم و زیادبوونی بەکاربەری، واتە داوا لەسەر کالاّ و خزمەت ڕاددەی سەرجەمی داهاتی گشتی (واتە سەرجەمی بەرهەمی گشتی) یەکلا دەکاتەوە.

٢: کاتێك داهات لە ئاستی Y1 کە داوا لەسەر هێزی کار OA یە. بەهۆی ئەوەی کەرەستەی پارە پەیداکەر (خانوو، کەرەسەی خاو، مەکینەی سەرمایەگوزاری کراو)، دەبی بەهای واقعی داهاتی Y2 بەدی بهێنێت و نەهاتۆتە دروست بوون،

بێکاری AB لە ئاکامی کەڵك وەرنەگرتنی تەواوی لە کەرەستەیە دروست دەبێت. ئەو جۆرەی بێکاری بەهۆی بەکاربەریی ئاست نزم دێتە ئارتاوە.

٣: لەو حاڵەتەدا دەوڵەت داوای لەسەر کاڵا و خزمەت دەبوژێنێتەوە، واتە هانی دەدات و ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەکاربەریی و هاوکات دابەزینی ژمارەی بێکاران.

٤: ئەو کاتەی خاڵی هاوسەنگ و نرخی Y2لە ئارا دایە کە هاوسەنگی بەکاربەریی پێی دەڵێین، مانای ئەوەیە هەموو ئەو هێزانەی کار کە دەبێت لە رەوتی بەرهەمهێناندا بەشدار بن، لە سەر کارن.

لەو حاڵەتەدا مۆدێلی Keynes هیچ پێشنیارێك بۆ چارەسەری بێکاری جۆری Structural Unemployment ناکات، واتە بێکاری پێکهاتەیی، ئەو بێکارییەی لە ئاکامی نزمی توانای بەرهەمهێنان دێتە دی. لەگرافی ژمارەی (٢٧) ئەو بەشەی بێکاری بە BC نیشاندراوە.

٥: ئەگەر داوا لەسەر کاڵا و خزمەت بەردەوام و زیاد بکا و هاوسەنگیی لەگەڵ توانای بەرهەمهێنان نەبێت، خەرجکردنی لە رادە بەدەر دروست دەبێت. لەو حاڵەتەدا رادەی بەرهەمهێنان زیاد ناکات و هاوکات ژمارەی بێکاران دادەبەزێت. لە تەوەری خەرجکردنی زیاتر لە حەدی دیاری کراودا دەوڵەت هەوڵ دەدات پێش بە زیادبوونی داوا لەسەر کاڵا و خزمەت بگرێت. لە ئاکام دا دەتوانێتن بلێین: ئەگەر بەردەوام هێزێکی کار و سەرمایە لە رەوتی بەرهەمهێناندا براوەی یەکتر بن و بەیەکەوە هاوخانی و هاوسەنگییان هەبێت، ئەوا کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەی پارە پەیداکەر (خانوو، کەرەسەی خاو، مەکینەی سەرمایەگوزاری کراو) لەو پەڕی رادەی بەرهەمهێنان دایە و، دەرفەتی کاری زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

داوا لەسەر کاڵا و خزمەت یەکلاکەرەوەی ئاست و راددەی بەرهەمهێنان و دەرفەتی کارە. لە حاڵەتێکدا کە داوا لەسەر کاڵا و خزمەت نزمە و ناگاتە ئەو ئاستەی بەرهەمهێنان کە دەرفەتی کار بۆ هەموو ئیشکەرێك بخوڵقێنی، ئەوا دەوڵەت

دەبێت داوا لەسەر کاڵا و خزمەت ببوژێنێتەوە و هانی بدات. ئەگەر کەرەستەی پارە پەیداکەر بە تەواوی بەکارهێنرابێت ئەوا ڕادەی بەرهەمهێنان ناتوانێ زیاد بکات. زۆر بوونی داوای لەسەر کاڵا و خزمەت دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵاوسانی ئابووری، لە حاڵەتێکی ئاوادا دەوڵەت دەبێت پێش بە زیادبوونی داوا لەسەر کاڵا و خزمەت بگرێت.

## دراو و نرخی هەڵاوسانی ئابووری

دراو لە سیستمێکی ئابووری و بازاڕدا ئەو کاتە بە ئامرازی کڕین و فرۆشتن و حیسابکردنی کاڵا و هێزی کار و حەقدەست بەکار دەهێنرێت کە بەهاکەی نەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆرانکاری بازاڕەوە. بە واتەیەکی دیکە، بەهای دراو لە بازرەکانی کڕین و فرۆشتنی دراودا نەکەوێتە ژێر کاریگەری دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی دراو لە بازراەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا. هەرچەند لەبازرایێکی کراوەی کڕین و فرۆشتن دراودا، واتە لە بازاڕی بۆرس دا نرخێکی نەگۆڕ بۆ دراو دژوارە، بەڵام بەو حاڵەشەوە دراوی ئەو وڵاتانەی خاوەنی رەتێکی ئابووری سەقامگیرن، بە بەراوورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی سیستەمی بازاریان لەقە تاڕادەیەك هەستان و دابەزینی نرخی دراوەکەیان کەمترە. کەوابوو بۆ سەقامگیریی ئابووری وڵات، پێویستە نرخی دیاریکراوی دراو تارادەیەك نەگۆڕ بێ، یا رادەی ئالوگۆڕکردنی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە سەر نرخی پارەی وڵات دانەنێت.

هاوڵاتی ئەو کاتە دەیەوی پارە پاشەکەوت بکا، کە پشت ئەستوور بی بە سەقامگیری بەهای دراو لە بازاڕی کڕین و فرۆشتن دا و، هێزی کڕینی کاڵا تووشی کێشە نەبێت و، بەهای دراوەکە لە بەرامبەر نرخی کاڵای بەکاربەردا داابەزێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر نرخی پارە بەردەوام بگۆردرێت ونزم بێ، هاوڵاتی ئارەزووی پاشکەوتکردنی پارەکەی ناکا و، هەوڵ دەدا لەبەشەکانی تردا سەرمایەگوزاری بکات، نموونەکەشی گوازتنەوە سەرمایەگوزارییە لە پاشەکەوتکردنی دراو لە بانکەکاندا، بۆ کەرتی مۆڵك و ماڵ و زێر.

بڕی پارە لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتندا بەم شێوەیە دیاری دەکرێت: هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکرێت کە هاوڵاتی لە ڕێبازێکی بەردەوامی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کاڵادا، چەند دراو بۆ کڕینی بڕێکی دیاری کراوی کاڵا و خزمەت تەرخان دەکات. بۆ نموونە هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکرێ کە کیلۆیەك زێڕ، یا (١٥٩) لیتر نەوت چەند پارەی پێدەدرێت. ئەگەر نرخی زێڕ کیلۆی (٤٠٠٠) دۆلار بێت و تا ئاستی (٦٠٠٠) دۆلار بەرزبووەوە، مانای ئەوەیە نرخی پارە لە بەرامبەر نرخی زێڕدا دابەزیوە. لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆ دیاریکردنی بەهای دراو لە بەرامبەر شتومەك دا، سەیری رەوتی نرخی کاڵایەك ناکرێت، بەڵکو گۆرانکاری لە نرخی کاڵا و خزمەت بە گشتی تاوتوی دەکری، و لێکدانەوەی ئەوە دەکرێت کە بەکاربەر بەردەوام بۆ کڕینی سەرجەمی برە کاڵایێك چەند دراوی پێدەدات. لەو حاڵەتەدا بەکاربەریی هاوڵاتی و، نرخی پارە لەو ڕێگایەوە مەزندە دەکرێت .زیادبوونی بەردەوامی نرخی خەرجییەکانی ژیان لە بەرامبەر بەهای دراودا، واتە چوونە سەرەوەی نرخی کاڵا و خزمەت بە گشتی، دابەزینی نرخی پارەی لە بەرامبەر ئەو بەرزبوونەوەیەدا هەڵاوسانی پێی دەوترێ. بەواتایەکی تر هەڵاوسانی پارە مانای ئەوەیە کە بەهای دراو لە بەرامبەر نرخی کاڵا و خزمەت بە گشتی دادەبەزێت و، هێزی کڕینی بەکاربەر کەم دەبێتەوە.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دراو و کاڵا و هەڵاوسانی پارە، هاوکێشەی Irving Fisher واتە MV = PTدراو تاوتوی دەکەین:

MV=PT

M = سەرجەم پارەی گەڕۆك بازنەی ئابووریدا

V = ڕادەی یان جارەکانی هەڵسووڕانی پارە

P = نرخی تێکڕایی کاڵا و خزمەت

T = جارەکانی کڕین و فرۆشتنی کاڵا لە ماوەیەکی دیاری کراودا

نموونەیەك:

له سەر دوو کاڵای A و B کڕین و فرۆشتن ئەنجام دەدرێت،(١٠٠) دانه له کاڵای (A) بەنرخی (٥) دۆلار دەفرۆشرێت و له کاڵای (B ) دانه (٦٠) و هەریەك به نرخی (٧) دۆلار دێته فرۆشتن.

له ئاکامی سەر جەمی ئەو فرۆشتنه x60+5x100=920٧ دۆلار، دراو خاوەنەکانی گۆڕدراوە.

نرخی تێکڕایی ئەو دوو کاڵاە دەبێته:

٧ $x60+100x$5÷100+60= $5,75 دۆلار

دەتوانین ئەو ئاکامەی خوارەوە بنووسین:

PT دەبێته، دۆلار ٩٢٠ =١٦٠×٥,٧٥ وا دادەنێین که سەرجەم دراوی گردان له بازاڕدا (115 (M دۆلارە. بۆ ئەوەی له ماوەیەکی دیاریکراو دا ٩٢٠ دۆلار له خاوەنێك بۆ خاوەنێکی تر بگوازترێتەوە هەر یەکەیەکی دراو پێویسته

٨ = ١١٥ ÷ ٩٢٠ جار خەرج بکرێت، کەوابوو V دەبێته (٨) جار، به واتایەکی تر پاره (٨) خاوەنی گۆڕیوە.

V = P x T M x

x8=5,75x160١١٥

به یارمەتی هاوکێشەی Fisher دەتوانرێت نیشان بدرێت، چۆن زیادبوونی دراو له بازنه سوڕی ئابووریدا دەبێته هۆی بەرزبوونەوەی نرخی گشتی کاڵا و خزمەت له بازاڕی کڕین وفرۆشتندا. بۆ راڤەکردنی ئەو وتەیە، کەڵك لەم نموونەیە وەردەگرین: ئەگەر توانایی بەرهەمهێنانی وڵاتێك به تەواوی کەڵکی لێ وەربگیرێت، له کورت ماوەدا ناکری پەره به ڕەوتی بەرهەمهێنان بدرێت، واته T جارەکانی کڕین و فرۆشتن زیاد ناکات. ئەگەر سرووشتی دراو خەرجکردنی خاوەن دراو، له بازنەی سوڕی پارەدا نەگۆردرێ، V لەسەر ئاستی خۆی دەمێنێتەوە. لەو حاڵەتەدا زیابوونی M دەبێته هۆی بەرزبوونەوەیP. به پێچەوانه ئەگەر T زیاد بکات یان گەشەی پێ بدرێت به پێی هاوکێشەی Fisher بڕە دراوێکی زۆر له بازنەی ئابووری دا دەگەوێته گەڕ. زیادکردنی دراوی گەڕۆك له بازنەی ئابووری دا دەتوانێ ببێته هۆی بەرزبوونەوەی

نرخی T تاکو نرخیp . زیادبوونی M له لایەکی تر زیادبوونی هێزی کڕینی کڕیاری لێ دەکەوێتەوە. لەو حاڵەتەدا ئەگەر مرۆڤ دراوی زیاترخەرج بکات و رەوتی بەرهەمهێنان بە تەواوی کەڵکی لێ وەرنەگیرابێت، دەکری بەرهەمهێنانی کالاّ بەرەو زیاد بوون بچێت و، لەو بار و دۆخەدا نرخی کالاّ زیاد ناکات. جگە لەوەی گۆرانکاری لەM دا کاریگەری لەسەر PT دادەنێت، زیاد و کەم بوونی V لەسەر سەرجەمیPT کاریگەرەی هەیە.

ئەگەر بڕە پارەیەکی زۆرتر بخرێتە بازنەی گەڕانی پارەوە، ڕادەی هەڵسووڕانی دراو لە بازنەی هەڵسووڕانی پارەدا سست دەبێت، واتە هەڵسووڕانی V کەم دەبێتەوە. دابەزینی سەرجەمی MV لەو حاڵەتەدا دابەزینی PT لێ دەکەوێتەوە. هەر بەم چەشنەش زیادبوونی V بە مەرجێك نرخی M وەك خۆی بمێنێتەوە زیادبوونی PT لێ دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی M و V لەسەر نرخی PT کاریگەرن، لە تیئۆری پارەدا ئەگەر سەرجەمی دراوی گەڕۆك لە بازنەی هەڵسووڕانی پارەی دا واتە (M) زیاد بکات و، زیادبوونی جارەکانی هەڵسووڕانی دراو (V)، لە کۆی ئەو دراوەی لای هاوڵاتی ڕاگیراوە پتر بێت و نەخرێتە بازنەی هەڵاوسانی دراو، دابەزینی نرخی پارە لە بەرامبەری کالاّ و خزمەتی لێ دەکەوێتەوە. لەلایەك هاوکێشەی Irving Fisher واتە MV=PT لە ڕاستیدا دا ئەوە راڤە دەکات کە کۆی خەرجییەکانی خەڵك لە هەموو کاتێکدا یەکسان و هاوتایی سەرجەمی داهاتەکانەیەتی. لەلایەکی تر هاوکێشەیMV=PT ئەوە دەسەلمێنێت کە زیادبوونی M دەتوانێت بەرزبوونەوەیP واتە هەڵاوسانی ئابووری لێ بکەوێتەوە.

## یاسای داوا لەسەر کاڵا و خزمەت

ئەگەر هەموو فاکتەرەکانی تر یەکسان بمێننەوەو نەگۆردرێن، نرخی کاڵا و خزمەت هەر چەندە بەرز بێت، خەڵکێکی کەمتر داوای ئەو کاڵا و خزمەتە دەکەن. بە واتایەکی تر لە بەرزی نرخی هێندێك کاڵا و خزمەتدا، کڕیار کەمتر ئارەزووی کڕینی ئەو کاڵایانە دەکات.




**گرافی (٢٨) یاسای داوا لە ڕێگەی هێڵەوە نیشان دەدات**

بەپێی هێڵی داوا لەسەر شتومەك و خزمەت دەتوانین ئەو ئەنجامە بنووسین:

لە گرافی (٢٨)دەبینین لە بەرامبەر نرخی (١) دۆلاردا (١٠٠) کڕیار ئامادەن ئەو کاڵایە بکڕن و، بە نرخی (٣) دۆلار تەنیا (٧٥) کڕیار لە بازاڕ خوازیاری کڕینی ئەو کاڵایەن و، لە بەرامبەر نرخی (٤) دۆلاردا (٤٠) کڕیار ئامادەی کڕینن. بەپێی یاسای

داوا لەسەر کاڵا و خزمەت، دەتوانین بڵێین هەرچەندە پێشکەش کردنی کاڵا و خزمەت لە بازادا فراوانتر بێت، بەو ئەندازەیەش نرخی ئەو کاڵا و خزمەتە دادەبەزێت.

## یاسای پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەت

یاسای پێشکەشکردن یا خستنە بازاری (کاڵا و خزمەت)، ئەو بڕەی کاڵا و خزمەت نیشان دەدات، کە لە بەرامبەری نرخێکی براوە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی شتومەك پێشکەش دەکرێت. بە واتایەکی تر بۆ هەر نرخێکی براوە لە بازاڕدا بڕێك کاڵا بەپێی ئەو نرخە دەخاتە بازارەوە.




**گرافی (٢٩) نیشاندانی یاسای پێشکەشکردنی کاڵا**

لە گرافی (٢٩) بە پێی یاسای پێشکەشکردنی کاڵا و هێڵی پێشکەش دەتوانین بەو ئاکامە بگەین:

لە بەرامبەر نرخی (١) دۆلار تەنیا (١٠) پێشکەشکاری کاڵا و خزمەت لە بازاڕدا ئامادەن کاڵاکەیان بفرۆشن. لە بەرامبەر نرخی (٣) دۆلار (٧٠) پێشکەشکار

ئامادەن شتومەکەکەیان بفرۆشن، لە بەرامبەر (٤) دۆلاردا ژمارەی فرۆشیارەکان دەگاتە (١٤٠).

ئاکام ئەوەیە کە پێشکەش کردنی کالاّ و خزمەت و نرخەکەیان پەیوندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە، لە نرخێکی بەرزدا ژمارەی فرۆشیاری کالاّ لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن زیاترە و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

## دراوی وەبەرهاتوو




گرافی (٣٠) پەیوەندی نێوان داهات و قازانجی کڕیاری دراو نیشان دەدات. هێڵی چەماوەی گرافی ژمارە (٣٠) پەیوەندی نێوان داهات و ڕێژەی سوودی دراو بەکرێدراو نیشان دەدات. ئەگەر سوودی پارە (٤٪) بێ، بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ بەسووددان (٧٠٠) ە و، ئەگەر سوود ببێتە (٥٪)، واتە قازانجی دراو بۆ بەکرێدان زیاد بکات، بڕی دراو بۆ بە سوودان، دەبێتە (٦٠٠) و بەرەو دابەزین دەچێت.

لە مۆدێلی سەرەوەدا کە دەوڵەت لە بازنەی سوڕی دراودا بەشدار نییە، واتە لەو بازاڕەدا بەشدار نەکراوە، بڕی I و S یەك نرخیان هەیە، بە واتایەکی تر ئەندازەی پاشەکەوت (S) و بڕی دراوی وەسوو هێنراوە (I) یەکسان و هاوسەنگن.

لەمەڕ سوودی دراو و بەشە پارەی تەرخانکراو بۆ بەسووددان، لە هێڵی چەماوی گرافی ژمارە (٣٠)، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین: کاتێك نرخی بەکرێدانی پارە لە ئاستێکی بەرز دابێ، پارەیەکی کەمتر دەخرێتە بواری سەرمایەگوزاری کردن و، ئاستی سەرمایەگوزاری نزم دەبێت. بە واتایەکی تر، کاتێك دراوی بەکرێدان نرخەکەی زیاد بووبی، تێچوونی بەکرێدانی زیاد دەکا و، بڕی سەرمایەگوزاری کەم دەبێتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی دەرفەتی کار و، لە کۆتاییدا دابەزینی داهات و نزمبوونەوەی داوا لەسەر کاڵا و خزمەت و بەکاربەریی هاوڵاتی و بەرهەمهێنان بە گشتی و، پێچەوانەکەشی راستە.

## سیاسەتی پارە و رۆڵی سوودی پارە

Monetary Policy and the Role of the Interest

سیاسەتی دراو یا کۆنترۆڵ کردنی پارەی گەرۆك لە بازنەی ئابووری دا، بەو سیاسەتە دەوترێت کە دەسەڵاتدارانی پارە واتە ( بانکی ناوەندی)، هەوڵ دەدەن، بڕی دراوی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری دا، بۆ پەرەپێدان و سەقامگیری ئابووری وڵات کونترۆڵ بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش دوو رێگا یا دوو سیاسەت رەچاو دەکری:

### سیاسەتی یەکەم:

بە سیاسەتی زیادکردنی بڕی پارەی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری دا ناسراوە و، ڕێباز یا سیاسەتی نەریتی پێ دەوترێت. بە پێی ئەو ڕێبازە بانکی ناوەندی رێژەی سوود لە سەر دراو بۆ بەکرێدانی لە لایەن بانکەکانی ناوخۆوە کەم دەکاتەوە، بۆ ئەوەی وەرگری پارە ئاسانتر و هەرزانتر بتوانێ پارە بۆ پەرەپێدانی سەرمایەگوزاری قەرز بکات. لە

ئەنجامی ڕێژەی کەمی سوودی بانکەکان، خاوەن کارخانە و بەشی بیناسازی و بەرهەمهێنانی وڵات، ئەو دەرفەتەیان بۆ دەرەخسی کە دراوێکی زۆرتر بۆ سەرمایەگوزاری قەرز بکەن. ئەوەش مانای ئەوەیە کە هەم بەرهەمی گشتی بەرز دەبێتەوە و، هەم دەرفەتی کار لە وڵاتدا دێتە دی و ڕێژە ئیشکەر زیاد دەکات و، لە بەرامبەردا ژمارەی بێکاران دادەبەزێت. ئەو سیاسەتە واتە ڕێبازی فراوانکردنی ڕێژەی دراوی گەڕۆك لە بازنە ئابووری دا، بە نزم ڕاگرتنی ڕێژەی سوود، بۆ گەشە پێدان و سەقامگیری ڕەوتی ئابووری و، لە کۆتاییدا ڕێگرتن لە بێکاری وڵات، بەکاردەهێنرێت.

## سیاسەتی دووەم

بە سیاسەتی کەمکردنەوەی بڕی دراوی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری وڵات دا ناسراوە، بە پێی ئەو ڕێباز یا سیاسەتە کەڵك لە زیادکردنی ڕێژەی سوودی دراو بۆ بەکرێگرتنی پارە وەردەگیرێت. بۆ ئەمەش بانکی ناوەندی وڵات ڕێژەی سوود لەسەر دراوی بەکرێدانی بانکەکانی ناوخۆیی زیاد دەکات. بەرز ڕاگرتنی نرخی دراو بۆ بەکرێدان، دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتی پارەی خۆی لای بانکەکانی پاشەکەوت بکات و لە لایەکی تر بەکرێگری دراو بۆ مەبەستەکانی پەرەدانی سەرمایەگوزاری بە هۆی سوودی زۆر نایەوی پارە لە بانکەکان قەرز بکات. ئەو سیاستە واتە کەم کردنەوەی ڕێژەی پارە لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی پارە بۆ ڕێگرتن لە هەڵاوسانی ئابووری وڵات بەکاردەهێنرێت. لە ڕاستیدا بانکی ناوەندی وڵات کەڵك لە پرۆسەی بەسووددانی دراو وەردەگری، وە ئامرازی کۆنترۆڵ کردنی بڕی پارەی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری دا. کاتێك بانکی ناوەندی بۆ دەرکەوت، کە بڕی پارەی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری دا، زۆر بەرزە و دەبێتە هۆی هەڵاوسانی ئابووری خێرا ڕێژەی سوودی دراو زیاد دەکات و بە پێچەوانەوە. لەبنەڕەتدا سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی دراو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە، بە نرخی بەکرێدانی دراو و بڕی پارەی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری دا، بناغەی ئەو سیاسەتە بەتەواوی لەسەر نرخی بەکرێدانی دراو

داڕێژاوە. لەڕاستیدا بانکی ناوەندی وڵات، نرخی بەکرێدانی دراو وەك ئامرازێك بەکاردێنی،بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ دراو و، هێنانە ژێر ڕکێفی دراوی گەڕۆك لە بازنەی ئابووریدا. سیاسەتی بەکار هێنانی بەهرە یان سوودی بەکرێدانی دراو، لە سیستمێکی ئابووری دا گریگنترین و سەرەکییترن ئامرازە بۆ ئامانجەکانی پەرەپێدان و سەقامگیرکردنی بازاڕ دراو لە لایەك و، پێشگرتن بە هەڵاوسانی ئابووری و کۆنترۆڵ کردنی ڕادەی ژمارە بێکارانی وڵات و نرخی پارەی دەرەکی لە لایەکی تر. بەم شیوەیە بانکەکانی ناوەندی وڵاتانی خاوەن سیستمێکی ڕێکوپێکی ئابووری، بۆ ئەو مەبەستە وەك ئامرازێکی سەرەکی کەڵك لە سوودی بەکرێدانی پارە وەردەگرن. لە کاتی فراوانکردنی ئەندازەی دراوی گەڕۆك لە بازنەی ئابووری دا، بە ئەنقەست سوودی بەکرێدانی پارە نزم ڕادەگیرێت تا سەرمایەگوزار پتر ئارەزووی فراوانکردن و گەشەپێدانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکات. ئەم پرسەش جگە لە پەرەپێدانی بەشی بەرهەمهێنان، کاردەکاتە سەر هەموو کەرتەکانی تری ئابووری. دەرئەنجامێکی ڕوون و ئاشکرای سیاسەتی فراوانکردنی دراو، بە ڕێژەی نزمی بەکرێدانی دراو، زیادکردنی دەرفەتی ئیش و بەرهەمی زیاتری وڵاتە.

بەکەڵك وەرگرتن لە سیاسەتی دراو، بانکی ناوەندی وڵات لە لایەك ڕێژەی دراوی پێشکەشی و ڕێژەی دراوی بەردەستی خەڵك کۆنترۆل دەکات. لەلایەکی تر هەوڵ دەدات خەرجییەکان، تێچوونی دراو و ڕێژەی سوودی بەکرێدانی پارە، لە ئاستی پێویستی ئەوتۆ رابگرێت، کە ئابووری تووشی هەڵاوسان و ئالۆزی نەبێت، هاوکات کەڵك لە سوودی بەکرێدانی پارە وەردەگرێت، وەك ئامرازێك بۆ گەشەپێدان و سەقامگیربوونی ڕەوتی ئابووری.

## ئەرکەکانی بانکی ناوەندی یاخود بانکی مەرکەزی

بانکی ناوەندی، ناوێکی گشتی دەسەڵاتداری دراوی وڵاتە، لەوانە بانکی ناوەندی Federal Reserve System ی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا. ئەو ناوەندە واتە بانکی ناوەندی وڵات بە گشتی بەرپرسە لە چاپکردن دراو، سیاسەتی کۆنترۆڵ کردنی دراوی گەرۆك، پاشەکەت کردنی دراوی بانکەکانی وڵات، تەرخانکردنی توانا و ئاسانکاری دارایی، بۆ بەشی کارامەیی وپیشەسازی وڵات.

## ئەرکەکانی بانکی ناوەندی:

بانکی ناوەندی ئەنیستیێتۆیەکە یان ناوەندێکە بەرپرسیاری ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆ دایە:

•بەرپرسیاری سیاسەتی دارایی وڵات کە پێی دەوترێت دیسکونتۆ پۆلیتیك. سیاسەتی دیسکونتۆ پولیتێك واتە پرۆسەی کۆنترۆڵ کردنی دارایی بە هۆی وەبەرهێنان یا بە سووددانی دراو.

•هەوڵدان سەقامگیربوونی نرخی گشتی وڵات لە هەموو بەشەکانی ئابووری دا. رابەرایەتی کردنی نرخی هەڵاوسان.

•هێنان و تەرخانکردنی دراو بۆ بازاڕی پارە و بەرگریکردن لە دراوی ساختە لە بازاڕدا.

•هەوڵدان بۆ ئاسانکاری و جێبەجێکردن و چەرخانی دراو لە ناوخۆی وڵات و بازنەی پارەی نێودەوڵەتیدا

•پاراستن و کۆنترۆڵ کردی بەشەکانی دارایی وڵات، لێرەدا مەبەست تیچکراِی ئەو بانك و ناوەندانەن کە بە جۆرێك پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە دراوەوە هەیە.

## بازرگانی نێودەوڵەتی

لەرەوانگە و تاوتوێکردنی بابەتیانەوە Abstract، زانستی بازنەی بازرگانی نێودەوڵەتی، بە پێی چالاکی و بگۆری مۆدێلی هاوسەنگی گشتی نیازەکانی بازرگانی جیهان، جەخت لەسەر دوو گرفتی جیاواز و هەلاواردەی نێوان تیئۆری(Theory) و زانیاری (Data) دەکرێت، کە وەك نارێکوپێکی و هەڵاواردبوون لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا سەر هەڵدەدەن:

**گرفتی یەکەم:**

لە بازرگانی نێودەوڵەتی دا پەیوەندی بە هەلاواردە و جیاوازبوونی ڕێبازی بەکارهێنان و بەکاربەریی و بەرهەمهێنان وەبەرهێنانی گشتییەوە هەیە. بە تاوتوێ کردنی زانیاری پەیوەندیدار بە ئاستی بەرهەمهێنان و بەکاربەریی، دەردەکەوی چ وڵاتێك ئاستی بەرهەمهێنانی لە ڕێژەی بەکاربەری زیاترە یان کەمترە. لە زانستی ئابووری دا لەرووی تیئۆریەوە، دەردەکەوێ کە پارامیترێکی زۆر هەن هانی زیاد مەسرەفکردن و کەرتی بەکاربەری و بەشی بەرهەمهێنان دەدەن.

**گرفتی دووەم:**

جۆری دووهەمی گیروگرەفتەکان لە دروستبوونی بازرگانی نێونەتەوەییدا پەیوەندی بە جوڵانەوە و گۆرانکاری نرخەوە هەیە. هەلاوارد بوون و لادانی نرخی کالاّ و خزمەت بە گشتی، بە پێی پێوەرەکانی بازرگانی و بنەما تیئۆرییەکانی ئابووری ڕێژەکەیان ئیجگار زۆرە. بە واتایەکی تر ئەو نرخەی لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی نێودەوڵەتی بۆ کالاّ و خزمەت دێتە دی، جیاوازییەێکی ئیجگار زۆری لەگەڵ نرخی دیاری کراوی تیۆری ئابووری هەیە. ڕادەی داوا لەسەر کالاّ و خزمەت و ئاستی ئامادەیی بەرهەمهێنەر لەلایەك و، پەیوەندی نرخی ئامراز و ئامێر و کەرستەی خاو و سەرچاوەکانی سروشتی بۆ بەرهەمهێنان و، باردودۆخی ڕامیاریی و ئابووری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە لایەکی تر، کاریگەرییەکی ئیجگار زۆر لەسەر نرخ دادەنێت.

بێگومان بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵاتان کاریگەری سەرەکی هەیە لە سەر نرخی کاڵا و خزمەت، دەشی ئەو کاریگەرییە ئەرێنی یا نەرێنی بێت. لەدوو بۆچوونی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە بازرگانی نێوان وڵاتانی جیاواز بە هۆی نیاز و پێداویستییەکان و ڕێژەی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتی پێویستیان، دێتە کایەوە. لە لایەك کاڵا و خزمەتی بەرهەمهێنراو لە وڵاتێکدا پتر لە ئاستی داوا لە سەر ئەو کاڵایە و پێویستی دۆزینەوەی بازاڕی نوێ، پێك دەهێنێت. لە لایەکی تر نیازی بێ سنووری کڕیار ئەو دەرفەتە بۆ بەرهەمهێنەری کاڵا و خزمەت بەگشتی دەرەخسێنی ،کە بەرهەمەکانی بۆ دەرەوەی وڵات هەناردە بکات. ئاشکرایە داوا لەسەر ئامراز و ئامێر، کەرەستەی خاو و کانزایی، وزە، نەوت، زێر و... هتد بازرگانی نێونەتەوەیی دەهێنێتە کایەوە.

لەبەشی بازرگانی نێودەوڵەتیدا، چەند فاکتەر رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەوانە:

- بارودۆخی سیاسی وڵات.
- بارودۆخی ئابووری وڵات.
- سیستەمێکی ڕێکوپێکی بانکی.
- ڕێبازێکی ئاوەڵەی ڕێکوپێك بۆ پەیوەندی گرتن و سیستەمێکی دابینەی پەسەندکراو.
- بارودۆخی ئاوەدانی وڵات، واتە ڕێگەوبان.
- ڕێژەی دەسڕاگەیشتن بەسەرچاوە سروشتییەکانی وڵات و، شێوازی کەڵك لێوەرگرتن و بەرێوەبردن دابەشکردنیان.
- مەترسی بەشداری بازرگانانی دەرەکی لە وڵاتدا (Country Risk).

وەگەڕخستنی بازرگانی نێودەوڵەتی جگە لە پێویستی پەیوەندی گرتنی بازرگانی و مامەڵەی بازرگانی لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەت دا، تایبەتمەندی خۆی دەوێت و، بازرگان لە پاڵ ئەوەی کە نیازی بە سەقامگیربوونی هەر یەك لەو فاکتەرانەی سەرەوە هەیە، پێویستە ئەو کاڵایەی ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهانی دەکات

، بەپێ پێوەرەکانی نێودەولەتی بی. بارودۆخی سیاسی و جۆری سیستەمی وڵات دەورێکی ئیجگار زۆر لە دیاریکردنی ڕادەی مەترسی بازرگانی نێوەنەتەوەیی وڵاتێکدا دەگێڕێت. ئازادی سیاسی، مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا و ڕۆژنامەوانی و مەودای هەڵسووڕانی حزبەسیاسییەکانی وڵات، دەتوانن لە دیاریکردنی ڕێژەی مەترسی وڵاتێکدارۆڵێکی سەرەکیان هەبێت. هەر چەند ئازادی بیروڕاو هەڵسووڕانی سیاسی مرۆڤ فراوانتر و بەرینتر بێت، بە هەمان ئەندازەش ڕادەی مەترسی بازرگانی نێونەتەوەیی ئەو وڵاتە کەمتر دەبێت. لە حاڵەتێکی ئاوادا بازرگانانی دەرەکی، دەیانەوی پتر بەشداری سەرمایەگوزاری بن لە وڵاتانی تردا.

لە پاڵ سیستمێکی پەسەندکراو لە سەر بنەمای پێوەرەکانی ئازادی و دیموکراسی لە بازرگانی نێونەتەوەیی دا، بوونی ڕێبازێکی ئابووری کراوەی گەلێك گرینگە. جگەلە لەوەی فەرهەنگ و زمان لە سیستمێکی ئابووری دا گەلێك گرینگن، جۆری یاسای و ڕێبازی ئابووری وڵاتێك لە وەرێخستنی بازرگانی نێونەتەوەیی دا دەتوانن ئیجگار گرینگ بن.

لە بازاڕێکی قۆرخکراو (Monopolist Market) دا کە ڕێبازی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتن بە دەست یەك یان چەند ناوەندی دیاری کراوەوەیە، مەترسی بەشداری بازرگانی نێونەتەوەیی لە بازاڕێکی ئاوادا بە ڕادەی سەرەوە نییە. بازرگانانی دەرەکی ئارەزووی سەرمایەگۆزاری لەو سیستمەدا ناکەن.

### نیشانەکانی بازاڕێکی قۆرخکراو ئەمانەی خوارەوەن:

●تەنیا یەك فرۆشیار لە بازارەکانی کاڵا و خزمەتدا هەیە، وەك سیستمی ئابووری وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو.

●هیچ ناوەندێکی دیکە کە بتوانێت ئەو کاڵا و خزمەتە لە بازاڕدا پێشکەش بکات، لە ئارادا نییە.

•بۆ بەشداریکردنی و هاتنە ژوورەوەی ئەو بازاڕە، کەند و کۆسپ ئیجگار زۆر لەسەر ڕێگای فرۆشیار بەئەنقست دروست دەکرێن و، پێشکەشکاری کاڵا و خزمەتی تر ناتوانن بێنە ناو بازاڕەوە.

لە ڕێبازێکی ئاوادا بازرگانانی دەرەکی هیچ دەرفەتێکیان نییە بۆ چالاکی بازرگانی. بە گشتی لەو وڵاتانەی دەوڵەت دەست دەست لە بواری بەرهەمهێنان و بازاڕی کڕین و فرۆشتن وەردەدات، ڕێژەی مەترسی بەشداری بازرگانی دەرەوە بە رادەی سەرەوە نییە.

نموونەیەکی تری سیاسەتی بەرتەسکردنەوەی بەشدار بازرگانانی دەرەکی، کەڵك وەرگرتنە لە سیاسەتی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی و بەرگری کردن لە هاتنەژوورەوەی کاڵای دەرەکی، بە واتایەکی تر (Protectionism Policy) ە. لە سیستمێکی ئاوادا، دەوڵەت بە سنووردارکردن و دانانی یاسای پێش گرتن، رێگە لە هاتنەژوورەوەی بازرگانانی دەرەکی دەگرێت و، بەم شێوەیە هەوڵ دەدات بازاڕی ناوخۆیی لە بازرگانی دەرەوە بپارێزێت. دانانی گومرگی زۆر لە سەر کاڵای دەرەکی یەکێکە لە ئامرازەکانی ئەو جۆرە سیاسەتە. جگە لە ڕێبازێکی پەسەندکراوی سیاسی ئاواڵەی و ئاسانکاری یاسای وڵات، سیستمێکی بانکداری رێکوپێك دەتوانێ رۆڵێکی سەرەکی لە بەرێوەبردنی بازرگانی نیودەوڵەتی دا بگێرێت. کاتێك بەرهەمێنەر یان فرۆشیاری کاڵا یا خزمەت، بڕیار دەدا بەشداربی لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی جیهانی، نیاز بە بوونی سیتەمێکی ڕێکوپێکی بانکی، کە پەسەندکراوی رەوتی دارایی دەرەکی بێ دێتە ئاراوە. دوای ئەوەی فرۆشیار و کڕیار لە بازاڕێکی دەرەکیدا یەکتر دەگرنەوە و، دەیانەوێ بازرگانی لەگەڵ یەکتر بکەن، بانك دێتە ئاراوە. فرۆشیار لە بەرامبەر کاڵادا دراوی لە کڕیار دەوێ و، کڕیارێش دەبێ بڕە دراوی کڕینی کاڵاکە بۆ فرۆشیار ڕەوانە بکات و، گەرانتی گەیشتنی کاڵای لە فەرۆشیار دەوێت. زۆر ئاساییە کە کڕیاری نەتوانی بڕە پارەی کڕینی کاڵاکەی بداتە فرۆشیار، ئالێرەدا بوونی بانکەکان پێویستی سەرەکییە و لەو رووەوە دوو شتی پێویست دێنە ئاراوە:

**یەکەم:**

بانکی فرۆشیار بۆ گەرانتیکردنی گواستنەوەی دراوەکەی، نیازی بە دۆزینەوەی بانکێك هەیە لە وڵاتی کڕیاردا، بە پێچەوانەوە کڕیاریش لە بەرامبەر دراوەکەیدا زەمانەتی بەدەست گەیشتنی کاڵاکەی پێویستە. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی لە نێوان بانکی فرۆشیار و کڕیاردا دروست دەبێت و، هەریەکەیان دەبنە بانکی هاوتای یەکتر. لە دونیای بانکداری بەو جۆرە پەیوەندیە دەڵێین Ccorrespondent bank. هەریەك لەو بانکانە بەرپرسیاریی گواستنەوەی دراو و کاڵاکە وەئەستۆ دەگرن. بانکی کڕیار گەیاندنی بەشە دراوی بازرگانییەکە بۆ بانکی فرۆشیاری کاڵا وەئەستۆی خۆی دەگرێت و، بانکی فرۆشیار پێدانی دراوەکە و گەیاندنی کاڵا بە کڕیار گەرانتی دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش هەر دوو بانك تێچوونەکانی خۆیان بۆ کاروباری گواستنەوەی دراو و گەرانتی کردنی گەیشتنی کاڵا، لە هەردوو لایەن واتە فرۆشیار و کڕیار وەردەگرن.

شێوازی هەڵسووڕانی دراو لە بازنەی دارایی نێونەتەوەییدا جۆراجۆرە، من ئاماژە بە یەکێك لەو شێوازە ناسراوانە دەکەم، کە شێوازێکی ئاسایی بانکییە و ڕێژەی گەرانتی گەیشتنی دراو بە فرۆشیار و کاڵا بە کڕیار، بە بەراورد لەگەڵ شێوازەکانی تر باڵاترەو پێدەوترێت Letter of Credit کورتکراوەکەی LC. یە. لەو شێوازەدا بانکی فرۆشیار داوا لە بانکی کڕیار دەکات بەپێ ڕێکەوتننامەی نێوانیان بەڵگەنامەیەك واتە Letter of Credi بکاتەوە و، بۆ بانکی فرۆشیاری ڕەوانە بکات. بۆئەوەی لە بەڵگەنامەیەکی ئاوادا(LC)، هەموو ئەو شتانەی کڕیار و فرۆشیار لەسەری ڕێککەوتوون دەنووسرێ. دوای ئەوەی ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە، واتە LC یەکە لە لایەن بانکی فرۆشیار و کڕیارەوە پەسەند کرا و، ڕێژە و جۆری مەترسی بازرگانی وڵاتەکانی فرۆشیار و کڕیار تاوتوی کرا، فرۆشیار لە سەر متمانەی

بانکەکەی دەست بەئامادەکردن ناردنی کالآی مامەڵە کراو دەکات. دیارە بەر لە ئامادەکردن و ناردنی کالآ، برە دراوی رێکەوتننامەکە لەلایەن بانکی کڕیارەوە رادەستی بانکی فرۆشیار دەکرێ. فرۆشیار دوای رەوانەکردنی کالآکەی هەموو ئەو برگانەی لە LC یەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، بێ هیچ کەمووکورییەك یەك بە یەك ئامادەیان دەکات و بۆ بانکەکەی خۆی دەنێرێت، بانکیش سێ تا پێنج رۆژی ماوەی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەومەرجانە. ئەگەر هیچ هەڵە و کەموکورییەك لە ئارادا نەبی و جیاوازی لە بەڵگەکانی پێشکەشکراودا نەبینرێ، بانکی فرۆشیار برە دراوی دیاریکراو دوای کەمکردنەوەی حەقدەستی خۆی دەداتە فرۆشیار.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لە پاڵ بوونی شێوازێکی بانکی پەسەندکراو، بارودۆخی ئاوەدانی واتە هاتوچۆ و سیستمێکی رێکوپێکی دابینکاری گواستنەوەی کالآ و مەترسییەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی گەلێك گرینگن.

## مەترسی بەشداری رێژە سەرمایەگوزاری دەرەکی لە بازنە بازرگانی وڵاتاندا یا (Country Risk)

زانستی دیاریکردنی مەترسی بەشداری رێژەی خاوەن سەرمایە، لە بازرگانی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی دەرەکی دا، ئەو لاسەنگی و ناهاوتایی وکورتهێنانی ئەو فاکتەرانە تاوتوی دەکات، کە دەبنە هۆی کشانەوەی سەرمایەی تەرخان کراوی دەرەکی لە وڵاتێکدا. هەموو کڕین و فرۆشتنێك لە خۆیدا مەترسی لەدەستدانی کالآ و دراوی خاوەن سەرمایەی تێدایە، بەڵام کاتێك کڕین و فرۆشتنی کالآ لە سنوورەکانی نێودەوڵەتی تێدەپەڕی، هێندێك مەترسی تایبەت دێنە ئاراوە کە لە رەوتی بازرگانی ناوخۆیی دا بوونیان نییە. ئەم مەترسیانەش ریسکی وڵاتانیان پێی دەڵێین. ئەو مەترسیانەی زانستی ریسك لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات، ئەو مەترسیانەن کە لە ئاکامی هەڵاواردن، جیاوازی گشتی وڵات لە شێوازی داڕشتنی پلان و رێبازی ئابووری، سیاسی، وکۆمەڵناسی ڕامیاریی و بارودۆخی جوگرافیایی و سروشتی و سەربازی و سیاسی دا دێنە ئاراوە.

بەپێی زانستی ریسکی وڵاتان، لەسەر دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوە دەتوانرێ ئاماژە بەو فاکتەرانەی خوارەوە کری، کە وەك پێوەرن بۆ دیاریکردنی و مەترسی بەشداری سەرمایەگوزاری و بازرگانی نێونەتەوەیی:

### • ریسك یا مەترسی ئابووری وڵات:

ئەو بەشە پەیوەندی بە پێوەرەکانی نەریت و جۆر و شێوازی سیاسەتەکانی دارایی و دۆخی خەزێنەی دەوڵەتەوە هەیە. وەك پێوەری ئەندازە و شێوەی خەرج و تێچوونەکان و داهاتی باجی و ڕێژەی قەرزەکانی دەوڵەت، کە دەوری سەرەکی دەگێڕن لە دیاریکردنی ئەندازەی ریسکی وڵاتێکدا. ئاشکرایە پێوەرەکانی دەوڵەت بۆ هەموارکردن و جۆری ئاسانکاری سیاسەتی دارایی بۆ فراوانکردنی ڕێژەی سەرمایەگوزاری، رۆڵی بنەڕەتییان هەیە لە کەمکردنەوەی مەترسی کشانەوەی سەرمایەگوزارانی دەرەکی. لێرەدا دەبێ بۆ ڕاکێشانی خاوەن دراوی دەرەکی و جۆری رەوتی ئابووری وڵات، وەك ئامرازێك ئاماژە بە ڕێژەی قازانجی بەکرێدانی پارە و ئاسایشی گشتی و یاسای سەرمایەگوزاری بکرێ. ڕادەی نزمبوونی قازانجی بەکرێدانی دراو و باجی سەر سەرمایەی دەرەکی، بۆ مەبەستەکانی سەرمایەگوزاری و فەراهەمکردنی ئاسانکاری و ئاسایشی گشتی سەرمایەگوزاری خاڵێکی پۆزیتیڤن بۆ ڕاکێشانی خاوەن دراوی دەرەکی.

## •مەترسی گواستنەوەی سەرمایە

مەترسی گوازتنەوەی سەرمایە، یەکێکە لە فاکتەرەکانی مەزندە کردنی ویستی خاوەن پارەی دەرەکی کە بە تەمای بەشداریکردنی سەرمایەگوزاریە. ئەو مەترسییە لە ئاکامی دروستبوونی یاسای دەوڵەتان دروست دەبێت و، ئەو یاسایان دەتوانن گواستنەوەی قازانج یا کێشانەوەی سەرمایەی خاوەن دراو بخاتە مەترسییەوە و پێش بە گوازتنەوەی دراوەکەی بگرێت.

## •مەترسی گۆرانکاری لە نرخی دراوی بە گشتی :

ئەومەترسییە کتوپڕ و پێشبینی نەکراوە بەهۆی گۆڕینی سیاسەتی کڕین و فرۆشتنی دراوی وڵات دێتە دی، وەك گۆڕینی ڕەوتی کڕین و فرۆشتینی دراو لە نرخێکی نەگۆڕەو بۆ سیستمێکی شەناوەری دراوی. یان لە ئاکامی هەرەسهێنانی ئابووری وڵاتدا، کە سەرچاوەکانی هەلاواردە و جیاواز بن، یا بەهۆی گۆڕانکاری سیاسەت و لاوازبوونی سیستمی بانکی و سیستەمی ئابووری وڵاتانی دەرەکی دێتە دی.

## •کەوتنە مەترسی سەربەخۆیی یان سەقاگیری وڵات

ئەو مەترسییە پەیوەندی هەیە بە بەڵێن و ڕێکوتننامەکانی دارایی دەوڵەتان لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵات. ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت بەڵێنەکانی دارایی خۆی لە دوو بازاڕی ناخۆیی و نێونەتەوەیی بەجێبهێنێت، سەربەخۆیی و سەقامگیربوونی ئەو وڵاتە دەکەوێتە مەترسییەوە و، ریسکی سەرمایەگوزاری دەرەکی زیاد دەکا و خاوەن پارە ئارەزووی هێنان ژوورەوەی سەرمایەکەی ناکات. لەو بەشەشدا سیاسەتی دارایی دەوڵەت و جۆری سیستەمی کڕین و فرۆشتنی دراوی دەرکی و ڕێژەی قەرزەکانی ناوخۆیی و دەرەوە، دەتوانن رۆڵی سەرەکی بگێرن لە سەقامگیر بوون و سەربەخۆیی وڵاتدا.

دروستبوونی مەترسی بۆ دامودەزگای سیاسی وڵات پەیوەندی بە دەستتێوەردان و گۆڕانکاری و رەوتی بەرێوەبردنی وڵاتەوە هەیە.

## •مەترسی ڕووداوە سروشتییەکان

ئایا لە کارەساتەکانی سروشتی دا رێژەی لە مەترسی کەوتنی وڵاتێك چەندە؟ ئایا دەتوانێ کاریگەری خراپی هەبی لە سەر ڕاکێشانی سەمایەگۆزانی دەرەکی بۆ ناو ئەو وڵاتە. بە واتایەکی تر هەموو ئەو فاکتەر و پارامیترە نادارایيانەی ئابووری، کە دەتوانن سەقامگیربوون و سەربەخۆیی وڵات بخنە مەترسییەوە، رۆڵی سەرکی دەگێڕن لە دیاریکردنی ڕێژەی مەترسی سەرمایەگوزاری لە وڵاتدا. نموونەی ڕوونی ئەو مەترسییانە بەرتەسکردنەوەی مەودا و هەڵسووڕانی مرۆڤە واتە کڕیار لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن و دەربڕینی بیروڕای ئازاد و حزبە سیاسییکان. لەکۆتاییدا ڕووداو و بەسەرهاتە سروشتییەکانیش دەتوانن ئامرازی لاوازکردنی داموودەزگای بەرێوەبەری بهێننە گۆرێ.

# فەرهەنگۆکی وشەکان

- زانستی ئابوری: Economics Science
- داهاتی گشتی ولآت، دەرامەتی گشتی: National Incomes
- بەکاربەریی Consumption
- بەکاربەر، بەکارهێنەر، Consumer
- پاشەکەوتکردن، پارە کۆکردنەوە: Saving
- وەبەرهێنان: سەرمایەگوزاری بە مەبەستی وەبەرهێنانInvestment
- باج ، Tax
- هەناردە:Export
- هاوردە: Import
- نرخ، بەها: Price
- ئەندازە، بڕ: Quantity
- پێشکەشکردنی کالآ، پێدان، خستنە بازاڕی کالآ: Suppl
- داوا: داخوازی لەسەر کالآ: Demand
- بەرهەمهێنان:Production
- بەرهەم، کالآی دروستکراو: product

# زانستی وادانان

- ناوەندی لێکۆڵینە و ڕاگەیاندن: Research and Promotion
- کەمیی، کێماسی، کێماسی کالآ لەبازاڕی کڕین و فرۆشتن: Scarce
- چەماوە، هێڵی چەماوە: Curve
- خاڵی هاوتایی، نوختەی هاوسەنگیی: خاڵە یەکتر بڕینی دوو چەماوە Breakeven point
- یەکسان، هاوتا، بەرامبەر: Equal
- بەرابەریی، هاوتایی، یەکسانیی، هاوسەنگیی: Equality
- مکانیزمی بازاڕ، جموجۆڵی بازاڕی کڕین و فرۆشتن: Market Mechanism
- سەرجەمی بەرهەمی وڵات: Gross Domestic Product (GDP).
- سەرجەمی داهاتی وڵات :Gross Domestic Income (GDI).
- کەرتی تایبەت: Privet sector
- کەرتی گشتی:Public se
- سەرمایە: Capital
- کار، ئیش :Labour
- سیستمی باجی بەرەوسەر:Progressive Tax Model
- سیستمی باجی بەرەوژێر: Regressive Tax Model
- ئابووری زەبەلاح:Macroeconomics
- نرخی کەموزۆری بەکاربەری:Marginal Consumption Quote

- نرخی کەموزۆربوونی پاشەکەوت:Marginal Spare quote
- هێڵی ئاسۆیی:Horizontal line
- هێڵی شاوڵی: Vertical line
- سەرجەمیی خەرجی و تێچووەکان: Aggregate Expenditure
- مۆدێلی ئابووری زەبەلاح: Macrocosmic models
- سەرمایەگوزاری خێزان خەرجییەکان: Ex ant
- سەرمایەگوزاری خێزان و بەکاربەری: Ex post
- بێکاری: Unemployment
- بێکاری دەوری، بەهۆی نزمی ئاستی بەرهەمهێنان: Cyclical Unemployment
- بێکاری بەهۆیی پێکهاتەی بەرهەمهێنان: Structural Unemployment
- بێکاریی لەژێرکاریگەریی‌دەست: Classical or Real Wage Unemployment
- بێکاریی وەرزی: Seasonal Unemployment
- بێکاری شاراوە: Hide Unemployment
- کارامەیی بەهەمهێنان Efficiency Productivity
- سیاسەتی کەڵکوەرگرتن لەسوود :Interest discount politics
- سیاسەتی دراو و رۆڵی سوود Monetary Policy and the Role of the Interest
- بابەتی: Abstract
- مەترسی یان ڕیسکی وڵات: Country Risk
- بازارێکی قۆرخکراو: Monopolist Market

- سیاسەتی پاراستنی بازاڕیی کڕین و فرۆشتنی ناوخۆیی: Protectionism Policy
- بانکی کارگوزار، بانکێك کە کاروباری بانکێکی دیکە بەجێدەهێنێ : Ccorrespondent bank
- متمانەی بانکی، بەڵگەنامەی بانکی لە بازرگانی نێونەتەوەیی کەلەنێوان بانکەکاندا بەکاردەهێنرێ و حوکمی دراوی هەیە:

Letter of Credit

## سەرچاوەکان :

## Sources


1. Macroeconomic Analysis 

Edward Shapiro

2. International Economics

Bo Sodersten

3. Economics

Richard G. Lipsey

Peter O, Steiner

4. International Relations

Power and Justice

5. Politics and Markets

The World Political Economic Systems

Charles E. Lindblom

6. De Nederlanse Economie 

Beschrijving, voorspelling en besturing 

Bernard Commpaijen, Reinold van Til

7. Economics and the Public Purpose

John Kenneth Galbraith

8. Morene Economi 1,2,3 

Drs. H. Duijm 

9. De Ontwikkeling Van de Economische Samenleving, 1and 2

Robert L. Heilbroner

10. Macroeconomie

J. Pen and L. J. Van Gemerden